# کارگێڕی کات



نوسینی: ئیبراهیم فەقێ
وەرگێڕانی: وەهاب حەسیب محەمەد

2013

Scanned with CamScanner

پێشکەشە بە:

هەموو ئەو کەسانەی ڕێز
لە ساتەکانی تەمەنیان دەگرن

Scanned with CamScanner

# سوپاس و پێزانین

بەپێویستی دەزانم ئەرك وماندبوونی هەموو ئەو ئازیزانە بەرز ڕاگرم کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە تەواوکردنی کتێبەکەدا هاوکارم بوون:

١- هاوکارانم لە گۆڤاری بڕیار مامۆستایان:

- بەرزان ئەبوبەکر

- پشتیوان عبدالرحمن، کە دیزانی پەرتووکەکەی لە ئەستۆگرت.

٢- بارم سوبحی لە ڕۆژنامەی ئاوێنە، هەڵەچنی پەرتووکەکەی لە ئەستۆگرت.

٣- (چیمەن لە تیف) ی هاوسەرم زۆر کار ئاسانی بۆکردم لە تەواوکردنی پەرتووکەکەدا.

٤- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لاوانی زەنوور، ئەرکی لەچاپدانی کتێبەکەیان لەئەستۆی ڕێکخراوەکەیان نا.

هیوادارم نموونەیان زۆر بێت

(وەهاب)

Scanned with CamScanner




Description

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

لەلایەن ئاڤان بەهجەت کراوە بە pdf
بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە⬇
@tanyahaji22

ئەکاونت⬇

Scanned with CamScanner

# پێڕست


لەجیاتی پێشەکی.......................................٤
دیدی رۆژئاوا بۆ تێگەیشتن لەکات......................٧
ڕاپرسی دەربارەی کات.................................٨
لەسەرەتاوە................................................١٢
بەشی یەکەم: سروشتی کات..............................١٥
بەشی دووەم: چەمکی کارگێڕی کات....................١٨
بەشی سێیەم: بەفیرۆدراوەکانی کات.....................٢٢
بەشی چوارەم: بەربەستەکانی وەبەرهێنانی کات.......٢٥
بەشی پێنجەم: سوودەکانی ڕێکخستنەکانی کات.........٢٧
بەشی شەشەم: هەندێك دانپیانان ڕوونکردنەوەو دەربارەی ڕێکخستنی کات.........٢٩
بەشی حەوتەم: ڕێکخستنی کات............................٣٥
بەشی هەشتەم: قۆناغی جێبەجێکردن....................٤٤
بەشی نۆیەم: چاودێری کارا................................٤٩
بەشی دەیەم: نموونەی ڕاهێنانی.........................٥٣
کۆتایی: کات بریتییە لەژیان................................٧٧
پاشبەند کات گاگێڕی کات..................................٨١
بەرنامەی کارگێڕی کات.....................................٨٥
کارگێڕی قەیران..............................................٩٥




Scanned with CamScanner

## لە جیاتی پێشەکی

کاتێك داوای یارمەتی لە یەکێك دەکەیت یان گەرەکتە لە ئیشێکدا هاوکارت بێت زۆرجار گوێ بیستی ئەم دەستەواژەیە دەبیت، کاتم نییە، هۆکارەکەی چییە؟ لە کاتێکدا پەروەردگار بە شێوەیەکی یەکسان کاتی دابەشکردوە بەسەر بەندەکانیدا، پادشا و گەدا، شالیارو سەرخێڵ، سەرکارو بەرکار .... تاد، هەریەکیان (٢٤)کاژێر کاتی لەبەردەستدایە، ئەمیان وڵاتێك بەڕێوە دەبات، ئەوی کەیان خۆی پێبەڕێوە ناچێت؟

بێگومان سەرەتای کار لە تێڕوانین و تێگەیشتن لەکاتەوە دەست پێدەکات و دواتر چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ساتەکانی بەردەستدا، هیچ کەس و کۆمەڵگایەك ئەگەر تێڕوانینێکی دروستی نەبێت بۆ سەرچاوەکانی بەردەستی ناتوانێت وەك پێویست کەڵکیان لێوەربگرێت، کات یەکێکە لەسەرچاوە دەگمەنەکان کە ناتوانرێت هەڵبگیرێت یان پاشەکەوت بکرێت یاخود دەستی بەسەردا بگیرێت کەواتە (شمشێرە نەیبرِیت دەتبرِێت).

ئەگەر بەچاوی ئاوەز بەناخی خۆماندا شۆڕببینەوە تێدەگەین گشت تەمەنی هەریەکێکمان بریتییە لە: کۆمەڵێك چرکە/ خولەك ... هەرکات توانیمان ئەو چرکەساتانە ڕێکبخەین ئەوکات دەتوانین بەرەوپێش بچین و کایەی ڕکابەری ژیان ببەینەوە، بەڵام واقعی ژیانمان تەواو پێچەوانەی ئەوەمان پێدەڵێت،بۆ؟ چونکە خۆمان(کاتمان/ ژیانمان) ڕێکنەخستوە کەواتە چارەسەر چییە؟ زۆر بەسادەیی بریتییە لە ڕێکخستنی ژیانمان، لە کاتێکدا ئەمڕۆ ئێمە لەلایەك تێکەڵا بەبازاڕو ئابووری جیهان دەبین ( بەهۆی هەبوونی سەرچاوەکانی وزە لە هەرێمەکەماندا) ئەمکارەش وادەکات زیاتر گرنگی بەکات بدەین وکارەکانمان ڕێکبخەین، بەدیوێکی تردا هەستکردن بەگرنگی کات و زۆری کاری ڕۆژانە و زۆربوونی ئەرکی حکومەت بەرانبەر بە هاووڵاتیان و... تاد، وایکردوە کات وەك وانەیەك لە کۆلێژو پەیمانگاکانی هەرێم یخوێنرێت، لێرەوە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێت ئێمە ئەمڕۆ لەهەرکات زیاتر پێویستمان بە تێگەیشتنێکی دروستە لەکات تاوەك پێویست مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. ئەی بۆچی بەوشێوەیە نین؟

ئەوەی بۆ من جێگای سەرنج و هۆکاری قسەکردنە لەکارێکی وەهادا، ئەو ناجۆرییەیە لە تەماشکردن و مامەڵەکردنمانە لەگەڵ کاتدا بە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکیەوە، هەرچی لایەنی تیۆرییە،پاشخانێکی فیکریمان لەو بارەوە نییە شایانی دووبارە خوێندنەوە و هەڵوەستەکردن بێت لەسەر کات، سەرەڕای هۆکارگەلێکی تر کەناکرێت لێرەدا درێژەیان پێبدەم. (هیوادارم کتاوەکەئەو وەڵامە بداتەوە).

هەرچی لایەنە تیۆرێکەیە تەماشای دیاریکردن و شێوازی وتنەوەی وانەی (إدارە الوقت و الازمات) م لە کۆلێژو پەیمانگاکانی هەرێم کردووە (مەنهەجی زیاد لە کۆلێژو پەیمانگایەکم تەواشکردووە) هەست دەکەم گرنگی پێنەدانێك لە دیاریکردنی بەرنامەی وانەکەدا هەیە، چون هەر مامۆستا سەرپشك کراوە لە دیاریکردنی سەرچاوەکانی وانەکەدا هەر کەس و چی بەباشزانیبێت کردویەتی بەبەرنامەی وانەکە» لە یەکێك لە پەیمانگاکانی هەرێم نامەی دکتۆرایەك کرابوو بە بەرنامەی بنەڕەتی وانەکە! تەماشاکە کەسێك هیچ پاشخان و زانیاریەکی ئەوتۆی نەبێت لەپڕ ببرێتە ناو وردەکارێکانی نامەیەکی دکتۆراوە بزانە توشی چی سەراسیماو لێشێوانێك دەبێت؟!» (لەهەر ئیشێکدا خەڵکی ئازادکرا بەخێرایی کەم وکورێکانیان دەردەکەوێت). لەکاتێکدا کاتگێڕی کەوەك زانستێك لە کۆلێژو پەیمانگاکان دەخوێنرێت تەنها بۆ ئەوەنییە بزانرێت کات چییە و...؟ بەڵکو سەرەڕای ناسین و گرنگی کات بۆ ئەوەیە وەك کەسێکی کارگێڕی لە چارەسەری کێشە کارگێڕێکاندا سود لەکات وەربگرێت، تەنانەت لە توانایدا بێت بەماوەیەکی کەم ئاریشەکانی بەڕێوەبردن چارەسەر بکات و نەهێڵێت ئاریشەکە ببێتە کارەسات، بەڵام بەوشێوەیە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر لە دیاریکردنی وانەکەدا نابینرێت.

هەرچی لایەنی پراکتیکیە: ئاشکرایە ئەوەی کە کۆمەڵگای پێشکەوتوو لە کۆمەڵگای پاشکەوتوو جیادەکاتەوە هۆکارگەلێکن، یەکێك لەوانە سود وەرگرتنە لەکات وەك سەرچاوەیەکی دەگمەن، شاراوە نییە ئێمە لەم قۆناغەدا زۆرمان ماوە بگەین بەمەنزڵ، هۆکارەکان فرەن یەکێك لەوانە ئێمە(نەتەوەی کورد) پاشخانێکی گەورەو گرنگمان نییە لەم بارەوە» چون هەمیشە بەچاوی کەم بایەخ دەڕوانینە دنیاو ئەوەی تیایدایە لەکاتێکدا دنیا پێش قیامەتە، کێڵگەی دوارۆژە، لەڕاستیدا لەڕێگای سود وەرگرتن لەکاتەوە دەتوانرێت ماڵی دوارۆژ چراخان و ئاوەدان بێت، ژیان ڕێکبخرێت و ....، ئاینی

ئیسلام زۆر باسی کات و گرنگی کات دەکات بەڵام موسڵمان (نەتەوەی کورد یەکێکە لەونەتەوانە) پابەند نین بەو فەرمایشت و داواکارییانەوە لەکاتێکدا ئێمە بەمانگ و ساڵ باسی کات دەکەین کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان تەنانەت چرکەشیان دابەشکردوە و.....»

ئەوەی بۆمن جێگای سەرنجە ساڵانێکە لێرەو لەوێ بیر لە کات وگرنگی کات کراوەتەوە، چەند کتێبێك لەوبارەوە نوسراون وەرگێردراون و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام هەر یەکێکیان لەگۆشەنیگایەکەوە تەماشای مەسەلەکەیان کردووە. چەندین کتێب و نوسراوم لەسەر کات بینیوەو خوێندۆتەوە، لەم قۆناغەدا بۆیە ئەم نامیلکەیەم هەڵبژارد بەڵکو بتوانم لە هەستی خوێنەرو خوێندەواری کوردزماندا تێگەیشتنێکی دروست لەسەرکات و گرنگی دان بەکات دروستبکەم، دواتر هەنگاو بۆ لایەنەکانی تری ئەم بوارە بنرێت، بۆ تەواوکاری بابەتەکە پاشبەندێکم ئامادەکردووە بەهیوام لە توێی دێڕەکانی ئەم نامیلکەیەدا جێگای خۆیبگرێت.

لەکۆتایدا دەڵێم دەگێڕنەوە پیاوێك ویستی نوێژی نیوەڕۆ بکات ڕویکردە قیبلەو وتی نیەتمە ( دەمەوێت/مەبەستمە) هەشت ڕکات نوێژی نیوەڕۆ بۆخودا بکەم ئەوی تەنیشتی وتی نوێژی نیوەڕۆ هەشت ڕکات نییە و چوارە، کابرا لەوەڵامدا وتی من هەشت ڕکات دەکەم باخودا (نموونەی پاك و بێگەردیە) چوار ڕکاتی هەڵبژێرێت و ئەوی تری بداتەوە بەسەرما، منیش دەڵێم هەر برگەیەکی ئەم نامیلکەیە سودتان لێ بینی دەکاری بێنن لە ژیانی ڕۆژانەداو ئەوی تری بدەنەوە بەسەر خاوەنیدا خودا پشت و پەنای هەموو لایەك بێت.

mhamad_wahab@yahoo.com

٢٠١٢/٨/٤

# کارگێڕی کات

بەرلەوەی گەشتی خوێندنەوە دەست پێبکەیت لەم پەڕانە تێبفکرە:

دیدی ڕۆژئاوایی بۆ تێگەیشتن لەکات:

بەپێی توێژینەوەیەکی کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمریکا لەزانکۆی کۆلۆمبیا، کە لەسەر نزیکەی (٤٠٠٠٠) نەخۆش ئەنجامدرا، دەربارەی ئەو کاتانەی کە نەخۆشەکان لەسەردانیکردنی کلینکی کۆمەڵەکەدا لەچاوەڕوانیدا بەسەری دەبەن، دەرکەوت ماوەکەیان لە (١٠) تا (٢٠) خولەك دەخایەنێت. لێکۆڵینەوەکە ئاشکرایکرد ئەگەر ماوەی چاوەڕوانیەکە لەوە زیاتر درێژە بکێشێ، ئەوا کەمتەرخەمیەکە دەکەوێتە ئەستۆی پزیشکانی کۆمەڵەکە. بۆیە کۆمەڵەکە وای بەباشزانی ئەگەر نەخۆش لەو ماوەیە زیاتر چاوەڕوانیکرد، ئەوا قەرەبووی ئەو ماوە زیادەیەی بۆ بکرێتەوە.

کۆمەڵەی ناوبراو بڕیاریدا: لەدوای (٢٠) خولەك چاوەڕوانی، بۆ هەر خولەکێك (5$) بداتە نەخۆشەکە، هاوکات لە توانای نەخۆشەکەدایە ئەو بڕە پارەتییە بۆ کڕینی دەرمانو پێداویستی پزیشکی بەکاربهێنێت، یان بەشێوەیەکی نەختینەیی وەریبگرێت.

هەروەها، بەپێی ئەو پێوەرانەی کۆمەڵەکە دایناوبوو بڕیاریدا داشکاندن بۆ ئەو پزیشکانە بکات کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشەکانیاندا لەسەرخۆن، دواتر (د.ولیام جاکۆب) سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمریکا لە زانکۆی کۆلۆمبیا ڕایگەیاند: پاش ئەو هەنگاوانەی کە وەك تەواوکارییەکی کار گیرانەبەر، دەرکەوت ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە نەخۆشەکان دەکران باشتربوون.

## تێگەیشتنی ڕۆژهەڵاتیەکان بۆ کات:

لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاماریدا کە دەزگای ناوەندی: بۆ بەڕێوەبردنو ڕێکخستنی کارکەران لە کەرتی گشتی (حکومی) لە وڵاتی میسردا کردوویەتی دەرکەوتووە کە:

(٣٧٪)ی کارمەندان لەکاتی دەوامی یاساییدا دوادەکەون.

(٢١٪)ی کارمەندان بەر لەکۆتایهاتنی کاتی یاسایی شوێنی کارەکانیان بەجێدەهێڵن.

(٢٩٪)ی كارمەندان بێ هۆ كارەكانیان پەكدەخەن.

(٢٧٪)ی كارمەندان لە تەواوكردنی كارەكانیاندا سستی دەكەن.

(٢٠٪)ی كارمەندان لە شوێنی كارەكانیاندا لەگەڵ هاوەڵەكانیاندا شۆخیدەكەن.

(٤٤٪)ی كارمەندان دەستوەردەرێتە پسپۆڕییەكانیانەوە.

(٢٦٪)ی كارمەندان منداڵەكانیان دەهێنە شوێنی كارەكانیان.

(٣٠٪)ی كارمەندان لە شوێنی كارەكانیان پێشوازی لە هاوڕێكانیان دەكەن.

(٤٨٪)ی كارمەندان لە شوێنی كارەكانیان بابەت گەلێك دەخوێننەوە كە پەیوەست نییە بەكارەكانیانەوە.

## ڕاپرسی دەربارەی كات:

ئەم ڕاپرسیە ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت:

☆ شوێنو گرنگی كات.

☆ مەودای بەئاگابوونو وردی لە هەستكردن بەكاتدا.

☆ هەبوونی شێوازێكی نموونەیی بۆ سوود بینین لەكات.

☆ زانینی ئەو هۆكارانەی كات بەفیرۆدەدەن.

☆ ئاشنابوون بەو ئاستەنگانەی دەبنە پێشگیر لەبەردەم بەكارهێنانی كاتدا.

☆ زانینی بڕی كاتی بە فیرۆدراوو كاتی بەكارهێنراو.

☆ دیاریكردنی تێڕوانینێك (بە ڕای تۆ) لە پاشەكەوتكردنی كاتدا.

١- بەبۆچونی تۆكات بریتیە لە:

أ. ئاڵتون ☐

ب. ژیان ☐

ج. شمشێرێكە نەیبڕی دەتبڕێ ☐

٢- كاتی بەفیرۆدراو بێتاقەتت دەكات ئەگەر هەستت پێكرد:

أ. كەم ☐

ب. نەخێر ☐

ج. بەتەواوی ☐

٣- هەست دەکەیت کاتی بە فیڕۆدراو لە ژیانتدا هەیە:
أ. کەم ☐
ب. نەخێر ☐
ج. بەڵێ ☐

٤- ئایا هەمیشە لەسەر کات لێپێچینەوە لەگەڵ خۆتدا دەکەیت؟
أ. کەم ☐
ب. نەخێر ☐
ج. بەڵێ ☐

٥- دواجار کە کاتێکی بەفیڕۆدراوت بەبیرهاتبێتەوە:
أ. بەر لە مانگێک ☐
ب. پێش مانگێک ☐
ج. کەمتر لە مانگێک ☐

٦- بۆ کڕینی چەند شتێکی دیاریکراو دەچیتو تەماشا دەکەیت کەلوپەلەکان بۆ فرۆشتن خراونەتەڕوو:
أ. سەرەتا پێداویستیەکانی خۆت دەکڕیتو پاشان دەچیت بۆ تەماشاکردنی کە لووپەلەکان ئەگەر کاتت هەبوو. ☐
ب. بەردەوام دەبیت لە کڕینی پێداویستێکانت، ئاوڕ لەو کەلووپەلانە نادەیتەوە کە پیشاندراون. ☐
ج. یەکسەر دەوەستیتو ماوەی چارەکە کاژێرێک بەدیار کەلووپەلە پیشاندراوەکانەوە دەمێنیتەوە. ☐

٧- ئەگەر ویستت کارێک ئەنجام بدەیت:
أ. بە هیوای پاشەکەوتکردنی کات ڕاستەوخۆ ئەنجامی دەدەیت ☐
ب. بەر لە جێبەجێکردن بەمەبەستی ڕێکخستن پێویستت بەکاتە ☐

٨- کاتێک لەناو هۆکارێکی گواستنەوەدایت (ئوتومبێل، شەمەندەفەر، ...تاد):
أ. بە ڕووماڵکردنی دەمو چاوی گەشتیارانەوە سەرقاڵدەبم. ☐
ب. بە خوێندنەوەی کتێبێک یان ڕۆژنامەیەکەوە سەرقاڵدەبم ☐
ج. (گەلێک شتی تر) ئەوەی دێتەوە بیر..................................

٩- ئایا پێشوەخت بەرنامەیەکی ڕۆژانەت هەیە:

أ. کاتێك سەرقاڵی ☐

ب. هەموو کات ☐

ج. نەخێر ☐

١٠- لەناو (ئیشەکەتدا) لە سەرەتای کاردا

أ. ئەوە جێبەجێدەکەیت کە کارەکانت داوایان لێکردویت. ☐

ب. ئەوە دەنوسیتەوە کە لە سەرەتای ڕۆژەوە لێت داواکراوە. ☐

١١- کاتێك کارەکەت تەواو بوو.

أ. ئەو کارانە یاداشت دەکەم کە دەستم پێنەکردوە، لەپاڵ کارەکانی سبەینێدا ڕیزبەندی دەکەم ☐

ب. گرنگی بەو کارانە نادەم چونکە جۆرێکن لە بەربەست ☐

ج. (گەلێك شتی تر) ئەوەی دێتەوە بیرم ☐

١٢- (شێوازی نموونەیی) لە دیدی تۆوە بۆ پاشەکەوتکردنی کات

أ. نەبوونی بەرنامەیەك بۆ کاری ڕۆژانە ، نەبوونی کاتی بەفیڕۆدراو ☐

ب. دانانی بەرنامەیەك بۆ کاری ڕۆژانەت ☐

١٣- بە باوەڕی تۆ کاتەکانت پاشەکەوت دەکەیت بە شێوەیەکی:

أ. نموونەیی ☐

ب. مامناوەند ☐

ج. لاواز ☐

١٤- لە نەریتەکانی ڕۆژانەت تایبەت بەکات:

أ. بەرایی کاتەکانت پاشەکەوت دەکەیت بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی یان خۆ ئامادەکردن بۆ کار.

ب. پێش کاژیر (١٠)ی شەو دەخەویت ☐

ج. دوای کاژێر (١٢)ی شەو دەخەویت ☐

١٥- ئەو کاتانەی هەفتانە لە کۆبونەوەدا خەرجیدەکەیت بریتیە:

أ. ٨٠٪ کاتی بەردەست پێکدێنێت □

ب. ٦٠٪ کاتی بەردەست پێکدێنێت □

ج. کەمتر ٦٠٪ لە کاتی بەردەست □

١٦- زۆرترین ئەو ئاستەنگانەی کە پێشگرن لە پاشەکەوتکردنی کاتەکانتدا:

أ. ئاستەنگی (بەربەستی) کەسێتی □

ب. ئەو ئاستەنگانەی پەیوەستن بەکارەوە □

ج. ئاستەنگی ژینگەییو کۆمەڵایەتی □

ه. ئەو ئاستەنگانەی پەیوەستن بە باوەڕەوە □

و. ئاستەنگە کارگێڕێکان □

١٧- ڕێژەی کاتی بەکارهاتوو (بەتەواوی) لای تۆ بریتیە لە:

أ. کەمتر ٣٠٪ □

ب. کەمتر ٦٠٪ □

ت. کەمتر ٨٠٪ □

پ. کەمتر ١٠٠٪ □

١٨- بەبـاوەڕی تۆ، ئەو واقیعەی ئێمە تیایدا دەژین، دەتوانین تیایدا سـود لەکات وەرگرین.

أ. بەشێوەیەکی ڕێژەیی □

ب. نەخێر □

ت. باوەڕم وایە □



Scanned with CamScanner

## لەسەرەتاوە

ڕۆژەکان دووبارە دەبنەوە، کاتەکان بەخێرایی بەسەرماندا تێدەپەڕن، وەك کەسێك کە چاو دەبڕێتە تۆپێکی سوڕاوەو وادەزانێت وەستاوە. بەدووبارە بونەوەی کاتەکان بە شوێن یەکتردا سەرسامین، یان وەك:کەسێك کە لە ڕووبارێکدا خۆی پاك دەکاتەوەو ناتوانێت لەنێوان ئەو ئاوەی بەسەریدا دەڕواتو ئەو ئاوەی لێی جیادەبێتەوە جیاکاری بکات، بەڕاستی ئێمە لەنێوان بێئاگاییو متبونێکی قوڵداین.

ئەوەی شاراوە نییەو لای هەموو کەسێکی خاوەن ئاوەز ئاشکرایە، ئەوەیە کە قورئانو سوننەتەکانی پەیامبەر ئەوپەڕی گرنگیان بە کات داوە، لە بەراییدا گرنگی کاتیان باسکردوە، کە یەکێکە لە گرنگترین بەخششەکانی پەروەردگار بۆ بەندەکانی. بەمەبەستی پیشاندانی گرنگی کات، خودای دلۆڤان لە سەرەتای زۆرێك لە سورەتەکانی قورئاندا سوێندی پێدەخوات وەك سوێندی خودا بە: شەو، ڕۆژ، بەیانی، چێشتەنگاوو عەسر.

ئەوەی لای ڕاڤەکارانی قورئانو شیکارانی فەرموودەکانی پەیامبەرو تەنانەت لە دیدگای هەموو موسڵمانانیشدا زانراوە ئەوەیە کاتێك خودا سوێند بەیەکێك لە دروستکراوەکانی دەخوات، دەیەوێت سەرنجی مرۆڤەکان بۆ لای ئەو دروستکراوە ڕابکێشێتو لە سودە ئاشکراکانیو گەورەیی کارکردی ئەو دروستکراوانە ئاگادارییان بکاتەوە.

لە سوننەتەکانی پەیامبەردا جەخت لەسەر بەهای کات کراوەتەوە، هاوکات بەرپرسیارێتی ئادەمزاد سەبارەت بەکات لە ڕۆژی دواییدا بەرانبەر خودا باسکراوە. وەك لە (مەعازی کوڕی جەبەل)ەوە دەگێڕدرێتەوە، کە پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: هیچ کەسێك ناچێتە بەهەشتەوە تا دەربارەی چوار خەسڵەتی پرسیاری لێنەکرێت: چۆنیتی بەسەربردنی تەمەنیو تافی گەنجێتی، پەیداکردنو خەرجکردنی ئەو ماڵەی بەدەستی هێناوە، هەروەها کارکردنی بە زانستو زانیارێکانی.

بەم شێوە ئادەمزاد دەربارەی هەموو تەمەنی پرسیاری لێدەکرێت، بەتایبەت دەربارەی گەنجێتی، چونکە لاوێتی بەشێکە لەتەمەن، بەڵام بەهایەکی تایبەتی هەیە

لەبەرئەوەی ساڵانێکە پڕە لە بەهاو بەخشندەیی‌و چالاکی.

کات چەندین تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە، کە پێویستە باسبکرێن‌و بناسرێن. کات بەخێرایـی بەکۆتـا دەگات، وەك خێرایـی هەور، وەك خێرایی بـا دەگوزەرێت، دەزانیـن هەرکاتێك ڕۆیشـت ناگەڕێتەوە، ئەمەش یەکێکە لـە تایبەتمەندێکانی کات، هەموو کاتێك دەڕوات، گشت کاژێرێك تەواو دەبێت‌و هەموو چرکەیەك بەکۆتا دەگات، لە توانادا نییە بگێردرێتەوەو ناتوانرێت قەرەبوو بکرێتەوە.

لەکاتێکدا کات بەخێرایی کۆتایدێت‌و ناگەڕێندرێتەوەو قەرەبوو ناکرێتەوە، کەواتە دەگمەنترین سـەرمایەی ئادەمزادە، دەگمەنیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی: دەکرێت بە دەفرێـك ناوزەد بکرێت کە هەمـوو کردەوەو بەرهەمەکانی مرۆڤی تیادا کۆدەبێتەوە. لەڕاستیدا سەرمایەی ڕاستەقینەی هەموو تاك‌و کۆمەڵگایەکیشە.

## پرسیارێکی گران

چیدەکەیت ئەگەر بۆت ئاشکرابوو کە تەنها شەش مانگی تر لەسەر زەوی دەژیت؟!

لەوانەیە پرسیارەکە جۆرێك لە ڕەشبینی‌و نامۆیی تێدابێت، تەنانەت ڕەنگە ئازار بەخشیش بێت، بەڵام هەندێك ڕاستی دەردەخات.

بیـرت کردۆتــەوە ئەو ماوەیەی لە تەمەنت ماوە لەگەڵ کێدا بەسـەری دەبەیت؟ چۆن دەیگوزەرێنیت؟ بۆ تەواوکردنی کام لە ئیشەکانت پەلەدەکەیت؟

چ کارێك بەخێرایی تەواودەکەیت، یان ڕێکیدەخەیت یاخود چاکیدەکەیتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لایەنێکی تاریك لە بیرکردنەوەت ڕۆشندەکاتەوە.

وەڵامی پرسـیارەکە پێتدەڵێ کارگەلێك هەن پێویسـتە تـەواو بکرێن، هەڤاڵانێك هەن پێویسـتیان بە ئاشتبوونەوە هەیە، خزمانێك هەن ڕۆژگارێك گوزەراوە بێئەوەی ئاوڕیان لێدرابێتەوە.

وەڵامی پرسـیارەکە وات لێدەکات تەماشای شتگەلێکی گرنگ بکەیت‌و بترسیت کە ژیانت تەواوبێت، بەرلەوەی تەواویان بکەیت‌و بەکۆتایان بگەیەنیت.

بەداخێکی زۆرەوە کەسـانێك بەشێوەیەکی لەناکاو خۆیان ڕێکدەخەن، وەك ئەوەی لـە دۆخێکی لەناکاو یـان لەکاتی مۆڵەتدابن، چەندێك شـتەکانی ژیانمان ون دەبن‌و لەسێبەری ئاژاوەی ڕۆژانەی ژیانی ئازار بەخشماندا کەنارگیر دەکرێن.



Scanned with CamScanner

ڕۆژێك هاوڕێیەکم سەردانی کردمو بە ورەیەکی بەرزەوە هەواڵی نوسینی کتێبێکی پێدام، منیش لێم پرسی کەی دەست بە نوسینەوەی دەکەیت؟ لەوەڵامدا وتی پاش دوو ساڵی تر کتێبەکەم تەواودەکەم!!

پرسیم؟ ئایا کتێبەکەت بەسوودەو بۆ خەڵکی سوود بەخشە؟

وەڵامی دامەوەو وتی بێگومان بەدڵنیاییەوە.

پرسیم: بۆچی دوو ساڵ چاوەڕێ دەکەیت ئەگەر نوسینەکەت هێندە گرنگو بەسودە؟

وەڵامێکی ئاشکرا (بەناوبانگ)ی دامەوە: چونکە کاتی پێویستم نییە.

ئەمە نموونەیەکی تری ئەوانەیە بیرۆکە جوانەکانیان لەناو ئەوەی پێیدەگوترێت (بەندی کات)، بەند دەکەن.

ئەوان پرۆژەکانیان، بیرۆکەکانیان، ئەرکەکانیان، دوادەخەن لەبەرئەوەی کاتیان نییە، تا کاتی گونجاوییان دێتەبەر دەست، بەو هۆیەوە لە چاوەڕوانیەکی هەمیشەییو دواخستنێکی بەردەوامدان.

**بیرت بێت**

**هیچ کاژێرێك لە ڕۆژگارت (کاتەکانت) ناگوزەرێت تا پارچەیەك لە تەمەنت نەبات.**

## بەشی یەکەم:

## سروشتی کات:

لەکاتێکدا لە کوشتن‌و بە فیرۆدانی کاتدا هونەر دەنوێنین، هەرچەندە بەنرخترین سەرمایەی ژیانمان کاتە، کەچی لە کوشتن‌و بەفیرۆدانیدا زیادەڕەوی دەکەین، بێئەوەی پێبزانین کە ئێمە لەڕاستیدا خۆمان دەکوژین، کەواتە وەك دەڵێن، کات بریتیە لە ژیان.

باوەڕێکی پڕوپوچ لەناو خەڵکیدا بڵاوە ئەوەش بریتییە لەوەی: کاتم نییە. کەسانێك دەبینین دەڵێن: ڕۆژێك دادێ ئەگەر کاتی پێویستم هەبوو، هەموو ئەو کارانە تەواودەکەم کە بەجێم نەگەیاندوون. کاتێك مۆڵەت وەردەگرم، یان کاتێکی زیاتر لەگەڵ خانەوادەکەمدا دەمێنمەوە، یاخود ئەو کاتانەی کتێبێك دەخوێنمەوەو وەرزشی تیادا دەکەم. بەڵکو کەسانێك هەن پێیانوتووم (نووسەر) کە (٢٤)کاژێر بەس نییە بۆ ئەوەی کارێکی تیادا ئەنجام بدەم! بەڕاستی؟ گرفتێك هەیە لە ژمارەی کاتژمێرەکانی ڕۆژدا، تابەشێوەیەك ئەو کاتانەی پێویستن لە بەردەستمانە نەتوانین ئەرکەکانی سەر شانمانی تیادا تەواو بکەین، یان گرفتێك هەیە لە ڕێکخستنی کاتەکانماندا کە ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی شارەزایانە بەکاریان بهێنین؟

لەو شتانەی بە هەموو کەس ئاشنایە ئەوەیە، ئێمە هەمومان: دەوڵەمەندو هەژار، دڵخۆش‌و ناشاد، سەرمایەدارو ئەو کەسەشی لەزبڵداندا خاشاك کۆدەکاتەوە، لە ڕۆژێکدا خاوەنی (٢٤)کاتژمێرین. هەمووان لەو کاتانەی پێماندراوە یەکسانین، بەڵام لە چۆنێتی خەرجکردنی ئەو کاتانەدا زۆر جیاوازین.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە شــارەزایەکی ئەمریکی ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە کەسێکی ئاسایی کاتەکانی بەم شێوەیە لە چالاکی ڕۆژانەدا تەواودەکات:

ئەگەر ناوەندی تەمەنی کەسێك (٦٠) ساڵ بێت:

| کاتی پێویست | چالاکییەکان |
|---|---|
| هەشت ڕۆژ | توندکردنی پێڵاوەکان |
| یەك مانگ | چاوەڕوانی ئامازەکانی پۆلیسی هاتووچۆ |
| یەك مانگ | ئەو کاتانەی لە سەرتاشخانە دەگوزەرێت |
| سێ مانگ | سەرکەوتن بە ئاسانسوار (مصعد)دا لە شارە گەورەکان |
| سێ مانگ | پاکردنەوەی ددانەکان بە فرچەی دان |
| پێنج مانگ | چاوەڕوانی بارهەڵگرەکان (لەشارە گەورەکاندا) |
| شەش مانگ | ئەو کاتانەی لە حەمامدا بەسەری دەبەیت |
| دوو ساڵ | خوێندنەوەی کتێب |
| چوارساڵ | ئەو کاتانەی لە نان خواردندا دەگوزەرێت |
| نۆ ساڵ | پەیداکردنی ڕۆزی |
| بیست ساڵ | ئەو کاتانەی بەخەوتن تەواوی دەکەین |

لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە: ڕۆژانە مرۆڤ تەنها چوار خولەك لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەگوزەرێنێت، تەنها نیوخولەکیش گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکانیدا دەکات. بەپشت بەستن بەو لێکۆڵینەوەیە دەتوانین بڵێین ئادەمزادێك کاتێك (٨٠) ســاڵی تەمەن تەواودەکات، بەتەنها (٢٤٠) کاژێر واتا (١٠) ڕۆژی بە گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکانیدا تەواو دەکات.

مەبەست (ناوەڕۆك)ی ئەم ئامارە چییە؟ ئەوەی دەمەوێت بیڵێمو سەحی کەمەوە، ئەوەیــە گرفتــی بنەڕەتی ئێمە لە نەبوونی کاتی تەواودا نییە بۆ تەواوکردنی ئەوەی دەمانەوێــت بیکەین، بەڵکو گرفتەکە لــە بەکارنەهێنانی کاتەکاندایە بەشــێوەیەکی نموونەیی، تا ئەوەی دروستە ئەوە بکەین.

✔ (سەح) وشەیەکی کوردی پەتیەو دووورە لە (صح)ی عەرەبیەوە "وەرگێڕ"

خــۆ ڕزگارکردن لەو بیرۆکــە پڕوپوچەی کە دەڵێین: کاتی تەواومان نییە، یەکەم

وێستگەیە کە بەرەو: ژیانی ڕێکخراو، بەکارهێنانی کات بەشێوەیەکی نموونەیی، ژیان بەشێوەیەکی گشتی، دەمانبات.

کات وەك ئاسن وایە، چەندێك کۆشش بکەین لە بەڕێوەبردنو ڕێکخستنو بەکارهێنانیدا، ئەوا ئەوەندە بەهای کاتەکە زیاتر هەڵدەکشێت.

☆ نرخی تولێکی ئاسن چەندە؟!

- شولێکی خاوی (دەست لێنەدراوی ئاسن): تەنها (5$)ە.
- لقێکی دروستکراوی ئاسن لە شێوەی ناڵی ئەسپ: تەنها (١١$)ە.
- لولەیەکی ئاسن دروستکراو لە شێوەی دەرزی: تەنها (٣٥٥$)ە.
- شولێکی ئاسن دروستکراو لە شێوەی چەقۆ: یەکسانە بە (٢٢٨٥$).
- لولەیەکی ئاسن لە شێوەی (زەمبەلەك) سپرینگی کاژێر: تەنها بە (٢٥٠٠٠٠$)ە.
- ئەرکی گەورە دەتوانرێت لەوەدا کورت بکرێتەوە، کە ئادەمزاد تا چەندێك دەتوانێت بە لێهاتوویی کاتەکانی تەواو بکات.

پێوەری پێشکەوتنی گەلانو بوژانەوەی ژیارو پێشکەوتنیان بریتیە لە: باش بەکارهێنانو بەڕێوەبردنی ساتی تاکەکانی کۆمەڵگا.

ئاستی بەرهەم هێنانی کرێکارێکی یابانی یان ئەمریکی، لە ئاستی بەرهەم هێنانی کرێکارێکی وڵاتانی تازەوەخۆ کەوتوو زۆر زیاترە، کە لەکۆتا ئاماردا بە (٣٦) خولەك لە ڕۆژێکدا خەملێنراوە.

☆ تایبەتمەندێکانی کات:

- گرانترینو دەگمەنترین سەرمایەی ئادەمزادە.
- سەرچاوەیەکی دیاریکراوو سنوردارە.
- ناتوانرێت قەرەبوو بکرێتەوە.
- بەخێرایی دەگوزەرێت.
- باش بەکارهێنانی کات لە بەهاکەی زیاد دەکات.
- کاتی بەسەرچوو ناگەڕێتەوە.

☆ قسەو بۆچونی هەڵەی پێشینان لەسەر کات:

- باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی بەرهەمت زیاتر بێت ئەوەیە هەمیشە چالاکو سەرقاڵ بیت.
- ئەگەر کار بکەیت باشتر بەسەر ماندوێتیدا زاڵدەبیت.
- ئەگەر مەبەستە کارێکی ورد بکەیت، خۆت ئیشەکە تەواو بکە.
- زۆربەی کارەکانی رۆژ پێویستیان بەنەخشەکێشان نییە.
- ئەگەر وەك پێویست بەئەرکەکانت هەستای، ئەوا ساتەکانی ژیانت بەشێوەیەکی باش بەکاردەهێنیت.
- بنەمایەکی گرنگ:

کارێکی لەبنەڕەتەوە دروست بایەخی لە کارێك زیاترە کە بەشێوەیەکی دروست بکرێت.

**بیرت بێت:**
**شەوو رۆژ کارت لێدەکەن، تۆش کاریان تیادا بکە. شەوو رۆژ کاتت لێوەردەگرن، تۆش سودیان لێوەربگرە.**



Scanned with CamScanner

## بەشی دووەم:

## چەمکی کارگێڕی کات (کاتگێڕی):

١- کارگێـڕی کات واتـا خۆبەڕێوەبردن، ئـەم کارەش جۆرێکە لە خۆ بەڕێوەبردن لەلایەن خودەوە.

٢- کاتگێـڕی بریتیە لە بەڕێوەبردنی ئیشـەکانمان بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لە مـاوەی دیاریکراوی بەردەسـتدا، ڕۆژانە (٢٤)کاژێرمان هەیە، با لـە کورترین ماوەدا کۆششـی خۆمان بکەین، پاشان ئەو کاتانەشی دەمێنێتەوە بۆ داهێنانو پلانی داهاتوو پشوودان تەرخانی بکەین.

- گومانـی تیادا نییـە هەمووان لە زۆری کاری ڕۆژانەو کەمی ماوەی بەردەست گازندە دەکەین.
- کاتم نییە (دەسـتەواژەیەکە) زۆر گوێبیستی دەبینو گەلەك جاریش دووبارەی دەکەینەوە.
- هەمووان ڕۆژانە خۆزگەی (٢٤)کاژێری تر دەخوازین، ئەمەش مەحاڵە.
- دوای هەموو ئیشێکی گران (دەڵێین): لەم ژیانەدا ئیسراحەت نییە.
- کاتمان بۆ خۆمان نییە، تەنانەت بۆ ماڵو منداڵیش.

| چارەسەری هەموو ئەمانە لە کاتگێڕیەکی ڕاستدایە |
| --- |

٣- بەڕێوەبردنی کات بریتیە لە: هەوڵێك بۆ دەستەمۆکردنی کاتو دەست بەسەراگرتنی، لەبری ئەوەی کات بەسەرماندا زاڵبێت.

- هەمووان ڕۆژانە ئیشدەکەین، بەڵام کاممان بە ئاراستەیەکی ڕاستدا کاردەکەین؟
- زۆر سەرقاڵم (دەستەواژەیەکە) گەلەك جار دەیڵێینەوە، لەکاتێکدا دەبوو کارێکی گرنگ بەکۆتا بگەیەنین، کەچی هێشتا تەواومان نەکردوە!
- کارە ڕۆتینیە بێ سودەکان بەشێکی زۆری کاتەکانی بەردەستمان دەبات.

| چارەسەری هەموو ئەمانە لە کاتگێڕیەکی ڕاستدایە |
| --- |

٤- بۆ سوود وەرگرتن لەكاتی بەسەرچوو و بەكارهێنانی بەشێوەیەكی باش:

- زۆر سەرقاڵم كاتم نییە بۆ ئەزبەركردنی قورئان.
- هەمیشـە شتگەلێكی زۆر گرنگ هەیە،كاتم نییە بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەو خۆ ڕۆشنبیركردن.
- كات زۆر بەخێرایی دەگوزەرێت، ناتوانم هەموو ئەوەی دەمەوێت بینوسم.

| چارەسەری هەموو ئەمانە لە كاتگێڕیەكی ڕاستدایە |
|---|

٥- زاڵبون بەسەر ماندبوونو بێزاریدا، هۆكارن بۆ كەمكردنەوەی توانای كاركردن.

- لە كۆتایی ڕۆژدا هەموو دەگەڕێینەوە بۆماڵو هزرو جەستەمان داهێزراوو ماندووە.
- بێزاربووم، كاتم نییە هەموو ئەو كارانە تەواو بكەم.
- كاتێك شەكەتیو بێزاری زیاد دەبێ، توانای كاركردن كەمدەكات.

| چارەسەری هەموو ئەمانە لە كاتگێڕیەكی ڕاستدایە |
|---|

هەمیشە لەبیرت بێت:

- كاتگێڕی كێشەیەكی خودییە پێویستە لەگەڵ سروشتو بارودۆخی ژیانتدا گونجاو بێت.

ئایا دەزانیت:

ئەگەر بەشێوەیەكی دروست كاتە بەفیرۆدراوەكان بەكاربهێنیت، ئەوا كاتگێڕییەكی دروست لە ژیانتدا چەندین كاژێری زیادە دەخاتە سەر خەرمانی تەمەنت.

- پاشەكەوتكردنی (١٥) خولەك لە هەر ڕۆژێكدا، واتا زیادكردنی (١٣) ڕۆژی كاركردن لە هەر ساڵێكدا.
- ئەگەر (٣٠) چركە لەهەر ڕۆژێكدا پاشەكەوت بكەیت، واتا لەهەر ساڵێكی كاركردندا (٢٦) ڕۆژت پاشەكەوتكردوە.
- واتای ئەمانە پاشەكەوتكردنی مانگێكی ئیشكردنە لەهەر ساڵێكی كاركردندا.

| بیرت بێت |
|---|
| كاتەكانت چركەساتەكانی تەمەنتە، لە كاری بێبەردا بەفیرۆی مەدە |



Scanned with CamScanner

## بەشی سێیەم: بەفیرۆدراوەکانی کات:

هەموو ئەو ژیارانەی مرۆڤ بنیاتی ناوە، جەختیان لەسەر گرنگی کات کردۆتەوە. گشت فەیلەسوفو دانایانی جیهان، لە بەکەم گرتنو بەفیرۆدانی کات هۆشداریان داوە. لە ئاینی پاکی ئیسلامدا دەبینین پەیامبەر (درودی خودای لێبێت) بەشێوەیەکی گەورە جەختی لەسەر مەترسی کات کردۆتەوە، ئەوەتا دەفەرموێت: دوو نیعمەت (خۆشی) لە زۆر کەس شاراوەن: لەش ساغیو بەتاڵی.

مەبەستی پەیامبەر ئەوەیە ئەو دوو نیعمەتە کە پەروەردگار وەك بەخششێك بە مرۆڤی بەخشیوە: تەندروستیو کات، خەڵکی بەشێوەیەکی نموونەیی بەکاریناهێنن.

دانایەك نابینرێت کاتەکانی بەبادا بدات، گاژێرەکانی تەمەنی بە فیرۆبدات، چونکە لەڕاستیدا ژیانی خۆی دەکوژێت. وەکو زانای ناسراو (حەسەنی بەسری) دەڵێت: ئەوەی ئادەم، ژیانی تۆ بریتیە لە ڕۆژگار، کاتێك ڕۆژێك دەگوزەرێت ئەوا هەندێك لە "تەمەنت" ڕۆیشتوە، دانا ئەو کەسەیە کە کاتەکانی بەشێوەیەکی نموونەییو ڕێك بەکاردێنێت، ڕێگە نادات وردەکارییەکانی ژیان سەرقاڵی بکەنو تەمەنی داگیر بکەن.

بۆچی کاتەکانمان بەفیرۆ دەدەین؟

ئەگەر کات بەلای ئادەمزادەوە کرۆکی کارەکان بێت، ئیدی بۆچی مرۆڤەکان زۆربەی کاتەکانیان بەفیرۆدەدەن؟!!

کاتێك تەماشای حاڵی خەڵکی دەکەین، دەبینین بەشێوەیەکی کاریگەر دوو هۆکاری گەورە ڕۆڵی سەرەکیان لە بەفیرۆدانی کاتدا هەیە، ئەوانیش (بەهاو، دابو نەریت)ن.

خوێنەری خۆشەویست تۆ بیروباوەڕەکانت لە دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە وەردەگریت، ئەوانەش:

دایكو باوك: بەگوێچکەتدا چرپاندویانەو شێوازەکانی چۆنێتی بەکارهێنانی کات پێ ڕاگەیاندوی، هەروەها جۆری مامەڵەی خۆیان لەگەڵ کاتدا. تێبینی کراوە ئەو خانەوادانەی کە ڕێکخستنی کاتو بەکارهێنانی کات بەشێوەیەکی نموونەیی لە گیانی ڕۆڵەکانیاندا دەچەسپێنن، ئەو دایكو باوکانەن کە بەشێوەیەکی ڕێكو گونجاو کاتەکانیان دەگوزەرێنن، بۆیە نەوەکانیان هەستکردن بەگرنگی کاتو بەکەم سەیرنەکردنی کاتیان لا دروست دەبێت. بەپێچەوانەی ئەو خانەوادانەوە کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکیانە مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکەن، بە پێچەوانەی میلی کاژێرەوە دەستو پەنجە لەگەڵ کاتدا نەرم دەکەن، بەهەمان شێوەی خۆیان بەکەم زانینی کات لە ناخی ڕۆڵەکانیاندا دەچێننو بەهای ڕاستەقینەی کاتیان لادەکوژن.



Scanned with CamScanner

دەوروبەر: ئەندامانی خێزان، هاوسێ ماڵەکان، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، بەکورتی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژین ئەگەر باوەڕی بەگرنگی کات نەبێت، ئەوا تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ کاتدا کەسانێکی گونجاو نابن.

بەداخێکی زۆرەوە ئێمە بەو بەهاو باوەڕانەوە دەژین کە جێماوی ژینگەو خانەوادەکانمانە، بەشێوەیەکی نائاگایانە لە نەستی نەوەکانماندا دەیانچێنین، کە دواتر دەبێت بە میراتێکی قورسو گران، دەبێت بە ئاستەنگێك لەبەردەم بەرەوپێشچوونو پێشکەوتندا.

بۆ ئەوەی لە بازنەیەکی بەتاڵدا نەخولێینەوە گرنگترین هەنگاو بۆ تێکشاندنی ئەو بەهاو باوەڕانە ئەوەیە کە: باوەڕمان وابێت گرنگترین شت کە ژیان پێیبەخشیوین: کاتە.

دوای باوەڕو بەهاکان هۆکارێکی تری گرنگ لە بە فیرۆدانی کاتدا بریتیە لە:

تێڕوانینی خراپ بۆ خود:

لەڕابردوودا تاچەندێك لەسەر دابو نەریتی (ئەرێیەتیو نەرێیەتی) ڕاهێنراویت، کە وەرگیراوی زادەی ژینگەو خانەوادەکەتە، ئەم پرۆگرامانە لە باوەڕتو لە بێتوانایی تۆدا لەڕێکخستنی کاتدا کارییان کردوە، هەروەها لە مامەڵە کردنت بەشێوەیەکی (ئەرێیەتی) باش لەگەڵ میلی کاژێردا.

کاتێك ویستبێتت ژیانت ڕێکبخەیتو بە لەپێشترینیان دەست پێبکەیت، ئەم بەهاو باوەڕانە چۆن لەبەر دیدگاتدا دەردەکەون، هەست دەکەیت ئیرادەت قورسو گران دەبێتو گرانی ئەوکارەت وەپێش چاو دەخات؟

دەگەڕێمەوەو دووبارەی دەکەمەوە کە وەستان لەبەردەم ئەو شەپۆلە نەرێیەتییەی هزرو ڕووبەڕووبونەوەی، پەیوەستێکی ڕاستەقینەیە بە فێربوون، هەروەها جێبەجێکردنی تەنها ڕێگایە بۆ لەناوادنو تێکشاندنی ئەو نەریتە خراپانە.

ئێستا دەستنیشانی بکە بۆچی کاتەکانت بەفیڕۆ دەدەیت:

١. ..............................

٢. ..............................

٣. ..............................

| بیرت بێت |
|---|
| هەرکەسێك بەکارێکی گرنگەوە خەریك نەبێت گرنگترین لە دەست دەدات |



Scanned with CamScanner

## بەشی چوارەم:
## ئاستەنگەکانی (بەربەستەکانی) وەبەرهێنانی کات

لەڕاپرسیەکەدا کە لەگەڵ کۆمەڵێك کەسدا کراوە کە لە بوار گەلێکی جیاوازدا کاردەکەن، لەدیدگای ئەوانەوە دەرکەوتوە ئاستەنگەکانی وەبەرهێنانی کات بریتین لە:

یەکەم: ئەو ئاستەنگانەی پەیوەستن بە باوەڕەوە

- زۆری تاوانو یاخیبوون.
- پەیوەندی ناجۆر (خراپ) لەگەڵ خودادا.
- لێنەپرسینەوەی دەروون.
- هەوڵەکانی ئەهریمەن (شەیتان) بۆ دورخستنەوەی مرۆڤ لە هەموو چاکەیەك.
- سستی نواندنو دواخستنی کاری ئەمڕۆ بۆ سبەینێ.
- بیرچونەوەی گرنگیو بەهای کات.
- (ساردبوونەوە) لە جێبەجێکردنو تەواوکردنی ئیشەکاندا.
- (ئارەزوو) بەتایبەت ئارەزووی خراپ.

دووەم : ئەو ئاستەنگانەی پەیوەستن بە کەسێتی کەسەکانەوە

- چاودێری نەکردنی کاری ڕۆژانە.
- ئامادەنەکردنی بەرنامەیەکی تەواو بۆ ژیان.
- هەبوونی کێشەو گرفت لە ماڵو شوێنی کاردا.
- (باردۆخی کەسێتی) لایەنی تەندروستی.
- باردۆخی منداڵو خێزان.
- زۆری ماوەی کارکردن.
- کەڵەکەبوونی ئیشەکان.

کەمی ماوەی بەتاڵ

پابەند نەبوون بە مەوعیدە دیاریکراوەکانی کارەوە.

- جێگیرنەبوونی هزر.
- زۆر خەوتن.

هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی.

سێیەم: ئەو ئاستەنگانەی پەیوەستن بە لایەنی کارگێڕییەوە.

- لاوازی بەرنامەی ڕۆژانەو ڕێکخستنی کات.
- ڕیزبەندی نەکردنی کارەکانی ڕۆژانە (بەگرنگترینان) لەپێشترینیان.
- پەلەکردن لە دەرکردنی بڕیارەکاندا.
- کەمی چاودێرکردنی (بەدوادا چونی) چارەسەری کێشەکان.

کەمی زانیاریو خراپ بەکارهێنانی

چوارەم: ئاستەنگە ژینگەیی‌و کۆمەڵایەتیەکان:

- هۆکارەکانی گەیاندن
- ژینگەی دەوروبەر.
- کەسانی چواردەورمان بەتایبەت ئەوانەی واهەست دەکەین مافێکیان بەسەرمانەوە هەیە.
- ڕێزنەگرتنی کات لەلایەن کۆمەڵگاوە (ئەوانەی دەروبەرمان).
- سەردانە لەناکاوەکان (پێشبینی نەکراوەکان).

قەبارەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی

- جیاوازی ڕێزگرتنی کات لەلایەن ئەوانەی پێوستە مامەڵە لەگەڵ-کاتدا بکەن.

| بیرت بێت |
| --- |
| تەنها ساتەکانی تەمەنی باوەڕدار لە گۆگردی سوور بەنرخترە |



Scanned with CamScanner

## بەشی پێنجەم: سودەکانی ڕێکخستنی کات:

(کیلەر ئۆستن) دەڵێت:

دەبینم زۆربەمان لە واقیعی ژیاندا بەشێوەیەکی نموونەیی کات بەکارناهێنین بەداخەوە هەندێك واهەست دەکەن ڕێکخستنی کات: بەشێوەیەکی تەواو واتا جدییەت، کە ماوە بۆ پشوو یان گەمەکردن نەهێڵێتەوە، هەندێکی تر پێیانوایە ڕێکخستنی کات کارێکی پووچەو هیچ قورسایەکی نییە، چونکە کات لای ئەوان هیچ قورسایەکی نییە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم چەمکە لە نیشتمانی عەرەبیدا بڵاوە (نووسەر).

ئەم چەمك (مەبەست)انە وادەکەن کارەکانمان کەم بەرهەم بێت، هەرچەند کارو کۆششەکانمان چەندین کاژێر بێت، بەرهەممان نابێتو بەرهەمهێن نابین، تا ساتەکانی ژیانمان ڕێکنەخەینو هەموو ئەو ئاستەنگانە تێنەپەڕێنین کە کاتەکانمان بەفیرۆ دەدەن.

سودی بەژمارە زۆرو بەقەبارە گەورەی کاتگێڕی ئەوەیە هەندێکیان ڕاستەوخۆیەو هاوکات بەروبوومەکەی دەچنینەوە، برێکیان بەرهەمەکەی لە مەودایەکی دووردا دەبینین، بۆیە پێویستە لەو ئەنجامانەی لە ڕێکخستنی کاتەوە دەستمان دەکەوێت پەلە نەکەین.

**لە سودەکانی ڕێکخستنی کات:**

- هەستکردن بەباشی بەشێوەیەکی تەواو لە ژیاندا
- ڕێکخستنی کات بۆ بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەگەڵ خانەوادەیا یارمەتیدەرە، یان لە گەشتو پشودا ڕێکخستنی کات یارمەتیت دەدات کاتێکت بۆ پیادەکردنی لایەنی کۆمەڵایەتیو گەشتکردن بۆ بمێنێتەوە: کاتگێڕی بەشێوەیەکی دروست وادەکات ئاوڕ لە خانەوادەکەت، هاوڕێکانت بدەیتەوە، بۆ گەشەکردنی توانا کۆمەڵایەتێکانت یارمەتیدەرە، سەرەڕای پاشەکەوتکردنی کات بۆ خوێندنەوەو سەیران.
- تەواوکردنی کاتێکی زۆر بۆ پێشخستنی خود.
- بەدیهێنانی ئامانجو خەونەکانت
- باشکردنی بەرهەمەکانت بەشێوەیەکی گشتی.

- تەواوکردنی باشترین ئامانج لە بواری کارکردندا.
- باشکردنی جۆری کار.
- (کەمکردنەوەی هەڵەکان) ئەو هەلأنەی لە تواناداان بکرێن.
- زۆرکردنی داهات.
- کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆ، لەبواری ئیشدا، یاخود لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا.
- کاتگێڕی یارمەتیت دەدات بۆ تەواوکردنی کارەکانت بەشێوەیەکی خێراو کۆششێکی کەم، هەروەها بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلانەی کە بەبیرتدا نەهاتوون هاوکارە.
- دەست بەسەرا گرتنی ڕۆژ: کاتێك ڕۆژ هەڵدێتو ڕۆژی کارت دەست پێدەکات، ئەگەر دیدێکی ئاشکرات لە ماوەی ئەو ڕۆژەدا هەبوو، ئەوا بۆ بەڕێوەبردنی دۆخە لەناکاوو چاوەڕوان نەکراوەکانی ئەو ڕۆژە کە دەبنە ئاستەنگ یان بەربەستی کارەکانت، هێزێکت دەبێت.
- ئەگەر بۆ بەڕێوەبردنی کاتەکانت بەرنامەیەکی ئاشکرات هەبوو، ئەوا کاتگێڕی یارمەتیدەرە تا ڕۆژەکەت بە شێوەیەکی نموونەی بەکاربهێنیت. لەڕاستیدا دەتوانیت بە دیدێکی پاکەوە ڕووبەرە چۆڵەکانی دەوروبەرت ببینیت. وەرەو توانایەکت دەداتێ بۆئەوەی بتوانیت لەگەڵ هەر چرکەیەك و خولەکێکدا مامەڵە بکەیت.

**بیرت بێت**

**هەر کەسێك چاکەکاربێت لەوەی ماوە لە تەمەنیدا ئەوا تاوانی ڕابردوی وەئەستۆ ناگرێت. ئەگەر لەو کاتانەی لەبەردەستیدایە تاوانکاربێت ئەوا سەرەتاو کۆتایی تەمەنی بەفیرۆداوە.**

# بەشی شەشەم:

هەندێك دانپیانانو ڕونکردنەوە دەربارەی ڕێکخستنی کات

پرسیار:

• چۆن بزانم سوودمەندم لەکاتەکانم؟ چۆن هۆکارەکانی بەفیڕۆدانی ساتەکانی ژیانم بناسم؟

وەڵام/ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە دەفتەرێکی تۆماری هەفتانەت هەبێت، بۆ ماوەی هەفتەیەك هەموو کارەکانت بەدرێژی تیادا تۆمارکردبێت، هەموو ئیشێك چەند کاتی لێ داگیرکردویت، تەنانەت پێویستە کارە بچوكو کەمبایەخەکانیش کە چەند چرکەیەکیان بەفیڕۆداویت تۆمار بکەیت، لەکۆتایی هەفتەدا دەبینیت چرکەکان کەڵەکە بوون بۆ چەندین کاژێرێك.

• هەستە بە دانانی خشتەیەکی تەواو بۆ هەموو ڕۆژێك، ڕۆژەکەت دابەشبکە بۆکاژێر نزیکەی (١٦)کاژێر دەکات، (٨)کاژێر دابنێ بۆ نووستن، هەر سعاتێك دابەشبکە بۆ (٤) بەش واتە (١٥)خولەك، کاژێرەکان داشبکە بۆ سەعاتی ئیشکردنو ئەندازەی ئەو کاتانەی کە بەفیڕۆ دەڕۆن، ئەوەی گرنگە لەو خشتەیەدا کارەکەو ئەندازەی کاتی فیڕۆدراوت بۆ ئاشکرابێت.

• پاشان پێویستە لەسەرت شیکاری خشتەکە بکەیتو ئەو هۆکارانە دیاریبکەیت کە کاتەکانت بەفیڕۆ دەدەن، ئاستەنگەکان لابەریتو پرسیار لە خۆت بکەیت ئایا دەتوانم بە باشترین شێوە کاتەکانم ڕێکبخەم؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ بوو»کە دەبێت هەمیشە وابێت» ئەوا بەدووی ئەو هەلەدا بگەڕێ.

پرسیار: من سەرقاڵمو کاتم نییە خۆم ڕێکبخەم!

• دەگێڕنەوە دارفرۆشێك لە دارستانێکدا، کۆششی دەکرد بۆ بڕینەوەی دارێك، بەڵام تەورەکەی کول بوو پێشتر دەمەزەردی نەکردبوو، لەو کاتەدا کەسێك بەو ناوەدا ڕابوورد، کاتێك بەو شێوەیە بینی پرسیاری لێکرد «هۆی چییە تەورەکەت تیژ نەکردووە؟» لەکاتێکدا داربڕ هیلاکی پێوە دیاربوو، وەڵامی دایەوە نابینیت چەندێ سەرقاڵم.

• ئەوەی دەڵێت سەرقاڵم ناتوانم کاتەکانم ڕێکبخەم، حاڵی وەك دۆخی داربڕی

چیرۆکەکە وایە! چونکە دەمەزەردکردنی تەورەکە کاتت بۆ دەگێڕێتەوەو لە بڕینەوەی دارەکەو دواتر گواستنەوەت بۆدارێکی تردا یارمەتیدەرت دەبێت. هەروەها ڕێکخستنی کات یارمەتیدەرە لەوەی کارەکانت بەشێوەیەکی خێراو بەکاتێکی کەمتر تەواو بکەیت، هەروەها هاوکارتە لە قۆستنەوەی چەندین هەل کەخۆت بۆ ئامادە نەکردووە، چونکە تۆ سەرقاڵی بەئیشەکەتەوە.

• ئەم هاوکێشەیە سانایە، بەرلەوەی زەوی بچێنیین تۆوی بکەین (ئامادەی دەکەین)، ئامرازەکان بەر لەهەر کارێك ئامادە دەکەین. هەروەها بۆ کاتیش پێویستە نەخشە بۆ چۆنێتی تەواوکردنی کاژێرەکانی دابڕێژین.

پرسیار: هیچ شتێك پێویستی بە ڕێکخستنی کات نییە، تەنها پرۆژە گەورەکان نەبێت!

• زۆرێك لە ئامارەکان دەریانخستوە کە کارگەلێکی بچوك ساڵانە کاتێکی زۆر (چەندین کاژێر) بەفیڕۆ دەدەن، بەنموونە ئەگەر کەسێك ڕۆژانە لەماڵەوە تادەگاتە شوێنی کارەکەی (١٠) خولەکی پێبچێتو لە گەڕاوەنەوەشدا هەمان کاتی پێویستە، واتە ڕۆژانە پێویستی بە (٢٠) خولەکە لەنێوان ماڵو شوێنی کارەکەیدا. ئەگەر بەگریمانەیەك ڕۆژانەی کاری هەفتەمان بە (٥) ڕۆژ وەرگرت.

(٥) ڕۆژ × (٢٠) خولەك = (١٠٠) خولەك لە هەفتەیەکدا

(١٠٠) خولەکی هەفتەیەك × (٥٣) حەوتوو= (٥٣٠٠)خولەكو دەکاتە نزیکەی (٨٨) کاژێر.

• ئەگەر بتوانیت ئەم (١٠) خولەکە بەکاربهێنیت ئەوا سوود لە (٨٨) سەعات کاتی بەفیڕۆدراو وەردەگریت، چۆن لەم (١٠) خولەکە سوودمەند دەبیت؟ دەتوانیت گوێ لە کاستێکی فێربوون بگریت، یان لە هزری خۆتدا نەخشە بۆ کارەکانت بەگوێرەی لەپێشتر (گرنگتر)ینیان دابڕێژیت. یاخود ئەم کاتە وەك سەرچاوەی داهێنانو بیرۆکەی داهێنەرانە تەماشا بکەیت. هەروەها دەکرێت لەیادی خودادا بیگوزەرێنیت.

• پرسیار: دەمەوێت کاتەکانم ڕێکبخەم بەڵام کەسانی کە لێم ناگەڕێن!

ئاسانە لۆمەی کەسانی کە یان ڕۆژگار (بارودۆخ) بکەیت، بەڵام تەنها دەربارەی کاتەکانی خۆت بەرپرسیاری، چونکە تۆ ڕێگە بەکەسانی تر دەدەیت بتکەن بەئامرازێك بۆ تەواوکردنی کارەکانیان. بەجوان گوفتاریو ئاگاییەوە داوای لێبوردنیان

لێبکە، دەستبکە بەڕێکخستنی کاتەکانت بەگوێرەی گرنگترینیان (بەبایەخترینیان) ئەنجامێکی گەورە هەست پێدەکەیت، ئەگەر پلانت نەبێت، ئامانجەکانت دیاری نەکەیتو ساتەکانی ژیانت ڕێکنەخەیت، ئەوا کەسانی تر ئەو کارەت پێدەکەن بۆ ئەوەی ئیشەکانیان بۆ تەواو بکەیت!! دواتر دەبیت بە ئامرازێك بەدەستیانەوە.

• پرسیار: ئایا بە ڕێکخستنی ژیانم (کاتەکانم) لەخۆوەو هەڕەمەکییانە خۆم لەدەست نادەمو نابم بە ئامرازێك؟

نا، هەرگیز، بابەتەکە بەم شێوەیە تەماشا ناکرێت، ڕێکخستنی کات واتای ئەوە نییە کە وەك ئامرازێك ئیشە پلان بۆ داڕێژراوەکان جێبەجێبکەیت، (کاتگێڕی) ڕێکخستنی کات دەبێت بە شێوەیەکی گونجاو بێت تا نەبیت بە ئامراز، ئێمە هەرچەند بمانەوێت بەشێوەیەکی شایستە کاتەکانمان ڕێکبخەین ئەوا کۆمەڵێك شت لەبەردەمماندا دەردەکەون کە ڕەچاومان نەکردون. لێرەدا پێویستە بیر لەکارەکە بکەینەوە، ئەو کارەی پلانم بۆ کێشابوو گرنگترینیان بوو یان لەپڕ دروست بوو؟ وەڵامی پرسیارەکە بەپێی گرنگی ئەو پلانەی بۆکارەکەت داڕشتوە دەگۆڕێت، ئەوکات لەخۆوە زیاتر دەچەسپێتو (لۆجیك) ژیربێژی زیاتر دەردەکەوێت، کەبەر لە ڕێکخستن کارێکی هەڕەمەکییانە بوو.

پرسیار: ئایا نوسینەوەی ئامانجو پلاندانان بەهەدەردانی کات نییە؟

وایدانێ دەتەوێت گەشتێك بکەیت کە چەند ڕۆژێك دەخایەنێت، چی بکەین؟ بەشێوەیەکی سروشتی بەر لەماوەیەکی دیاریکراوی گەشتەکە پلانی بۆ دادەڕێژیت، ئامرازو کەلوپەلەکانت ئامادە دەکەیت لەوانە: هەندێك کتێبو هۆکاری خۆشگوزەرانی. ژیان گەشتێکی درێژخایەنە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگەکان (بەربەستەکان)و تەواوکردنی دەستکەوتەکان پێویستی بە پلاندانانو ئامادەکارییەکی بەردەوامە.

بزانە هەر کاژێرێك لە دانانی پلاندا تەواویدەکەیت لە جێبەجێکردنیدا (٤-٢) کاژێر کاتت بۆ دەگێڕێتەوە. ڕات چییە لەبارەیەوە؟ وایدابنێ ڕۆژانە هەرکاژێرێك لە پلاندانان ڕۆژانە (٢) کاژێر کاتت بۆ دەگێڕێتەوە، ئەنجام کەواتە لە ساڵێکدا (٧٣٠) کاژێرت دەستدەکەوێت کە دەکاتە (٣٠) ڕۆژ، واتە مانگێك لەساڵێکدا، دەتوانیت ئەو ماوەیەش لە کاری تردا بەسەربەریت وەکو: خۆشگوزەرانی، گرنگیدان بە خێزان،

پێشخستنی خودو ... تاد.

پرسیار: ئەگەر کاتەکانم ڕێکبخەم، ساتەکانی پشوو خۆشی ژیانم لە دەستدەدەم!

ئەمە بیرۆکەیەکی هەڵەیە دەربارەی ڕێکخستنی کات، بەداخەوە زۆرێك باوەڕییان بەم بیرۆکەیە هەیە. ڕێکخستنی کات خویەکی کەسییەو پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە، ئەو کەسە خۆی کاتەکانی سەرقاڵیو پشوو ئەو کاتانەی بۆ خۆشی دیاریکراوە دەستنیشان دەکات، ڕێکخستن لە بەدیهێنانی باشترین دەستکەوتەکان یارمەتیدەرە، هەروەها ماوەیەك بۆ ئەو کەسە دەهێڵێتەوە کە خۆی پێشبخاتو ئارەزووەکانی جێبەجێبکات، ڕێکخستنی کات واتای جدیەتێکی تەواو نییە، واتا ڕێکخستنی هەموو شتێك تەنانەت خۆشیەکانیش دەبێت ڕێکخراو ئاراستەکراو بێت.

بەنموونە: دەتەوێت کاتێك لەگەڵ خانەوادەکەتدا بەسەر بەریت، کاتەکە دەست نیشان بکە

پێشوەخت هەڵسە بەئامادەکارییەکانی ئەم گەشتە، چۆنیتی کارەکانو پەیوەستێکانی گەشتە ڕێکبخە تاکارەکانت لەدەست نەچێت، بەم شێوەیە لە چەند کارێکدا سەرکەووتو دەبێت لەوانە:

یەکەم: خۆشیەکت بەدەروونت گەیاندوە

دووەم: خۆشیەکت بە خێزانەکەت گەیاندووە:

سێیەم: پەیوەندی نێوان تۆو خانەوادەکەت زیاد دەکات، چونکە خانەوادەکەت لەبازنەی گرنگپێداندا داناوە، پلانت دارشتوەو هەڵساویت بە چەندین چالاکی کرداری لە بەرژەوەندی خێزانەکەت.

پرسیار:

ناتوانم بەردەوام خۆم ڕێکبخەم بەهۆی ئەو باردۆخەی پیادا تێدەپەرم، چی بکەم؟

نیگەران مەبە ئەمە کارێکی سروشتییە، ئافرەتی دووگیان کاتێك منداڵی دەبێت، دەبێت بۆ ماوەی دووساڵ یان زیاترو بەبەردەوامی گرنگی بەمنداڵەکەی بدات، چۆن کاتەکانی ڕێکدەخات، لەم دۆخەدا دەبێت ئافرەتەکە تیانووسو خشتەی کاری بخاتە لاوە، تەنها خشتەیەك دابڕێژێتو کاری لەسەر بکات گرنگیدانە بە منداڵەکەی. بۆ نموونە ماوەی سەردانی کلینکی پزیشکی دیاری بکات یان لەکاتی بەتاڵیدا ئەو کتێبانە دیاری بکات بۆ خوێندنەوە کە دەربارەی پەروەردەی منداڵ نوسراون، ئەمانەی

نموونەی بچوکن‌و دەکرێت نموونەی گەورەتری لەسەر بنیات بنرێت.

بۆ نموونە: لەکاتەکانی پشوودا ئێمە پێویستمان بە ڕێکخستن یان بەکاربردنی کاتە، بێگومان جیاوازییەکی گەورە هەیە، من پێویستم بە بەکاربردنی کاتە بەتاڵەکانمە بۆ ئەوەی زانیاریکانی خۆمی تیادا زیاد بکەم یاخود (لێهاتووی‌و توانا)کانم گەشە پێبدەم، تەنانەت پشووی تیادا بدەم، بەم شێوەیە پێویست بە نەخشەڕێژی‌و ڕێکخستن ناکات، نیگەران مەبە ئەگەر بەبارودۆخێکدا تێپەڕیت‌و نەتوانیت خۆت ڕێکبخەیت.

پرسیار: کۆمپیوتەرم نییە تا کاتەکانم ڕێکبخەم!

وەڵام: کۆمپیوتەر بۆ ڕێکخستنی کات ئامرازێکی ئاسان‌و گونجاو زۆر لەبارە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە هەر کەس خاوەن کۆمپیوتەر نەبوو، ناتوانێت کاتەکانی ڕێکبخات، هەرگیز ئەمە بیانوو نییە. ئەوەی پێویستە بۆڕێکخستنی کاتەکانت قەڵەم‌و خشتەیەك‌و ڕۆژژمێرێکە.

پرسیار: پێویست ناکات ئامانجەکان یان پلانەکانم بخەمەسەر کاغەز، من دەزانم پێویستە چی بکەم؟

وەڵام: هیچ کاتێك یادگە(ژاکرە)یەکی تەواو نییە (هیچ کەسێك یادگەیەکی تەواوی نییە)، بەم باوەڕە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە وردەکاری زۆر شت، زۆرکاری گرنگ ژوانەکانمان بیردەباتەوە، پێویستە بیرۆکەکانت ئامانجەکانت لەسەر لاپەڕەیەك یان کۆمپیوتەرەکەت یاخود مۆبایلەکەت ڕیزبەند بکەیت، بەم شێوەیە کۆمەڵێك کار ڕێکدەخەیت. سەرەتا کارێك نییە ناوی بیرچونەوە بێت! شایەد لاپەڕەکە یان کۆمپیوتەرەکەت یاخود مۆبایلەکەت بیرچوبێت! بارگرانیەکت لەسەر خۆت لابردوە بەوەی هزرت هەموو ئەو شتانەی وازلێهێناوە، کە دەبێت لەبیریان نەکەیت، چونکە لە لاپەڕەیەك یان کۆمپیوتەرەکەتدا یاداشتت کردون، ئێستا هزرت لەئامادەباشیدایە لەبەرئەوە بەهەموو تواناو لێهاتوییەکەوە جەخت دەکەیتە سەر یەك ئەرك.

پرسیار: کاتەکانم چۆن ڕێکبخەم ژیانم بریتیە لە زنجیرەیەك قەیرانی یەکلەدوای یەك؟!

ڕێکخستنی کات یامەتیدەرە لە کەمکردنەوەی ئەو قەیرانانەدا، سەرەڕای ئەوەش هاوکارتە لە کەمکردنەوەی ئەو قەیرانانەداو تەنگ پێهەڵچنینێتی لە گۆشەیەکی

تەسکدا، ئێمە (نووسەر) ناڵێین ڕێکخستنی کات هەموو قەیرانەکان کۆتایی پێدێنێت، بەڵکو لە کەمکردنەوەیاندا یارمەتیدەر دەبێت.

پرسیار: شێوازێك هەیە لەڕێکخستنی کاتدا بۆ هەموو کەس گونجاو بێت؟

نەخێر شێوازێك نییە بۆ هەموو خەڵك گونجاو بێت، هەموو کەسێك تایبەتمەندیو بارودۆخی تایبەت بەخۆی هەیە، پێویستە لەسەری بەرپرسیاری خۆی بێت، بەگوێرەی پێداویستێکانی کاتەکانی ڕێکبخات.

**بیرت بێت**
**فێڵباز ئەو کەسەیە کە گزی لە تەمەنی دەکات، ئاواتەخوازیش ئەو کەسەیە کە هەموو تەمەنی لە پەرستنی پەروەردگاردا تەواو دەکات.**



Scanned with CamScanner

# بەشی حەوتەم:
# ڕێکخستنی کات

یەکێك لە بەڕێوبەرەکان دەڵێت: ڕۆژێکی شێتانە بەڕێدەکەم: زیاد لە (١٢) پەیوەندی تەلەفۆنیم وەڵام داوەتەوە، ئامادەی (٣) کۆبونەوە بووم، ژمارەیەکی زۆر نوسراوم چاککردوەو وەڵامی (٥) هاوڕێم داوەتەوە کە لەپڕ خۆیان کردوە بە نوسینگەکەمدا، دەبێت چارەسەری (٣) قەیرانی بنەڕەتی بکەم، تەواوی ڕۆژەکە بە ئیشکردنەوە سەرقاڵم، بەڵام واهەست دەکەم هیچم نەکردووە.

ڕۆژێك = ٨٦٤٠٠ چرکە، بۆچی ئەم کاتە هەندێ کەس دامەزراوەیەکی گەورەی پێ بەڕێوەدەبەن، بەڵام هەندێ کەسی کە ناتوانن کارگەلێکی بچوکی تیادا تەواو بکەن، جیاوازێکە تەنها لە بەکارهێنانی کاتدایە بەشێوەیەکی کارا.

کرداری ڕێکخستنی کات ئامانجی بەکارهێنانی کاتەکانی بەردەستە: هەموو هەفتەیەك، گشت ڕۆژێك بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانەی پلانت بۆ دارشتون بەجێیان بگەیەنیت.

| |
|---|
| **بیرت بێت**<br>**هەمیشە ئەرکەکان لە کاتەکان زیاترن** |

ڕۆژانە (٢٤)کاتژمێرو هەفتەی (١٦٨) سەعاتت لەبەردەستدایە.

بۆ ئەوەی لە تواناتدا بێت کاتەکانت بەشێوەیەکی باش ڕێکبخەیت، پێویستە ئەم ئەرکانە بەجێبگەیەنیت:

**یەکەم:** پەیبردن بەگرنگی کات:

ئەوانەی هەست بەگرنگی ساتەکانی ژیانیان ناکەن، زیاتر کات بەفیرۆدەدەن. ئەگەر پارێزگاری لە کات نەکەیت، ئەوا هەست بەبەهاشی ناکەیت؟! لەبەرئەوە ئێمە (نووسەر) لەم بوارەدا چەند ئامۆژگاریەکت دەکەین، بۆ ئەوەی پەی بەگرنگی کات ببەیت. وەرە لەگەڵمدابە:

• کاتی بەتاڵ ئەفسانەیەکە دەست بەتاڵەکان دایانهێناوە، ئەم وتەیە دووبارە مەکەرەوە، بەکاری مەهێنە، چونکە کاتی بەتاڵ نییە تەنها لای دەست بەتاڵەکان نەبێت.

• حەسەنی بەسری ڕەحمەتو ڕەزای خودای لێبێت دەفەرموێت: بۆم دەرکەوت قەومانێك هەن بۆ کاتو تەمەنیان ڕژدترن تا دینارو درهەمییان. واتە «ساتەکانی تەمەنیان لە دارایی‌و سامانەکانیان لەلا بەنرخترە».

هەر خولەکێك کە بەسەرتدا پێدەپەڕێت دەتوانیت خودا پەرستی تیادا بکەیت، یان سوپاسگوزاری پەروەردگاربیت، یاخود تەسبیحاتی تیادابکەیتو خزمەتێك پێشکەش بە موسڵمانان بکەیتو فەرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپە بکەیت، یان چاکەیەك فێربیت، کەواتە ئەم چرکەیە یەکسانە بەچەند؟؟؟

• هاوکێشەیەکی ئاسایی هەیە پێویستە پەی پێببەین ئەوەش بریتیە لە: کەسانی دەست بەتاڵ بەهای کاتیان لانییە، ئەوان لای خەڵکی‌و لەنێو ژیانیشدا بەهایان نییە.

• ڕۆژئاواییەکان کاتو کاژێرو خولەکانیان بە دۆلارو یۆرۆ دەنرخێنن، ئێمە کاتژمێرەکانمان بە ڕەزامەندی خودا لە: پەرستن، گوێڕایەڵی، تێکۆشان‌و پەیداکردنی پاروی ڕێگەپێدراو لەئاییندا (حەڵاڵ)دا دەنرخێنین.

• لەکاژێرێکی کاتدا دەتوانیت ئامۆژگاری بێباوکێکی تیادا بکەیت، یارمەتی نەدارێك بدەیت، یاخود گرفتارێك ڕزگار بکەیت، بەپێوانەی خەڵکی ئەمە دەکاتە چەند، ئەی بەپێوانەی دواڕۆژ چەندە؟

• تێکەڵاوی‌و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوانەدا بکە کە گرنگی بەکاتەکانیان دەدەن، بۆ ئەوەی گرفتاری هەمان دەردی ئەوان بیت، نەکەی تێکەڵاوی دەست بەتاڵەکان بی. بگەڕێ بە دوای ئەو دەرمانەیا کە لە نەخۆشێکان دەتپارێزێت.

• هەمیشە لەبیرت بێت بەهەشتیان تەنها لەو ساتانە پەژیوانن، کە خودا پەرستیان تیادا نەکردوە، دوو ڕکات نوێژ کە خۆمانی تیادا تەرخاندەکەین بۆ خوداپەرستی لای گۆڕستان نشینان لە دنیاو ئەوەی لە دنیادا هەیە بەنرخترە، ئایا دەبێت هەل لەدەستدەین بەر لەوەی لەدەستمان دەربچێت.

• زاناو پیاوچاکان هەموویان پێداگربوونە لەسەر گشت خولەکێکی ژیانیان، نەفامو تاوانبارانیش کاتەکانیان هەموو بەفیڕۆ دەدەن، کەواتە بیربکەرەوە!!.



Scanned with CamScanner

**دووەم: بوەستە وەستانێکی خۆگرانە:**

زۆرێك لەوانەی کاتەکانیان بەفیرۆدەدەن کەسانێکن پێداگرنین، زۆربەی کات ڕاڕان‌و لە توانایاندا نییە بڕیار بدەن‌و هەڵەکانی ژیانیان ڕاستبکەنەوە، ئەم هۆکارانە یەکێکە لە گەورەترین ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر بەفیرۆدانی کات هەیە.

بەوردی تەماشای ئەم ئامۆژگارییانە بکە:

- بوەستە لەگەڵ دەروونی خۆتدا بیر لەم ئایەتەی پەروەرگار بکەرەوە:

﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ ﴾ النجم: ٣٩

- پرسیارکرا لە یەکێك لە کارگێڕییە سەرکەوتوەکان: "ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرنەکەوتنی خەڵك؟ لە وەڵامدا وتی: لێڵی لە ئامانجەکانیاندا".

- هەوڵبدە بۆ تەواوکردنی ئیشەکانت نوسین بەکاربهێنی، کارەکان لەیاد مەکە. ئەگەر ئەرکەکانت نوسرابنەوە، دواتر دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی خەم‌و دڵەڕاوکێ‌و پاشان دەتوانیت بە ئارامی بخەویت.

- ڕۆژمێری ڕۆژانە هۆکارێکی سەرکەوتووە، بەڵام پێویستی بەکەسانی بەئاگا هەیە.

- ئاگاداربە نوسینەوەی کاری ڕۆژانە کاژێرێك سەرقاڵت بکات‌و دواتر لە شوێنێکدا لەبیری بکەیت!!!

- ئەگەر نەخشەیەکت دانا بۆ کارکردن‌و سوود بینین لەکات، ماوەیەك (هەلێك) لە خشتەکەدا بهێڵەرەوە بۆگۆڕانکاری‌و پێداچوونەوە (چاککردن) لەکاتی پێداویستیدا. لەکاتی دانی خشتەدا بارگرانی بۆ خۆت دروست مەکە، هەوڵبدە زیاد لە پێویست نموونەیی (مثالي) نەبیت، هەوڵبدە لەواقیع زیاتر نزیك بیتەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبیت.

**سێیەم: بەباشی گرنگترین کارەکانت دیاری بکە:**

ئامادەکردنی خشتەیەك بۆ کاری ڕۆژانە:

هەنگاوی یەکەم بۆ ڕێکخستنی ساتەکانی تەمەن پلانی ڕۆژانەیە، لەدەستدانی پلانێکی ڕۆژانە یاخود بەڕێوەبردنێکی خراپ هۆکاری سەرەکی کاتگێڕیە بەشێوەیەکی نادروست، پلانی کارا بەسەر گرفتی بە فیرۆدانی کاتدا زاڵدەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی پلانی ڕۆژانە بەئامادەکردنی خشتەیەك دەست پێدەکات، کە

بەگوێرەی خشتەکە پێویستە تەواوکردنی کارەکانی ڕۆژانەی تیادا نوسرابێتەوە، بەڵام چۆن خشتەکەت ئامادە دەکەیت؟

١- لەکاتی ئامادەکردنی لیستەکەدا پلانی هەفتانەت لە بەرچاوبێت.

٢- لە هەمانکاتدا لیستێکی ڕۆژانەت ئامادەبکە.

٣- زیاد لە لیستێك (لیستێکی بچوك) ئامادە مەکە.

٤- لیستێکی گونجاو بۆ خۆت دابنێ.

٥- هەموو چالاکییەکانت لە لیستەکەدا بنووسە.

٦- ئەرکەکانت بە پێی گرنگیان دابەش بکە.

٧- چالاکییە هاو شێوەکان کۆبکەرەوە.

٨- بۆ تەواوکردنی هەموو ئەرکێك کاتێك دیاری بکە.

٩- (بە ئەرکەکانی ڕۆژانەتدا بچۆرەوە) لەوانە بگەڕێ کە پێویست نینو هەندێکی کەیان ڕاسپێرە بە کەسانی تر.

١٠- هەموو خولەکێك نەخشەڕێژ مەکە لە چەند ساتێك بگەڕێ بۆ دۆخی لەناکاو.

١١- لەگەڵ کارە لەناکاوەکاندا بەشێوەیەکی باش مامەڵە بکە.

١٢- کاتێك بۆ پشووی خۆتو خانەوادەکەت دابنێ.

١٣- پەیوەست بە لیستەکەتەوە.

١٤- لە ڕێکخستندا زیادەڕەوی مەکە.

فێربە چۆن نەخشەیەك بۆ خۆت دادەڕێژی، ئەرکو ئەوی مەبەستتە لەخۆبگرێت، نەخشەکە بۆ چوار بەشی سەرەکی دابەش بکە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆبونەوەی کار لە بەیانیدا | چاوگێڕانێك بەسەر منداڵەکاندا | وەڵامدانەوەی گفتوگۆ ئاساییەکانی تەلەفۆن | سەردانی خێزانی |
| پەیوەندی هەندێ هەمیشە کڕیارەکان دەربارەی.... | ئامادەکردنی یاداشتنامەیەك | وەڵامدانەوەی گفتوگۆکان گفتوگۆی کەسی یان ئەوەی پەیوەست بێت بەکارەوە | سەردانی کردنی یانەیەك لەگەڵ خێزاندا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆتایی هێنان بە ڕاپۆرتەکان و ڕادەستکردنیان | پلاندان بۆ پرۆژەیەك | تەماشاکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی | سەیرکردنی فیدیۆو تەلەفزیۆنو پیادەکردنی |
| کاژێرێك.... | | گەمەی وەرزشی | یاری شەترەنج گەمەی کۆمپیوتەر |
| هاوەڵیکردنی خێزانەکەم لەسەردانیکردنی دکتۆردا | بەداواداچونی هەندێ کاری خانەوادەو هاوڕێیان | بەنسبەت ئامانجەکانی کارەوە پێشنەخستنو دوانەکەوتنی کۆبونەوە خولێکان | خوێندنەوەی کتێب.. |

لەگەڵ ئەم خشتەیەدا دەتوانیت بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵە بکەیت، بەشێوەیەك لەگەڵ کەسایەتیتدا گونجاو بێت، هەروەها خشتەکە ئاگادارت دەکاتەوە لەسەر پێویستی گرتنی لەبەرچاوو ئەو هۆکارانەی لەناکاو کارەکانت ڕاتدەگرن، جەخت دەکەمەوە سەر پەیوەست بوون بەئیشی ئەرکەکان وەك لەخشتەکەدا ڕیزکراون، دەستبەردار نەبوونی ئەرکێكو چونەسەر کارێکی تر بەر لە تەواوکردنی لەپێشینەیان.

**چوارەم:** ڕاسپاردەیەکی کارا:

لە کاتگێڕیدا ڕادەستکردنی کار ڕێگایەکە بۆ سەرکەوتن، دەتوانیت لەیەککاتدا چەند ئیشێك تەواو بکەیت، ئەگەر بتوانیت بەشێوەیەکی کارا ڕایان بسپێریت.

پێویستە فێربیت چۆن کار ڕادەستی کەسانی تردەکەیت.

ئەگەر بەڕێوبەربویت بەردەوام هەندێ کارەکانت ڕادەستی بەردەستەکانت بکە، ئەگەر بەڕێوبەر نەبویت ئەوا بەدوای کەسێکدا بگەرێ هەندێ لە ئیشەکانتی پێ تەواوبکەیت، ئەو کەسە هاوڕێت، هاوکارت، خێزانت، یەکێك لە منداڵەکانت یان کەسێکە لەوانەی دەوروبەرت.

بۆئەوەی بەباشی لە ڕاسپاردەکردنی کار تێبگەیت، پێویستە شوێن ئەم ڕێنماییانە بکەویت:

ئەوەی پێویستە ڕایبسپێرین؟!

ئەگەر هەستای بە دابەشکردنی ئەرکو چالاکییەکانت لەسەر سێ بنەمای ئەولەویات

(أ، ب، ج)، ئەوکات دەتوانیت ئەرکەکانت زۆر بەئاسانی ڕادەست بکەیت.

دەتوانین کارەکان بە دوو پێوەر بپێوین:

١- پێوەری گرنگترینیان

٢- پێوەری خێرایی (پەلە) لەسەر ئەو بنەمایە ئەرکەکان دەبن چوار بەشەوە:

١- ئەوکارانەی گرنگو بەپەلەن:

ئەوا ئەولەوێتی (أ) لەخۆدەگرنو ناکرێت ڕایان بسپێرین.

٢- ئەو کارانەی گرنگن بەڵام خێرانین:

ئەوکارانە ئەولەوێتی (أ) لەخۆدەگرنو دەتوانرێت بەشێکیان ڕادەست بکرێن.

٣- ئەوکارانەن کە خێران بەڵام گرنگ نین:

ئەو ئەرکانەن کە ئەولەوێتی (ب یان ج) لەخۆدەگرن باشتروایە ڕابسپێردرێن.

٤- ئەو کارانەی خێراو گرنگ نین:

ئەو ئەرکانەن کە ئەولەوێتی (ج) لەخۆدەگرنو پێویستە ڕابسپێردرێن.

**پێنجەم:** ڕێکخستنی شوێنی کار:

١- پارێزگاری لە پاكو خاوێنی شوێنی کارەکەت بکە: لەنێوان پێکهاتەی ژورەکەتدا بۆشایی بهێڵەرەوە تا بە ئازادانە هاتوچۆ بکەیت، نوسراوێك یان دۆسیەك لەسەر زەوی بەجێ مەهێڵە، شوێنکارەکەت پاكو خاوێن ڕاگرە.

٢- لە نوسینگەکەتدا تەنها ئەو شتانە دابنێ کە پێویستن: کە لەماوەی ئەو ڕۆژەدا پێویستیت پێییان دەبێت، هەموو کەرەستەکانی تر دەبێت لەجێگای تایبەت بەخۆیان بن، کتێبخانە، جانتا، کۆگا یان لە تەنەکەی خۆڵ، ئەو کەرەستانەی لە نووسینگەکەتدان هەمیشە چاوییان پێدا بگێڕەو لە شوێنی خۆییان دایانبنێ.

٣- پێویستە نووسینگەکەت ڕووناکییەکی باشی تێدا بێت.

٤- دڵنیابە لە ڕێکخستنی کتێبەکان لە کتێبخانەکەتدا: کتێبەکان بەشێوەیەکی دیارو بەپێی بابەتەکان دابەش بکە، جێگایەك دابنێ بۆ ئەو کتێبانەی کە زۆر بەکاریاندێنیت.

٥- ئامرازەکانت لە شوێنی خۆیاندا ڕێکبخە: لە نووسینگەکەتدا دەبێت هەموو ئامرازەکان لە جێگای خۆیاندابن، تەنها ئەو ئامرزانە دابنێ کە ئێستا پێویستیت پێیان هەیە.

٦- دۆڵابەکەت بە جوانی ڕێکبخە.

• لەڕێگەی سیستەمێکی گونجاوەوە پارێزگاری لەدۆسێکانت بکە، تا زانیاریەکانت پارێزراوبن.

• دۆسێکانت بەگوێرەی گرنگیان ڕێکبخە.

• بۆ هەر ئەرکێك دۆسێیەك دروستبکە، هەموو ئەو کارانەی پەیوەندییان بەو ئەرکەوە هەیە لەو دۆسێیەدا تۆماریان بکە.

• لەبیرت نەچێت دۆسێیەك دروستبکە بۆ کارو ئەرکە (کتوپڕەکان)، دۆسێکان با هەمیشە لە پێشچاوو بەردەستت بن.

• دۆسێیەك دروستبکە بۆ کارە ئاساییەکان ئەوانەی ئەولەویتی (ج) لەخۆدەگرن، دەکرێت لەکاتە بەفیڕۆدراوەکاندا تەواویان بکەیت (با هەمیشە لە جانتاکەتدا بن).

• ئەگەر ژمارەی دۆسێکانت زۆر بوو، پێویستە فەرهەنگۆکێکی بۆ ئامادە بکەیت.

٧- تەنەکەی خۆڵ زۆر گرنگە: خۆت لە هەرشتێك ڕزگار بکە کە بێکەڵکەو دواتر ئاتاجیان نابێت.

**شەشەم:** جەخت بکەرەوە سەر ئەوەی لەبەردەستتدایە:

ماوە مەدە بیر بڵاوی هزرت پەرت بکات، ئەگەر دەستت بەکارێك کرد تا تەواوی دەکەیت دەستبەرداری مەبە، ئەگەر بیرت پەرت بوو هەستت بە پەژارەیی دەکرد، ئەوا بەروبوومی تەواوکردنی ئەو ئیشە وەپێشچاو بخە، بۆ تەواوکردنی کارەکەت باهەوڵو کۆششت لە هۆکاری بێتاقەتیو تەوەزەلی بەهێزتربێت.

**حەوتەم:** فێری وتنی نا ببە:

ئاگاداربە بەرلەوەی وەڵامت بەلێ بێتو خشتەی کارت بە شتهایەك کە گرنگیان نەبێت پڕبکەیتەوە، فێربە پڕ بەگەروت بەرانبەر ئەوانەی دەیانەوێت بە ناحەق کاتەکانت بە فیڕۆبدەن بڵێیت نا، لە تووڕەیی ئەوانەی پێیان دەڵێیت نا دڕدۆنگ مەبە، چونکە دواتر لە شێوازت تێدەگەن، لەکۆتاییدا تۆ لە وتنی نادا براوەیت.

**هەشتەم:** کۆششەکانت دووبارە مەکەرەوە:

لەئێستاوە فێربە خۆت لەسەر دووبارە نەبونەوەی کارەکان ڕابێنە، کاتێك لەسەرەتای کارێکدایت تا تەواوی دەکەیت دەستبەرداری مەبە، بەم شێوەیە مەچۆرە سەر ئیشێکی تر. لەڕێگەی کۆششەکانتەوە بیرو یادگەت ڕێکبخە، ئەوکات دەزانیت



Scanned with CamScanner

چۆن دەست پێدەکەیتو چۆن کارەکانت سەرلەنوێ ڕێکدەخەیت.

**نۆیەم: پلانێکی لۆژیکیانە:** بەرلەوەی پلان دارێژیت پەڕەکانت بەجوانی ڕێکبخە، بەلۆژیک ئامانجو پلانەکانت دیاری بکە. بۆ هەر کارێك لەدیاریکردنی کاتدا واقیعی بە. دانانەوەی پلان واتا بەفیڕۆدانی کاتێکی تر، ئامانجەکانت بەشێوەیەکی گشتی ڕێکبخە، گشت ئامانجەکانی ژیان، پاشان ئەو ئامانجانەی داتناوە بە قۆناغ تەواویان بکەیتو لەکۆتاییدا ئامانجە نزیکەکانتو ئەو ئامانجگەلەی ناتەوێت لەبەرچاوت ونبن، ئەو کەسەی نازانێت بەرەو کوێ شەقاو هەڵدەگرێت، لە کۆتاییدا بەخاڵێك هەر دەگات.

دوای نوسینەوەی ئامانجەکانت بەڕوونی پێویستە لەخۆت بپرسیت دەربارەی ئەو کارەی دەتەوێت ئەنجامی بدەیت، ئایا ئەمکارە لەئامانجەکانم نزیکم دەخاتەوە یاخود دوورم دەخاتەوە، یان لەو نێوەندەدا ڕام دەگرێت (نەنزیکم دەخاتەوەو نەدوورم دەخاتەوە)، یان لەوانەیە نزیکم بخاتەوەو بە پێچەوانەشەوە، پێویستە شەقاو ڕووەو ئەوکارە نەنێیت، تا نەزانیت لە ئامانجەکانت نزیکت دەکاتەوە.

**دەیەم: بەگەرمی لەگەڵ بۆنە کۆمەڵایەتێکاندا مامەڵە بکە:**

بۆنە کۆمەڵایەتێکان بۆ ناسینی خەڵكو کرانەوە بەڕووی خەڵکیدا دەرگایەکی گرنگن، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی توندو کارا مامەڵەت لەگەڵیدا نەکرد، ئەوا یەکێکە لە هۆکارەکانی بەفیڕۆدانی کات. گرنگە ئەگەر بە تێڕوانینێکی پشکنەرانە تەماشای ڕووداوە کۆمەڵایەتێکان بکەیت، لە هەندێ بۆنە کە بێزاری دەتوانیت پۆزشیان بۆ بهێنیتەوە، بۆهەندێ بۆنەی تر دەتوانیت نوێنەری خۆت بنێریت، لە هەندێ بۆنەی کەدا دەتوانیت ئامادەبیتو پاش ماوەیەکی کەم داوای ڕوخسەت بکەیت، گرنگە لە دەریای بۆنە کۆمەڵایەتێکاندا نەخنکێیت.

> **بیرت بێت**
>
> **بیرت بێت تۆ چەند ڕۆژێکت هەیە. هەر ڕۆژێك کە ئاوادەبێت ئەوا بەشێکت لێدەڕوات، کەواتە خواستت کەم بکەرەوەو دەستهاتت زۆربکە**

# بەشی هەشتەم:
# قۆناغی جێبەجێکردن:

قۆناغی جێبەجێکردنو بەڕێوەبردنی پلان کە ئامادەتکردوە سەنگی کردارییە، دەتوانێت ژیانت لە قۆناغی هەڕەمەکیەوە بۆ ژیانێکی کرداری ڕێکخراوو گونجاو بگوێزێتەوە.

پەند وەرگرتن تەنها بەوە نابێت کە پلانی داڕێژراوو دوور لە جێبەجێکردن ئامادەبکەیت، چونکە ئەمە تەنها خۆزگەیە، بەڵکو پێویستە هاوسەنگیەك لەنێوان پلانەکەو جێبەجێکردنیدا هەبێت.

یەکەم: ئەو ئامۆژگارییانەی لە بەجێگەیاندنی پلانەکەتدا یارمەتیدەرن: بە تەواوکردنی ئەرکەکانت دەست پێبکە:

- هەمیشە بەکارە گرانو نەخوازراوەکان دەست پێبکە.
- گرنگترین چالاکیت با لەو کاژێرانەدا بێت کە لە چڵە پۆپەدایت.
- بەگوێرەی توانا کارە ڕۆتینێکانت کەمبکەرەوە.
- خۆت لە هەموو ئەوکارانەی پێویست نین، ڕزگار بکە.
- باکارە ڕۆتینێکان کەمترین چالاکیت بن.
- دۆسێیەکی تایبەت بەکارە ڕۆتینێکانت بکەرەوەو لەکاتی بەفیرۆدراو (الاوقات الضائعة)دا تەواویان بکە.

بیرت بێت:

زۆربەی خەڵك کارە ڕۆتینێکان (٣٠ بۆ ٦٥٪)ی کاتەکانیان داگیر دەکات.

ئیش هەرچەند گران بێت، هەر ئەوەندەی دەستت پێکرد، ئەوا لە ماوەیەکی کورتدا تەواو دەبێت.

هیچ شتێك بە ئەندازەی تەواوکردنی کار شادیهێنەر نییە، ئەو ئیشەی دەسست نەداوەتێ هەرگیز بۆ تەواوکرنی هانت نادات، بەڵام ئەوکارەی تەواوت نەکردوە، بۆ تەواوکردنی هانت دەدات.

دووەم: جەردەكان (دزەكان)ی كات:

بەڵێ لەكاتی سەرقاڵیماندا هەندێك دز هەن، كاتەكانمان غافڵگۆژ دەكەن، بەشێوەیەك لێمانی دووردەخەنەوە لەوانەیە نەتوانین بەو شێوەیەی دەمانەوێت پێیان بگەین. ئەو شتانەی لێمانی دەڕفێنن زۆرن، كاتێك لە خەوی قوڵ وەئاگا دێینەوە دەڕوانین بەهایەكمان لەدەستچووە نانرخێندرێت، وەك بریسكەی تیشك تێدەپەڕێت، كەمینەیەك هەست بەگرنگی ئەو كارە دەكەن، بەڵكو زۆربەی خەڵك بێئەوەی پێیبزانن ساتەكانی تەمەنیان پەرتو بڵاودەكەنەوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا (چەتەكانی كات زۆرن) لەوانە: تەلەفۆنی دەستی، ئەنتەرنێت، تۆڕە ئاسمانێكان، هەروەها ئەو بەرنامە تەرفیهیانەی كە بێئەوەی سودێكیان هەبێت، كەسانێك هەن چەندین كاژێر بەدیاریانەوە دادەنیشن، لەكۆتاییدا بێئەوەی پێیبزانن بەزیانو بەفیرۆدانی بەشی زۆری كاتەكانیان تەواو دەبێت!

وتەكانی پادشای شاعیران (ئەحمەد شەوقی) لە گوێچكەی بێئاگایاندا دەزرینگێتەوە كە دەڵێت:

چرپەی دڵی مرۆڤ پێیدەڵێت ژیان خولەكو چركەیە

................ ................ ................

ڕێگەم پێبدەن هەندێكیان باسبكەم:

١- سستیو دواخستن: یەكێكە لە جەردە كاریگەرو بەناوبانگەكانی كات كوژی، هێنانەوەی پۆزشو دواخستنی كاری ئەمڕۆیە بۆ سبەی! ئەوەی ئاسایی نییە كەسانێك كارێكیان ڕادەستكراوەو دەتوانن تەواوی بكەن، بەڵام بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەرو دوور لەهەر هۆكارێكی قەناعەتكەر كارەكان دوادەخەن، بەڵام لەڕاستیدا ساردبوونەوەو دواخستن هۆكاری خۆی هەیە، ڕێگام پێبدە هۆكارەكانت پیشان بدەم تا بەداناییو بەپێپێبردنەوە مامەڵەیان لەتەكدا بكەیت.

أ. زۆرەملێ: دوور لە ئاگایی وادەكات ئادەمزاد خۆی لەو كارە بەدوور بگرێت كە وەئەستۆی خراوە، ئەگەر ئەو كارە ڕاسپاردەیەكی ڕاستەوخۆ بێتو كارو كۆششی پێویست بێت، ئەوا دەروونی مرۆڤایەتی هەمیشە ئارەزوی پاڵدانەوەو پشوو وازلێهێنانی هەیە.

ب. نەبوونی پەرۆشی: ئەگەر بەندەكانی خودا بۆ تەواوكردنی كارێك پەرۆشیان



Scanned with CamScanner

تیادا نەبوو، ئەوا دەیانەوێت لەبەر ئەو کارە هەڵێن.

ج. ترس: لە تەواونەکردنی کارەکاندا ترس پاڵنەری تەمبەڵیە، ترس لە سەرنەکەوتن یان گاڵتە پێکردن هۆکارێکە بۆ دواخستنی کارێك کە دەتەوێت ڕاپەڕێنیت، هەموو ڕۆژێكو کاتژمێر لەدوای کاژێر کارەکەت دوادەخەیت.

٢- تێکەڵکردن لەنێوان گرنگی کارەکاندا: زۆرێك لە خەڵك نازانن ئیشە گرنگەکانیان چییە؟ نازانن چ ئیشێك پێشبخەنو چ کارێك دوابخەن، چۆن دەست پێبکەن، چ کارێك تەواوبکەن، چ کارێك پێویستە دوابخرێت! ئەم دزانە لای کەسانی بینایەوان (البصیرە) شاراوەنین، بەتایبەت کاتێك ڕیزبەندی لاپەڕەکان تێکەڵ دەکات، ئادەمزاد لەکارەکەیدا سەرگەردان دەبێت، بەکەم بایەخترین کار دەست پێدەکاتو گرنگترینیان وازلێدەهێنێت، لەگەڵ (شتە)کارە بێبایەخەکاندا کارلێك دەکاتو ئاوڕ لە ئیشە گرنگەکان ناداتەوە، زۆربەی کات ئەوکەسانە لای ئێمە بێکارنو چ کارێك ناکەن.

٣- جەخت نەکردنەوە: دەست بەکارێك دەکاتو پاشان ئیشەکەی ڕادەگرێتو دەست بە پەیوەندی تەلەفۆنی دەکات، یاخود کارێکی کە، بەم شێوەیە کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدات.

٤- لەتواناتدا نەبێت بڵێی نا: کەسێك شەرم لە گەڕانەوەی سەردانیکردن بکات، گەڕانەوەی داوەتو گفتوگۆ کەسێکی ونبووە، ناتوانێت بەسەر کارەکانیدا زاڵبێت.

٥ - پچڕانە لەناکاوەکان: پەیوەندییەکی لەناکاو، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی، هاوڕێیەك لە ناوەختدا (خۆی بەماڵدا دەکات)، پەیوەندیت پێوە دەکات، ئەم پەیوەندییانە بیرت پەرت دەکەن، کاتێکی زۆرت دەبەن، ئەگەر کەسەکە گرنگ بوو گوێگری بە، بەڵام ئەگەر کەسانی تر بوو دەتوانیت ڕاشکاوانە (دیدەنێکە) چاوپێکەوتنەکە بۆ کاتێکی گونجاوی کە دواخەیت، کاتێك بۆ وەڵامدانەوەی پەیوەندێکان دیاریبکە، یاخود تۆمارکەرێك دابنێو پلانت هەبێ بۆئەوەی لەکاتی پەیوەندیدا دەتەوێت بیڵێیت.

٦- کۆششی چەند بارە: بۆ ئەوەی کارێك (شتێك) هیلاکت بکات، وازی لێبهێنەو خەریکی کارێکی تربە، پاشان بگەڕێرەوە سەر ئیشی پێشووت، ئەم ئیشە وات لێدەکات بۆ تەواوکردنی تاقەتێکی زیاتر خەرج بکەیت.

٧- پلانێکی نالۆژیکیانە: بۆئەوەی پلانو کارەکانمان بەشێوەیەکی نادروست ڕێکبخەین.

تیادا نەبوو، ئەوا دەیانەوێت لەبەر ئەو کارە هەڵێن.

ج. ترس: لە تەواونەکردنی کارەکاندا ترس پاڵنەری تەمبەڵیە، ترس لە سەرنەکەوتن یان گاڵتە پێکردن هۆکارێکە بۆ دواخستنی کارێك کە دەتەوێت ڕاییەڕێنیت، هەموو ڕۆژێك‌و کاتژمێر لەدوای کاژێر کارەکەت دوادەخەیت.

٢- تێکەڵکردن لەنێوان گرنگی کارەکاندا: زۆرێك لە خەڵك نازانن ئیشە گرنگەکانیان چییە؟ نازانن چ ئیشێك پێشبخەن‌و چ کارێك دوابخەن، چۆن دەست پێبکەن، چ کارێك تەواوبکەن، چ کارێك پێویستە دوابخرێت! ئەم دزانە لایی کەسانی بینایەوان (البصیرە) شاراوەنین، بەتایبەت کاتێك ڕیزبەندی لاپەڕەکان تێکەڵا دەکات، ئادەمزاد لەکارەکەیدا سەرگەردان دەبێت، بەکەم بایەخترین کار دەست پێدەکات‌و گرنگترینیان وازلێدەهێنێت، لەگەڵ (شتە)کارە بێبایەخەکاندا کارلێك دەکات‌و ئاوڕ لە ئیشە گرنگەکان ناداتەوە، زۆربەی کات ئەوکەسانە لای ئێمە بێکارن‌و چ کارێك ناکەن.

٣- جەخت نەکردنەوە: دەست بەکارێك دەکات‌و پاشان ئیشەکەی ڕادەگرێت‌و دەست بە پەیوەندی تەلەفۆنی دەکات، یاخود کارێکی کە، بەم شێوەیە کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدات.

٤- لەتواناتدا نەبێت بڵێی نا: کەسێك شەرم لە گەڕانەوەی سەردانیکردن بکات، گەڕانەوەی داوەت‌و گفتوگۆ کەسێکی ونبووە، ناتوانێت بەسەر کارەکانیدا زاڵبێت.

٥ - پچڕانە لەناکاوەکان: پەیوەندییەکی لەناکاو، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی، هاوڕێیەك لە ناوەختدا (خۆی بەماڵدا دەکات)، پەیوەندیت پێوە دەکات، ئەم پەیوەندییانە بیرت پەرت دەکەن، کاتێکی زۆرت دەبەن، ئەگەر کەسەکە گرنگ بوو گوێگری بە، بەڵام ئەگەر کەسانی تر بوو دەتوانیت ڕاشکاوانە (دیدەنێکە) چاوپێکەوتنەکە بۆ کاتێکی گونجاوی کە دواخەیت، کاتێك بۆ وەڵامدانەوەی پەیوەندێکان دیاریبکە، یاخود تۆمارکەرێك دابنێ‌و پلانت هەبێ بۆئەوەی لەکاتی پەیوەندیدا دەتەوێت بیڵێیت.

٦- کۆششی چەند بارە: بۆ ئەوەی کارێك (شتێك) هیلاکت بکات، وازی لێبهێنەو خەریکی کارێکی تربە، پاشان بگەڕێرەوە سەر ئیشی پێشووت، ئەم ئیشە وات لێدەکات بۆ تەواوکردنی تاقەتێکی زیاتر خەرج بکەیت.

٧- پلانێکی نالۆژیکیانە: بۆئەوەی پلان‌و کارەکانمان بەشێوەیەکی نادروست ڕێکبخەین.



Scanned with CamScanner

ئەوکارەی (٥) ڕۆژی گەرەك بێت (١ ـ ٢) ڕۆژ بۆ تەواوکردنی دادەنێین، ئەو ئەرکەی (٢) ڕۆژی پێویست بێت (٤، ٥) ڕۆژی بۆ دادەنێین، ئەم کارە هۆکاری پەشێویە لە ژیانتداو هەروەها کاتەکانت بەفیرۆ دەدات.

٨- نەبوونی سیستەم (بێسیستەمی): پەڕەکانت بڵاوبوونەتەوە، پێداویستێکانت وەلاوەناون، هەموو کات بەدوای تەلەفۆن‌و کلیلەکان‌و چەمەدان (جانتا)ی کارەکەتدا چاو دەگێڕیت، ئەم شتە سادانە هەموو هیلاکت دەکەن‌و کاتەکانت بەفیرۆدەدەن.

٩- گردبوونەوە ناکاراکان: باشترین چارەسەر لەم بوارەدا، ئامادەکارییە بۆ کۆبونەوەکان‌و فێربوونی شێوازی کارایە (شێوازی کۆبونەوەکان).

١٠- چاوەڕوانی: کاتێکی زۆر لە چاوەڕوانی: پزیشك، نیشانەکانی هاتوچۆ ... تاد، بەفیرۆ دەدەین. بۆئەوەی سوود لەکاتەکانت ببینیت، ئامادەبە بەنوسراوێك یان پەڕەیەك یاخود بەکارێکی لەو بابەتە بەدواداچوونی بۆ بکە.

١١- بۆ ئەوەی لەنێوان پەڕەکاندا گوم نەبیت‌و بەشێوەیەکی باش بەڕێوەیان بەریت، ئەوا بنەمای (أ، ب، ج... تاد) بەکاربهێنە.

هەر پەڕەیەك دەکەوێتە بەردەسست بۆ یەکێك لەم بەشانە دابەشیان بکە:

أ. چاککردن (بەڕێکردن)ی ڕاستەوخۆ: ئەم پەڕانە (نوسراوانە) پێویست بە لێکۆڵینەوەو هەلگرتن ناکات، کات بەفیرۆ مەدەو پەڕەکان (نوسراوەکان) هەڵمەگرە، بەڵکو ڕاستەوخۆ بڕیار دەربکەو پەڕەکان ڕادەستی کەسانی تر بکە.

ب. لێکۆڵینەوە پاشان بەڕێکردن: ئەم جۆرە نوسراوانە پێویستە لەبارەیانەوە بڕیارێك دەربکەیت، بەڵام پاش: لێکۆڵینەوە یان ڕاوێژ یاخود کۆکردنەوەی زانیاری، ئەم جۆرە پەڕانە لە جێگایەکی تایبەتدا بیانپارێزەو بیخەرە سەر خشتەی کارەکانت.

ج. ئەو پەڕانەی پێویستە هەڵبگیرێن (بپارێزرێن): لە ئەرشیفی خۆتدا ئەم پەڕانە هەڵبگرەو ڕێکیانبخە، بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم سیپارانە گرنگیەکی قانوونی یان یادگارییەکی گرنگیان تیادایەو ماوەی کەمتر لە (٣) ساڵ پێویست دەکات پیاندا بچیتەوە.

د. ئەو پەڕانەی پێویستە بخرێنە تەنەکەی خۆڵەوە: هەموو ئەو پەڕانەی ڕیزبەندێکانی پێشوویان بەسەردا جێبەجێناکرێت پێویستە بخرێنە تەنەکەی خۆڵەوە، ئەگەرنا ئەوا ژمارەیەکی زۆر لەو پەڕانەی کە پێویستت پێیان نییە لاگرد دەبێتەوە.

بێگومان چەتەی بەهێزو ترسناکی تری کاتکوژ زۆرن کە کاتەکانت لێزەوت بکەن، بەڵام باسم نەکرد.

سێیەم: چۆن بەسەر دواخستندا زاڵدەبیت:

- کاتێک دابنێ بۆ تەواوکردنی گشت ئەرکێک.
- خۆت وابەستەی پەیمانێك بکە.
- بەباشی ئەرکەکانت بناسە.
- هەر ئێستا دەستبەکاربە.
- یەکەمجار ئەرکەکان تەواوبکە.
- چاوەڕوانی ئیحا یان میزاجێکی گونجاو مەکە.
- ڕووبەڕووی ئەو ئەرکانە ببەرەوە کە دیاری نەکراون.
- ئەرکە گەورەو گرنگەکانت بەش بەشبکە.
- دوو دڵ مەبە:
- فێربە کەی بڕیار دەردەکەی.
- چاوەڕوانی ئەنجامی نموونەیی مەکە.
- لە هەڵەکردن مەترسە.
- ڕاڕا مەبە.
- دەروونت هانبدە.
- پرسیار لە گرفتەکانی دواکەوتن بکە.
- شتێك بکە بە هاندەرت.



Scanned with CamScanner

## بەشی نۆیەم:

پلاندانان دوور لە جێبەجێکردن خۆزگەیەکی نەزۆك و کات بەفیرۆدانە، جێبەجێکردنیش دوور لە چاودێری سودی نییە

چاودێری بریتیە لە بەراوردی ئەوەی پێشتر پلانی بۆ دارێژراوەو جێبەجێکراوە. بە ئامانجی دیاریکردنی (لادانەکان)کەمو کورێکان و سود وەرگرتن لە باشێکان و خۆپارێزی لە کەمو کورێکان و دانانی پێشنیار بۆ چارەسەرکردنیان تەواوکراوە.

چاودێری کارا بەم شێوەیە دەناسرێتەوە:

١- دەستبەجێی (دەمو دەست): چاودێری کارا پێویستە هەنگاو بەهەنگاو هاوشانی جێبەجێکردن بێت، بەمەبەستی نەهێشتنی هەر ناتەواویەك.

٢- سورانەوەو بەردەوامی: پێویستە چاودێری بەردەوام بێت، بۆ تەواوکردنی کەمو کورێکان لەهەر قۆناغێکدا، دەبێت ئەنجامەکان بەبەردەوامی بەگوێرەی پلانەکان لەماوەی خولەکاندا کۆبکاتەوە.

٣- چاودێرییەکی ئابوورییانە: واتا هێندە کات و کۆشش خەرج بکرێت، لەو دەستهاتەی بۆمان دەگەڕێتەوە زیاتر نەبێت.

٤- چاودێرییەکی چاکسازییانە: هەرگیز ئامانجت تۆمارکردنی هەڵە، سزاو چاودێری نەبێت، بەڵکو هەمیشە ئامانجت چاکسازی بێت.

٥- چاودێرییەکی گونجاو: بریتی نییە لەکۆمەڵێك هەنگاوی وشك و دوور لەڕاستیەوە، بەڵکو لەگەڵ پلان و ئەو دۆخەی ئیشەکەی تیادا تەواودەکرێت، گونجاوە.

● چاودێری بەڕێوەبردنی کات: واتا یەك بنەمای ترسناك ئەوەش: بنەمای دووبارە شیکاری کاتە.

نەریتە خراپەکانی کۆن بەخێرایی دەگەڕێنەوە، گرانی لە جێبەجێکردنی پلانەکانی وایکردوە زۆربەی خەڵکی دابو نەریتە خراپەکانی ڕابردوو پیادە بکەن، پێویستە جارێکی تر کاتەکانت بۆ ماوەی (٣ ـ ٦) مانگ شیکار بکەیت، دواتر دەیبینیت جارێکی تر بۆ ماوەی ساڵێك کارەکانت شیکار بکەیت.

دوای (٤ ـ ٦) هەفتە لەسەرەتای پلانەکەتەوە. کاتی کۆتایی دووربخەردود بۆ ئەوەی

بزانیت لە چ بابەتێکدا بەشێوەیەکی دروست هەڵسوکەوتت کردوەو لە چ شوێنێکدا پێویستیت بە ڕاهێنانە. ئەم کتابە بگرە بەدەستەوە، هەرکات پێویستت بوو بگەڕێوە سەری‌و هەرکات پێویستت بوو، داوای یارمەتی بکە.

لەکۆتاییدا:

ئەوەی فێری بویتە جێبەجێیبکە.

لەئێستاوە دەستبەکاربەو سارد مەبەرەوە.

شوێن ئەو هەنگاوانە بکەوەکە پێشتر فێریان بویت.

ئیرادەت تیژبکە، ئامادەی بکە بۆ ئەوەی لەبەکارهێنانی کاتەکانتدا سەرکردەیەکی باش بیت، ئاگاداري ئەمانە بە:

- بڕیاربدە لەبەکارهێنانی کاتدا بەڕێوبەرێکی لێهاتووبیت، نەك بەڕێوبەرێك بیت گرنگی بەکات نەدەیت، سیمای دیاری پەکخستنی کارەکانت کات بەفیرۆدان بێت.
- دەوروبەری خۆت بەورە بەرزیت ئاگادار بکە، داوایان لێبکە یارمەتیت بدەن.
- دوای ئەوەی توانیت زاڵبیت بەسەر کاتەکانتدا بەوردی وێنەی خۆت لە هزرتا بکێشە، بەشێوەیەکی شارەزایانە مامەڵە لەگەڵ چرکەساتەکانی ژیانتدا بکە.
- هەستە بەجێبەجێکردنی خشتەی کارەکان وەکو ئەوەی پێشتر باسمانکرد، بیکە بە شێوازێکی ژیانی ڕۆژانەت.
- زوو بخەوە، زوو لەخەو هەستە، (عقل الباطن) نەست لە سپێدەیا زیاتر بەئاگایە.
- بەر لەهەلگرتنی هەر هەنگاوێك، گشت پێداویستێکانی هەنگاوەکە ئامادەبکە وەك: (کۆمپیوتەر، قەڵەم، ڕاستە، دۆسیەکان) ئەمانە لە پەرت بوونی بیر، کات بەفیرۆدان، دەربارەی ئەو شتە ونبووانە یان ئەو پێداویستیە ماندووکەرانە، دوورت دەخەنەوە.
- پرۆژە گەورەکان بۆ پرۆژەی بچوك داشبکە، بەش بەش جێبەجێیان بکە تا بەتەواوی بەکۆتا دەگەن.
- ستراتیژیەتی (١٠) خولەك بەکاربهێنە! ئەگەر کارێکت هەبوو پێویست بوو دەستبەکار بیت، ئەگەر دەرونت داوای دواخستنی ئیشەکەی لێدەکردی، پشوویەکی

کورت بە دەروونت بدە، پاشان بۆ ماوەی (١٠) خولەك دەستبەکاربە، بەم شێوەیە جارێکی تر بگەڕێوە سەرکارەکەت‌و دەستپێکی ئیشەکەت تەواوبکە، بارگرانی سەرەتای کارت لەکۆڵ دەبێتەوە، چونکە دەستپێکی کارەکان قورس‌و بێزارکەرن.

• بەرنامەی هێزی کەسێتی (قوة البرمجة الشخصية) بەکاربهێنە، هەموو ڕۆژێك ئەوە لە دەرونی خوتدا دوو پاتبکەرەوە کە تۆ لە مامەڵەکردن لەگەڵ کاتدا بەڕێوبەرێکی دەگمەنی، دەتوانیت بەشێوەیەکی جدی کارلێك لەگەڵ ژیانتدا بکەیت. چەند پاتکردنەوەی ئەم پەیامە وادەکات نەستت لەوەی مەبەستە پێی هەستیت، یارمەتیدەرت بێت.

هەمیشە بە دەروونی خۆت بڵێ:

من لەگەڵ کاتەکانمدا بەشێوەیەکی ڕێك هەڵسوکەوت دەکەم.

من بەشێوەیەکی بەردەوام‌و جوان بەرەوپێشەوە دەچم.

بەڕاستی بەشێوەیەکی ڕێك، لەگەڵ کاتەکانمدا هەڵسوکەوت دەکەم.

• هێزی (٢١) بەکاربهێنە! خۆت لەسەر ڕێکخستن بۆ ماوەی (٢١) ڕۆژ ڕابهێنە، بەرنامەی کەسێتی، ستراتیژی (١٠) ڕۆژ، خشتەی لەپێشینەکان (گرنگەکان)، بەشێوەیەکی وردو ڕێك بۆ ماوەی (٢١) ڕۆژ بەبەردەوامی بەکاریان بهێنە، دواتر دەیبینیت دەبێت بەشتێکی ڕاست لە ژیانتدا.

تۆ بەڕێوبەری کاتەکانتی:

لەگەڵ چرکەساتەکانی ژیانتدا بەشێوەیەکی شارەزایانە مامەڵە بکە، جەخت بکەرەوە سەر دەروونت کە دەتوانیت بەسەر دۆخە لەناکاوەکانی ژیانتدا زاڵبیت، فێربە خۆت لە لێهاتوویی بەڕێوەبردنی کاتدا ڕۆشنبیربکە، ئەوەی فێری بوویت جێبەجێی بکە.

ولیام جەیمس دەڵێت "ئەگەر هەوڵی تایبەتمەندی دەدەیت، بەشێوەیەك هەڵسوکەوت بکە کە تایبەتمەندیت".

کاتێك وەك شارەزایەك هەڵسوکەوت دەکەیت، بەهاو بنەماکانی لە ناختدا جێگیر بکە. لە نەستتدا ئەو وێنەیە بکێشە کە دەتەوێت بەوشێوەیە بیت، بۆ بەدیهێنانی ئەو شێوەیە یارمەتیدەرت دەبێت.

لە ڕاستیەکان تێبگە: هەڵەکانی بەردەست‌و ئاستەنگە سەپێنراوەکان بناسە. خاڵە



Scanned with CamScanner

# بەشی دەیەم: نموونەی ڕاهێنانی

## بەڕێوەبردنی کات:
## گریمانەکانت دەربارەی کات چین؟

لەژێر ڕۆشنایی باوەڕکانتدا ئەم دەستەواژانە بەڕاست یان هەڵە دیاری بکە، لە وەڵامەکانتدا ڕاستگۆبەو ئەنجامەکانی بەکەس مەڵێ، ئەم خشتەیە بەتایبەت بۆ تاقیکردنەوەی تۆ داڕێژراوە، تا ڕاستو هەڵەی گریمانەکانت دەربارەی بەڕێوەبردنی کات بۆ دەربکەوێت.

| ژ | دەستەواژە | ڕاست | هەڵە |
|---|---|---|---|
| ١ | تائێستا هیچ کەسێك کاتی تەواوی بۆ دابین نەکراوە. | | |
| ٢ | زۆربەی خەڵك بەهۆی سروشتی کارەکانیانەوە بەدەست زۆری ئیشەوە گرفتارن. | | |
| ٣ | بەشێوەیەکی سروشتی خاوەن پایە کارگێڕییە بەرزەکان «بەڕێوبەرەکان» باشترین بڕیار دەردەکەن. | | |
| ٤ | کارەکەت بێهاوتایە بەڵام سیستەمی ئیشکردنت ئاشکرا نییە. | | |
| ٥ | بەهۆی کەمی کاتەوە دەتوایت لە دەرکردنی بڕیاردا پەلە نەکەیت | | |
| ٦ | بەڕێوەبردنی کات بەباشترین شێوە واتا کەمکردنەوەی کات لەهەر چالاکیەکدا. | | |
| ٧ | لە ڕێگای کۆششێکی زۆرەوە لە توانای گشت کەسدایە کێشەکانی پەیوەست بەکار چارەسەر بکات. | | |
| ٨ | پێدانی دەسەڵات دەتوانێت کاتێکی زۆرت بۆبگێڕێتەوەو هەندێك لەدەسەڵاتەکانت جێگۆڕکێ بکات. | | |
| ٩ | زۆربەی چالاکی ڕۆژانە پێویستی بە پلاندانان نییە، خەڵکی لە پلاندانانەدا ئەگەر هەوڵیشی بۆ بدەن سەرکەوتوو نابن. | | |
| ١٠ | کێشەی بەرچاو لە بەڕێوەبردنی کاتدا ئەوەیە کە: جوڵەو ئارەزووەکانی ئادەمزاد دیاریدەکات. | | |
| ١١ | زۆربەی کات پێویست ناکات ئامانجەکانت بنوسیتەوە، تەنها زانینی ئامانجەکان بەسە. | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ئەگەر دەتەوێت کارەکەت بەشێوەیەکی دروست ئەنجام بدەیت باشتروایە خۆت جێبەجێی بکەیت. | ١٢ |
| | | نابێت (زۆربەی کات) کارکردن لەسەر بنەمای دیاریکردنی گرنگترین کارو پەیوەست بوون بێت بەو ئیشەوە. | ١٣ |
| | | زۆربەی کات ئەو کەسانەی کارو چالاکییان زۆرەو هەڵدەستن بەکاری گران ئەنجامی باشتر بەدەست دێنن. | ١٤ |
| | | بەشێوەیەکی سروشتی زۆربەی ئەو ئەنجامانەی بەدەست دێت دەرئەنجامی ژمارەیەکی کەمی چالاکییە گرنگەکانە. | ١٥ |

## گریمانەکانت دەربارەی کات چین؟

تۆ هەستدەکەیت دەربارەی ئەمجۆرە پرسیارانە، هیچ وەڵامی تەواوو دروست نییە، بەڵام زۆربەی کات هەندێك وەڵام دەربارەی کاتگێڕی باشترە لەوانی تر، (بەلای کەمەوە لەدیدو تێڕوانیی ئێمەوە)

ئەم دەستەواژانە ڕاستن: ١، ٢،٥، ٨، ١٠، ١١، ١٥

ئەم دەستەواژانە هەڵەن: ٣،٤،٦،٧،٩،١٢،١٣،١٣،١٤

دوای ئەوەی ڕاستیو چەوتی گریمانەکانت بۆ دەرکەوت، دەتوانیت وەڵامە تایبەتیەکانی خۆت دەربارەی کات هەڵسەنگێنیت.

وەڵامی (١٤تا١٥) وەڵامێکی دروستە زۆرباشە کەواتە "تۆ بەشێوەیەکی باش سود لەکات دەبینیت"

وەڵامی(١٢ تا ١٣) وەڵامێکی ڕاستە: باشە "تۆ لەڕێگادایت تا ببیت بەبەڕێوبەرێکی باشی کاتەکانت".

وەڵامی (١٠ تا ١١) وەڵامێکی دروستە: پەسەندە "پێویستە دەربارەی کات بە دیدو تێڕوانینتدا بچیتەوە".

کەمتر لە (١٠) وەڵامێکی ڕاستە: لاوازە "زۆربەی گریمانەکانت دەربارەی کات ناڕاستن، ئەم کارە هۆکارێکی زۆری ئاریشەکانە".

**بیرت بێت**

**سێ ڕێگا هەیە بۆ بەکارهێنانی کات بە باشترین شێوە:**

- **هەر چالاکییەك پێویست نییە جێبەجێی مەکە «ڕایگرە».**
- **بەدوای کەسێکدا بگەڕێ هەندێك لە ئەرکەکانت تەواوبکات**
- **هەموو ئەرکێك بە توانای تەواوە جێبەجێ بکە.**



Scanned with CamScanner

## • چۆن کاتەکانت بەڕێوەدەبەیت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بەیەکێك لەم هەڵبژاردنانە بدەرەوە (هەمووکاتێك، هەمیشە، هەندێجار، بەکەمی، بەدەگمەن)، لەگەڵ خۆتدا ڕاستگۆبەو دڵنیابە کەس ئەنجامەکانی نابینێت، ئەم نهێنی پارێزییە بەتایبەت بۆ تۆ دارێژراوە، بۆ ئەوەی بزانیت چۆن کاتەکانت بەڕێوەدەبەیت.

| ژ | پرسیار | هەموو کاتێك | هەندێجار | بەکەمی | بەدەگمەن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئایا هەستدەکەیت بەو شێوەیەی کە مەبەستە کاتەکانت دەگوزەرێنیت؟ | | | | |
| ٢ | ئایا هەستدەکەیت هەموو شتێك بەو شێوەیە بەڕێوەدەچێت کە پلانت بۆ دارشتووە؟ | | | | |
| ٣ | ئایا کاتێکی تەواو لەگەڵ خانەوادەو خزمو هاورێیاندا بەسەر دەبەیت؟ | | | | |
| ٤ | ئایا لەنێستاوە تاکاتێکی تر کاتێکی پێویستت بۆ ئیسراحەت داناوە؟ | | | | |
| ٥ | ئایا لەکاتی کارکردنندا چێژ لە کاتەکانت دەبینیت؟ | | | | |
| ٦ | ئایا لە دواخستنی کاری گرانو بێزارکەردا بەرەنگاری ئارەزووەکانت دەبیتەوە؟ | | | | |
| ٧ | ئایا لەئامانجە دوور مەوداکانت لیستێکی نوسراوت هەیە؟ | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | ئایا دەزانیت لە هەفتەی داهاتوودا دەتەوێت چی ئەنجام بدەیت؟ | | | | |
| ٩ | ئایا کاتی تەواوت بۆ پلاندانانی کاتەکانت هەیە؟ | | | | |
| ١٠ | ئایا بۆ کاری ڕۆژانەت لیستێکت هەیە (ئامادەکردووە)؟ | | | | |
| ١١ | ئایا کارەکانت لەسەر بنەمای گرنگترینیان (لەپێشترینیان) تەواو دەکەیت؟ | | | | |
| ١٢ | ئایا ئەوە تەواو دەکەیت کە پێویستە لەڕۆژێکدا تەواوی بکەیت؟ | | | | |
| ١٣ | ئایا هەفتانە ئارەزوویەکی بەسود پیادە دەکەیت؟ | | | | |
| ١٤ | ئایا کاتت هەیە بەلای کەمەوە هەفتانە دوو لاپەڕە قورئان لەبەربکەیت؟ | | | | |
| ١٥ | ئایا کارەکانت لەکاتی خۆیدا تەواو دەکەیت؟ | | | | |
| ١٦ | ئایا هەندێ کات لەگەڵ خۆتدا دادەنیشیت (گفتوگۆ دەکەیت)؟ | | | | |
| ١٧ | ئایا کاتی تەواوت هەیە بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە لە داهاتوو پێشخستنی کارە نوێیەکانت؟ | | | | |



Scanned with CamScanner

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | ئایا کاتێك پێویستت بە پشوو هەبووبێت کەسێك هەبووە ئەو دۆخەت بشێوێنێت؟ | | | | |
| ١٩ | ئەم پرسیارانە تایبەتن بە بەڕێوەبەرەکان؟ | | | | |
| ٢٠ | ئایا ئامادەنەبوونت، ئابێتە دەربەربەست لە تەواوکردنی کارەکانتدا؟ | | | | |
| ٢١ | ئایا هاوکارەکانت زۆربەی کارەکان جێبەجێ دەکەن؟ | | | | |
| ٢٢ | ئایا کەمتر لەگازێرەکانی کرێکارەکان کاردەکەیت؟ | | | | |
| ٢٣ | ئایا بەشێوەیەکی گشتی بەرەنگاری ئارەزووی بیاداچوونەوەی کارەکانت دەبیتەوە؟ | | | | |
| ٢٤ | ئایا هەندێك لە ئەرکەکان ڕادەستی کەسانی تر دەکەیت؟ | | | | |
| | **کۆی گشتی** | | | | |

ئێستا وەڵامەکانت بەم شێوەیە بژمێرە؟

بۆ بەڕێوەبەرەکان:

- ژمارەی وەڵامەکان (هەمووکاتێك) .... ٤×= ......
- ژمارەی وەڵامەکان (هەندێجار) .... ٣×= ......
- ژمارەی وەڵامەکان (بەکەمی) .... ٢×= ......
- ژمارەی وەڵامەکان (بەدەگمەنی) .... ١×= ......

کۆی هەمووی= ..........................

بۆ غەیری بەڕێوەبەرەکان:

- ژمارەی وەڵامەکان (هەمووکاتێك)..... ×٥= ......
- ژمارەی وەڵامەکان (هەندێجار)...... ×٤= .....
- ژمارەی وەڵامەکان (بەکەمی)....... ×٢= ......
- ژمارەی وەڵامەکان (بەدەگمەنی)...... ×١= ......

کۆی هەمووی = .......

کاتەکانت بناسە؟

- ئەگەر کۆکراوەکانت زیاتر لە (٩٠) بوو، ئەوا تۆ کاتەکانت بەشێوەیەکی کارا بەکاردەهێنیت، بەردەوام بەو سستی پیشان مەدە.
- ئەگەر کۆکراوەکانت (٧٥ تا٩٠) بوو ئەوا تۆ لەبەکارهێنانی کاتەکانتدا بەشێوەیەکی کارا بەڕێگاوەی؟
- ئەگەر کۆکراوەکانت (٥٥ تا ٧٥) بوو ئەوا تۆ لە بەڕێوەبردنی کاتدا لە کێشەدایت؟
- ئەگەر کۆکراوەکانت کەمتر لە (٥٥) بوو ئەوا تۆ کاتەکانت بەڕێوەنابەیت، ئەوا کاتەکانتە تۆ بەڕێوە دەبات؟

| |
|---|
| **بیرت بێت**<br>**بۆ ئەوەی داهێنەر بیت جەخت بکەرەوە سەر ئەرکێك، بیروو کۆششت پەرت مەکە. لەیەك کاتدا مامەڵە لەگەڵ یەك ئەرك زیاتردا مەکە.** |

لەبواری بەکارهێنانی کاتدا بەشێوەیەکی کاریگەر خەڵکی جیاوازن، لە تۆمان دەوێت پێوانەو باسکردنێك هەڵبژێریت، کە هەمیشە ئاماژە بێت بۆکەسێك کەکاتەکانی بەشێوەیەکی کاریگەر بەکاردەهێنێت.

١- زوو لە خەو هەڵدەستێت.

٢- درەنگ دەخەویت.

٣- هەمیشە سەرقاڵە.

٤- جوڵەی زۆرە.

٥- بەخێرایی ماندوو نابێت.

٦- ڕابەرێکی خۆشەویستە.

٧- لەبەکارهێنانی دەسەڵاتدا ناوەندێتی (مەرکەزییەت) پیادە ناکات.



Scanned with CamScanner

٨- هەمیشە بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە (بەمەبەستی بەدواداچونو بەئاگابوون لە تەواوکردنی کارەکاندا).

٩- بۆ ئەو ئیشانەی ئارەزووی لێناکات لەوتنی وشەی (نا) دوودڵ نییە.

١٠- زیاد لە کارێکی هەیە.

١١- ئامانجەکانی ئاشکران.

١٢- قسەبڕینی بەلاوە گرانە.

١٣- لە بڕیارداندا خێرایە.

١٤- کۆمەڵێك زۆر لە خەڵك بەڕێوە دەبات.

١٥- ڕێز لەکاتی کەسانی تر دەگرێت.

١٦- بۆ گفتوگۆ (بینین) پێویستی بەکاتی دیاریکراوە (پێشوەختە).

١٧- لەکاتی دیاریکراودا ئامانجی دیاریکراو بەدەست دێنێت.

١٨- لە ماڵەوە کارەکانی تەواو دەکات.

١٩- لەگواستنەوە لە کارێکەوە بۆ یەکێکی تر توانایەکی باشی هەیە.

٢٠- لەژێر فشارو لەکاتی تەنگەژەکاندا بەباشی ئیشدەکات.

هەرکەسێك کارەکانی بەشێوەیەکی کارا بەڕێوەببات، ئەوا ئامانجە داواکراوەکانی لەکاتی دیاریکراودا تەواودەکات، بەڵام کارەکانی دیکە هۆکاری یارمەتیدەرن.....

**بیرت بێت**

**ئەو کارەی درێژە دەکێشێو زیاتر لە کاتەکانی بەردەستی دەوێ، بۆیە پێویستە بۆ تەواوکردنی کاتێکی دیاریکراوو وردی بۆ دیاری بکەیت.**

## • تێچونی کاتەکانت بژمێرە؟

کات نرخێکی نییە ئەو بۆخۆی ژیانە، ئەوەی ساتەکانی تەمەنی بەفیڕۆ دەدات، ئەوا ژیانی بەفیرۆ دەدات. سەرەڕای ئەوەی کات پارەی تێناچێت، بوار بدە لێرەدا با تێچوونی کاژێرێ کاتت لەکاتی دەوامکردنتدا بۆ بژمێرین.

- بەهای مووچەی مانگانەکەت لێرەدا بژمێرە. ☐
- مووچە کەت: ١٢×١ = ١٢ ☐
- سەرەمووچەو پاداشتی ساڵانەت دیاری بکە ☐
- ٢+ ٣ کۆبکەرەوە. ☐
- ئێستا دەیژمێرین ساڵانە چەند کاژێر کاردەکەیت.
- پشوو، مۆڵەتو پشوی کۆتایی هەفتە دەکاتە (١٦٥) ڕۆژ.
- ڕۆژەکانی ئیشکردن = ٣٦٥ – ١٦٥ = ٢٠٠ ڕۆژ لەساڵێکدا.
- ژمارەی کاژێرەکانی کارکردن بە تەواوی نزیکەی (٦) کاژێرە لە ڕۆژێکدا.
- با ڕۆژانە کاتژمێرێکی لێدەرکەین بۆ: "خواردن، کارە فەرمیکانی تایبەت بە خۆتو ئەوانەی دەوروبەر هەمووی (٥)کاژێری دەمێنێتەوە، گریمان ئەو ماوەیە تۆ بەتەواوی کاردەکەیت".

١٠- ژمارەی کاژێرەکانی کارکردن لەساڵێکدا نزیکەی ٥× ٢٠٠ = ١٠٠٠کاژێر

١١- بینا لەسەر ئەوە ژمارەی کاژێرەکانی کارکردنت لە ژمارە (٤)دایە

٤

............ = ............

١٠٠٠ — ١٠٠٠

**بیرت بێت**

**هەزار کاژێر بیر بکەرەوەو تەنها سەعاتێك ئیش بکە**

٥- زانینی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بەفیرۆدانی چرکەساتەکانی ژیانتو چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا؟

ئەمە کۆمەڵێك هۆکاری ناسراوە کە دەبنە هۆی بەفیڕۆدانی کات، هەڵوێستی خۆت لەبارەوە هەر یەکێکیانەوە دیاری بکە:

| ژ | هۆکارەکانی بەفیڕۆدانی کات | هەمیشە | زۆربەی کات | هەندێجار | بەکەمی | بەدەگمەنی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەم توانایی لە پلاندانان‌دا | | | | | |
| ٢ | کەم توانایی سپاردن (ڕادەستکردنی کارەکان)دا | | | | | |
| ٣ | سەردانیکردن بەبێ دیاریکردنی وادەی پێشوەخت | | | | | |
| ٤ | گفتوگۆی تەلەفۆنی | | | | | |
| ٥ | پەشێوی (لە تەواوکردنو جێبەجێکردنی کارەکاندا) | | | | | |
| ٦ | دواخستن (لە تەواوکردنو جێبەجێکردنی کارەکاندا) | | | | | |
| ٧ | کۆبوونەوەی ناکارا | | | | | |
| ٨ | (چاوەڕوانی)چاوەڕوانی دکتۆرو مامەڵەی فەرمی | | | | | |
| ٩ | نەبوونی ئارەزووی کارکردن، بێزاری لەکار | | | | | |
| ١٠ | پەشێوی دۆسیەو پەڕەکان | | | | | |
| ١١ | زیاد ئارەزووی کارکردن بەشێوەیەکی(نموونە)یی | | | | | |
| ١٢ | ڕوودانی کێشەو دروستبوونی دۆخی لەناکاو | | | | | |
| ١٣ | ڕۆتینو ئاستەنگە کارگێڕیەکان | | | | | |
| ١٤ | چەنەبازیو مشتومڕ | | | | | |
| ١٥ | تەماشاکردنی تەلەفزیۆن | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | قسه پێبڕین بەبەردەوامی | | | | | |
| ١٧ | سکرتێرێکی کەم توانا | | | | | |
| ١٨ | قەرەباڵغی هاتووچۆ یان وێستگە گشتێکان | | | | | |
| ١٩ | لاوازی ویست (حەز) له بەڕێوەبردنی کاتدا | | | | | |
| ٢٠ | کەم توانایی له: «ڕەتکردنەوەی «فەرمانەکان وتەکان» | | | | | |

**بیرت بێت**

**پێویسته له پەیوەست بوون بەجێبەجێکردنی پلانەکەتەوە خۆگربیت. تا له هەڕەمەکییەوە (بگەیت بەڕێکخراو) سیستەم.**

## تاقیکردنەوەی خوێندنەوەی خێرا

١- له لاپەڕەکانی دواتردا بڵاوکراوەیەك له دوو پەڕەدا بڵاوکراوەتەوە، داوات لێدەکرێت بەخێرایەکی سروشتی بیخوێنیتەوە (هەوڵ مەده پەله بکەیت له خوێندنەوەدا، چونکه کاریگەری دەبێت لەسەر پلەکانت له تێگەیشتندا، سست مەبه چونکه له پەلەکردندا کاریگەری لەسەر نمرەکانت دەبێت).

٢- له شوێنێکی بێدەنگو دوور له ژاوەژاودا بخوێنەرەوە.

٣- کاتەکانی سەرەتا به خولەكو پێش سەرەتاش به چرکه بنوسەرەوە.

٤- لەگەڵ تەواوبوونی بڵاوکراوەکەدا کاتی کۆتایی بنوسەرەوە.

٥- جیاوازی نێوان کاتی دەستپێكو کۆتایی بنوسەرەوە، تا ئەو ماوەیەی بەخوێندنەوەی بڵاوکراوەکەوە خەریکبوویت بزانی چەندە.

٦- لەو خشتەیەی دوای بڵاوکراوەکه دێت خێرایی خوێندنەوەت بژمێره (چەند ووشه له خولەکێکدا)، پاشان لەڕێگەی خشتەکەوە دەزانیت ئەو ماوەیه چەندبووه بەخوێندنەوه بەسەرت بردووه.

٧- پاشان وەڵامی ئەو پرسیارانه بدەرەوه بۆ ئەوەی ڕادەی وەرگرتنت بۆ دەرکەوێت

(بە گەڕانەوە بۆ خشتەکە).

٨- لەخشتەی کۆتاییدا بەراوردێك لەنێوان خێرایی خوێندنەوەت و گەیشتنت بە دەرئەنجامە جیهانێکان بکە.

تاقیکردنەوەی خوێندنەوەی خێرا:

لێرەدا کاتی دەستپێکی خوێندنەوە بنووسە:............

لە بەشی بەڕێوبەرایەتی کەسەکان (تاکەکان)ەوە بۆ هەموو بەڕێوبەرەکان شێواز "سیستەمی" پێشوازی و ئامادەکردنی فەرمانبەرە نوێیەکان.

بەڕێوەبەرایەتی تاکەکان و بەڕێوبەرایەتی ڕاهێنان لەوتووێژێکدا بڕیاریاندا، بۆ پێشوازی و ئامادەکردنی فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکان، پێویستیان بە سیستەمێکی نوێیە، بینا لەسەر ئەو پێداویستیانەی سەرەوە بڕیار درا ئەم بڵاوگراوە ڕاوێژکارییە بەشێوازی پێشنیارکراو بڵاوبکرێتەوە، ئێمە پێشوازی لە ڕێنمایی بەڕێوەبەراتی کارگێڕی و تێبینێکانیان دەکەین.

هەنگاوەکانی دواتر ڕاڤەی سیستەمی پێشنیارکراوو جێبەجێکردنی سیستەمەکە دەکات، چ لەسەر فەرمانبەران یان کرێکارە تازە دامەزراوەکان بێت.

١- هەر بەڕێوەبەراتیەك (بەڕێوەبەرایەتی تاکەکان و ڕاهێنان) فەرمانبەرێك جگەلە بەڕێوەبەری کارگێڕی ڕادەسپێرێت، بۆ بەرپرسیارێتی لەجێبەجێکردنی سیستەمە نوێیەکە لە دامەزراوەکەدا.

داوادەکرێت لە فەرمانبەری سەرپەشتیار، بێجگەلە بەڕێوەبەری کارگێڕی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تاکەکاندا لە پەیوەندی بەردەوامدا بێت، بەمەبەستی بەئاگابوون لە فەرمانبەرە نوێیەکان "ئەوانەی جێگای سەرنجی کارگێڕین و لە بەڕێوەبەرایەتیەکەدا کاردەکەن".

ئەگەر یەکێك لەو فەرمانبەرە نوێیانە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەدا دامەزران، ئەوا لەسەر فەرمانبەری بەرپرسە کە بەڕێوبەرەکەی ئاگادار بکاتەوە، تاوەکو لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە، کاتێك بۆ چاوپێکەوتن دیاری بکەن، هەروەها پێویستە ڕۆژێکی گونجاو بۆئامادەکردنی فەرمانبەرە نوێیەکە دیاری بکرێت.

(تەماشای هەنگاوی ژمارە ٩) بکە.

٢- بەڕێوەبەری کارگێڕی لەگەڵ فەرمانبەری ناوبراودا لە دیاریکردنی هاوکارێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکەدا تا یاریدەدەری فەرمانبەرە نوێیەکە بێت هاوبەشە (هاوکارە). لە هەفتەی یەکەمو دووەمی مۆڵەتی فەرمانبەرە تازەکەدا بەرپرسی بێت، هەروەها فەرمانبەرەکە نوێیەکە بەدامەزراوەکەو نوسینگەو خزمەتگوزارییە بەردەستەکانی دامەزراوەکە ئاشنابکات، ئەوەشی بۆ ڕوون بکاتەوە کە دەستی دەگاتە هەموو ئەو زانیاریو بڵاوکراوانەی، بە وەرزشو یانەی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەستن.

٣- لە ڕۆژی دەستبەکاربوونی فەرمانبەرە تازەکەوە، بەڕێوبەری کارگێڕی لەئیشەکەیدا لادەبرێت.

٤- لە بەڕێوبەرایەتێکەدا هاوکارەکەی لەگەڵ بەرپرسێکدا بۆ پێشوازی، لە چاوەڕوانی فەرمانبەرە نوێکەدا دەبن.

٥- بەرپرسی کەسەکان هەڵدەستێت بەتەواوکردنی مامەڵە تایبەتێکانی فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکە، دڵنیایی دەکاتەوە کە فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکە، لە مەرجەکانی گرێبەستی کارکردن تێگەیشتووە. پێویستە ژمارەیەکی تایبەتی ئەو بڵاوکراوە تایبەتیانەی کە تایبەتن بە فەرمانبەرانو پەیوەستن بە پلانەکانی ڕێکخراوەکە پێبدرێت، پێویستە بەرپرسی کەسەکان لە ڕێکخراوەکەدا بۆفەرمانبەرەکەی ڕوون بکاتەوە کەبەڕێوبەرێتی ئامادەیە لەڕۆژی دەستبەکاربوونێوە هەموو کاتێك هاوکاری بکاتو ڕێنمایی پیشان بدات.

٦- هاوکاری فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکە، شوێنکارەکەی پیشان دەدات، لە ڕێگاکەی دڵنیایی دەکاتەوە: (ڕێگای شوێنکارەکەی)، پێویستە بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشتی فەرمانبەرەکە بکاتو ئەو بڵاوکراوانەی بداتێ، کە بەوەرزشو یانەی کۆمەڵایەتیو خزمەتگوزاریێکانی ترەوە پەیوەستن.

٧- پێویستە بەڕێوبەری کارگێڕی لەگەڵ گەیشتنی فەرمانبەرە نوێیەکە بە بەڕێوەبەرایەتی، پێشوازی لێبکات. هەروەها ئەو فۆرمە تایبەتیەی کەتایبەتە بەکرێکاران بۆ شی بکاتەوە، تا زانیارییە تایبەتێکانی پەیوەست بە فەرمانبەرەکەی تیادا تۆمار بکات، پاشان دەبێت لە هەفتەی ئایندەدا ڕۆژێك بۆ دیدەنی فەرمانبەرەکە دیاری بکات، بەشێوەیەکی ئاشکرا بیرۆکەیەکی ڕوونی پیشان بدات دەربارەی ئەو

ماوەیەی فەرمانبەرەکەی تیادا ڕادەهێنرا (ئامادە دەکرا).

٨- لەڕێگەی باسکردنی چۆنێتی ئیشکردنەوە کە پێشتر ڕێکخراوە (دارێژراوە)، پێویستە لەسەر بەڕێوبەر ئەرکو بەرپرسیارێتی بۆ فەرمانبەرە نوێیەکە ڕوون بکاتەوە، ئەگەر فەرمانبەرەکە پێویستی بەڕاهێنانی تایبەت هەبوو، پێویستە لەسەر بەڕێوبەر جۆرو ئامانجی ڕاهێنانەکە شی بکاتەوە.

٩- بەڕێوەبەریتی ڕاهێنان هەر چوار هەفتە جارێك، ڕۆژێك بۆ ئامادەکرنی کـ ێکارەکانو ڕۆژێك بۆ ڕاهێنانی فەرمانبەرەکان ڕێکدەخات، ئامانج لە دباریکردنی ئەم ڕۆژە ناساندنی فەرمانبەرە نوێیەکەیە بەکۆمپانیاکەو بەرهەمەکانیو هەروەها مێژوو پایەیی کۆمپانیاکە لەپلەکانی ئیشکردندا، سەرەڕای ئەو هەلانەی بۆ کۆمپانیاکە ڕەخساون باسدەکات، بۆ فەرمانبەری تازە دامەزراو لە ڕۆژی دەستبەکاربونێوە باشتروایە ڕۆژی ئامادەکردن لە چوار هەفتە کەمتر نەبێتو لە هەشت هەفتە زیاتر نەبێت.

١٠- ڕۆژێك دوای ڕۆژی ڕاهێنان پێویستە لەسەر بەڕێوبەری کارگێڕی، بۆ گفتوگۆی ئاسایی لەگەڵ فەرمانبەرە نوێیەکەدا هەندێك کات دیاری بکاتو باری سەرنجی خۆی بۆ فەرمانبەرە نوێیەکە دەربارەی ڕۆژی ڕاهێنانو پایەی (فەرمانبەرە نۆێیەکە) لە ڕێکخستنە کارگێڕیەکەدا شی بکاتەوە، بینا لەسەر ئەوانەی باسکران کارە گرنگەکانو هەلی ڕەخساو (بەردەست) بۆ فەرمانبەرە تازەدامەزراوەکە باسدەکرێت، ئەگەر زانرا جێگای بایەخێتی. دواتر بەپێی خشتە دەربارەی کاتی ڕاهێنان، لەگەڵ بەشی ڕاهێناندا ڕێکەوتنێك دەکرێت.

١٠- بەپێی ئەو سیستەمەی لەئێستادا کاری پێدەکرێت، بەرپرسیارێتی ئاسایشو پاکوخاوێنیو ئاگرکوژانەوە لەئەستۆی لێپرسراوی ئاسابشدایە، هەندێجار فەرمانبەری تازەدامەزراو لە هەفتەی یەکەمی دامەزراندنێوە چەند مانگێك تەواودەکات، بێئەوەی لەم بوارانەدا ڕاهێنانێکی گونجاوی پێبکرێت. بەڕێوبەرایەتی لەم بوارەدا بۆتەواوکردنی ئەو ئامانجانە، پێشوازی لەهەر پێشنیارێك دەکات، هیوادارە لەمانگی شوباتی داهاتوودا کار بەم سیستەمە بکرێت.

بۆیە تکامان وایە پێشنیارو تێبینێکانتان بە نوسراو بەدەستمان بگات، دوا مۆڵەت مانگی تشرینی دووەمە. سوپاس.

دوای خوێندنەوەی بڵاوكراوەكە

١- كاتی تەواوكردنی خوێندنەوەكە لێرەدا بنووسە.................

٢- پێشنیاری كاتی دەستپێكو كاتی كۆتایی بنووسە، ئەو كاتانەی لەخوێندنەوەدا بەسەرتبرد لێرەدا............

٣- لە خشتەی خوارەوەدا تێكڕای خێرایی خوێندنەوەت (چەند ووشە لە خولەكێكدا)، (ئەنجامی خوارەوە كاتی بەكارهاتووە لە خوێندنەوەدا).

| كات | ١ | ١،٥ | ٢ | ٢،٥ | ٣ | ٣،٥ | ٤ | ٤،٥ | ٥ | ٥،٥ | ٦ | خولەك |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی وشەكان | ٦٠٠ | ٤٠٠ | ٣٠٠ | ٢٤٠ | ٢٠٠ | ١٧١ | ١٥٠ | ١٣١ | ١٢٠ | ١١٠ | ١٠٠ | وشەیەك لە خولەكێكدا |

٤- وەڵامەكەت لەم چوار گۆشەیەدا ☐ دابنێ.

تاقیكردنەوەی توانای وەرگرتن:

| ژ | | ڕاست | هەڵە |
|---|---|---|---|
| ١ | بڵاوكراوەكە ئاراستەی هەموو بەڕێوبەرەكان دەكرێت. | | |
| ٢ | بابەتی بڵاوكراوەكە بریتیە لە: ڕاهێنانی هەموو بەڕێوبەرە نوێیەكان. | | |
| ٣ | بڵاوكراوەكە بریتیە لە: بڵاوكراوەیەكی ڕاوێژكاری. | | |
| ٤ | هەنگاو (پلانی) پێشنیاركراو بۆهەموو فەرمانبەرانو كرێكارانە ئەگەر بە پێچەوانەوە بڕیار نەدەن. | | |
| ٥ | هاوكار (هاوكاری فەرمانبەرە نوێیەكە) لەكارئاسانی لە جێبەجێكردنی سیستەمە نوێیەكە لە بەڕێوەبەرایەتیكەیدا بەرپرسە. | | |
| ٦ | ئەو بڵاوكراوانەی پەیوەستن بە وەرزشو یانەی كۆمەڵایەتیەوە لێپرسراوی بەڕێوەبردنی كەسەكان دەیدات بە فەرمانبەرە نوێیەكە. | | |
| ٧ | پێویستە لەسەر بەڕێوبەری كارگێڕی بەگەیشتنی بە بەڕێوەبەرایەتیەكە، پێشوازی لە فەرمانبەرە نوێیەكە بكات. | | |



Scanned with CamScanner

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | پێویستە باسکردنی چۆنێتی کارکردن پێشوەخت ئامادەکرابێت. | ٨ |
| | | لەکاتی گەیشتنی فەرمانبەرە نوێیەکەو هاوکارەکەی ڕاستەوخۆ دەبێت ڕووبکەنە بەڕێوەبەرێتی ڕاهێنان. | ٩ |
| | | هەر هەشت هەفتە جارێك ڕۆژێك بۆ ڕاهێنان دیاری دەکرێت. | ١٠ |
| | | دیاریکردنی ڕۆژی ڕاهێنان هەمان ڕۆژە بۆ کرێکارو فەرمانبەران | ١١ |
| | | ڕۆژی ئامادەکردنی فەرمانبەرە نوێیەکە بەمێژووی دامەزراوەکە ئاشنادەکرێت. | ١٢ |
| | | ڕۆژی گەیشتنی فەرمانبەرەکە بەدامەزراوەکە مەرجەکانی گرێبەستی کارکردنی بۆ باسدەکرێت (ڕاڤە دەکرێت). | ١٣ |
| | | ئامۆژگارییەك هەیە دەڵێت: ڕاهێنان لەسەر ئاگر کوژانەوەو ئاسایش لە ڕۆژی ئامادەکردندا باسدەکرێت. | ١٤ |
| | | مافی فەرمانبەری تازە دامەزراوە لەیەکەم ڕۆژی کارکردنیەوە لە بەڕێوبەرێتی تاکەکان داوای ئامۆژگاری بکات. | ١٥ |
| | | بەرپرسی بەڕێوەبردنی کەسەکان بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە چۆنێتی بەڕێوەبردنی کەسەکان بە فەرمانبەرە نوێیەکە دەدات. | ١٦ |
| | | دوای ڕۆژێك لەڕاهێنان، پێویستە هاوکاری فەرمانبەرە نوێیەکە چەند ساتێك بۆ گفتوگۆی ئاسایی لەگەڵ فەرمانبەرە تازەکەدا دەستنیشان بکات. | ١٧ |
| | | ڕاهێنان لەسەر ئاسایش و ئاگرکوژانەوە، پسپۆڕێتی بەڕێوەبردنی کەسەکان نییە. | ١٨ |
| | | بەڕێوەبەرایەتی هیوادارە لەمانگی شوباتدا بەم سیستەمە (سیستەمی کارکردن) ئیش بکرێت. | ١٩ |
| | | بڵاوکراوەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانەوە دەردەکرێت. | ٢٠ |

ئێستا بەتەنها وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی بڵاوکراوەکە، نیشانەیەك لە خانەی ڕاستدا دابنێ. ئەگەر لە وەڵامەکان دڵنیا نەبوویت، ئەوا پرسیارەکان بەبێ وەڵام بەجێبهێڵە.



Scanned with CamScanner

وەڵامەکانی تاقیکردنەوەی خوێندنەوەی خێرا.

| | |
|---|---|
| ١- ڕاست | ١١- هەڵە |
| ٢- هەڵە | ١٢- ڕاست |
| ٣- ڕاست | ١٣- ڕاست |
| ٤- ڕاست | ١٤- هەڵە |
| ٥- هەڵە | ١٥- ڕاست |
| ٦- هەڵە | ١٦- ڕاست |
| ٧- هەڵە | ١٧- ڕاست |
| ٨- ڕاست | ١٨- هەڵە |
| ٩- ڕاست | ١٩- ڕاست |
| ١٠- هەڵە | ٢٠- هەڵە |

ئێستا دەستبکە بەژماردنو بزانە چەند پرسیارت بەشێوەی دروست وەڵامت داوەتەوە، وەڵامەکەی لەم چوارگۆشەیەدا دابنێ ئەوە ☐ تێکڕای وەرگرتنتە.

ئێستا دوو ژمارەمان لەبەردەستدایە بریتین لە:

١- (ئەنجامی خێرایی) لە بڵاوکراوەکەدا چەند وشەت لە خولەکێکدا خوێندۆتەوە.

٢- (ئەنجامی وەرگرتن) چەند پرسیارت بەشێوەیەکی ڕاست وەڵام داوەتەوە.

گرنگ ئەوەیە هاوسەنگیەك هەبێت، ئەگەر نەزانیت چی دەخوێنیتەوە، ئەوا سوود لە خوێندنەوەی خێرادا نییە، هەروەها بەفیڕۆدانی، کاتی زۆر لە جەختکردنەوە بۆ تێگەیشتن بێسوودە.

لە خێراییو تێگەیشتندا، لە میانەی خشتەی داهاتوودا بەراوردی خۆت بە ئاستی جیهانی بکە.

تێکڕای جیهانی بۆ خێراییو تێگەیشتن

ئەم تاقیکردنەوەیە بۆ ئەوە دانراوە، تا خێرایی خۆتی بۆ خوێندنەوەو گوێگرتن پێ بپێویت، تاقیکردنەوەکە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە ڕادەی ناوەندی خێرایی لە

خولەکێکدا (٢٠٠) وشەیە. ناوەندی گوێگرتن (١٤-١٥)یە، ئەگەر ئەنجامەکەت زیاتر بوو لەو وەڵامانە، ئەوا تۆ لە ڕادەی ناوەند باڵاتری، بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی بەهێواشی دەخوێننەوە لەوکەسانەی لە خوێندنەوەدا خێران، زیاتر توانای وەرگرتنیان هەیە. بۆ ئەوەی توانای گوێگرتنت بە ڕێژەی ناوەند بەراورد بکەیت، ئەوا لە خشتەی داهاتوو لە ستوونی (١)دا بگەڕێ، پاشان توانای خێرایت لە خوێندنەوەدا بەشێوەیەکی ستوونی بە ستونی (٢) یان (٣) یاخود (٤) بەراوردبکە، بۆ ئەوەی توانای خۆت بەراورد بکەیت بەڕێژە جیهانێکان.

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
|---|---|---|---|
| ڕێژەی وەرگرتن | تۆ لە ڕادەی ناوەند کەمتری، ئەگەر خێراییەکەت لە خوێندنەوەدا کەمتر بوو لە... | تۆ یەکێکیت لە ٢٥٪ ئەو یەکەمانەی ئەگەر خێرایی خوێندنەوەکەت زیاتر بوو لە... | تۆ یەکێکیت لە ١٠٪ یەکەمەکان ئەگەر خێرایی خۆێندنەوەت زیاتر بوو لە... |
| ٢٠ | ١٠٠ | ١٤٠ | ١٩٠ |
| ١٩ | ١٠٠ | ١٦٠ | ٢٢٠ |
| ١٨ | ١٣٠ | ١٩٠ | ٢٤٠ |
| ١٧ | ١٦٠ | ٢٢٠ | ٢٧٠ |
| ١٦ | ١٩٠ | ٢٥٠ | ٣٠٠ |
| ١٥ | ٢١٠ | ٢٧٠ | ٣٣٠ |
| ١٤ | ٢٤٠ | ٣٠٠ | ٣٥٠ |
| ١٣ | ٢٧٠ | ٣٣٠ | ٣٨٠ |
| ١٢ | ٣٠٠ | ٣٦٠ | ٤١٠ |
| ١١ | ٣٣٠ | ٣٩٠ | ٤٤٠ |
| ١٠ | ٣٥٠ | ٤٢٠ | ٤٧٠ |
| ٩ | ٣٨٠ | ٤٥٠ | ٥٠٠ |

٧- پاشەکەوتکردنی کات

کارگەلێك هەیە ئەگەر بەوردی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، ئەوا کاتێکی زۆری بەفیرۆدراوت بۆدەگەڕێتەوە (پاشەکەوت دەبێت)، نیشانەیەك دابنێ لە پاڵ ئەوکارانەی

کاتت بۆ پاشەکەوت دەکەن‌و لەتەنیشت ئەوکارانەی کە پێویستیان بە گەشەپێدانە.

| ژ | لێهاتوویی | دابینکراوە | پێویستی بەگەشەکردنە |
|---|---|---|---|
| ١ | پلانی پێشوەخت بەر لە دەستپێکی هەرکارێك. | | |
| ٢ | دیاریکردنی ماوەی کۆتایی کارەکان | | |
| ٣ | گیانی ئەرێیەتی لەماڵەکردندا سەرباری بەربەست‌و گرفتەکان | | |
| ٤ | پێسپاردنی (ئبش) بەشێوەیەکی کارا | | |
| ٥ | دەڵێم (نا) بۆ ئەو کارانەی کە لەدەرەوەی پلان‌و ئامانجەکانمە | | |
| ٦ | پەیوەندی باش لەگەڵ سەرۆك‌و بەردەست‌و خاوەن خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی‌و هونەرێکان. | | |
| ٧ | نوسینگەیەکی ڕێکخراو | | |
| ٨ | ئەرشیفێکی ڕێکخراو | | |
| ٩ | خوێندنەوەی خێرا | | |
| ١٠ | سەرەتایەکی ئاشکراوو ڕێکخراو بۆ ئیشکردن لە کاتێکی دیاریکراوداو بەگوێرەی پلان | | |
| ١١ | بەکارهێنانی کۆمپیوتەر | | |
| ١٢ | بەکارهێنانی خشتەی کات | | |

سەرەڕای ئەو پاشەکەوتە سەرەکیانەی باسمانکرد، هۆکاری تریش هەیە یارمەتی پاشکەوتکردنی کات دەدات، هەوڵبدە لەخشتەکەی خوارەوەدا تۆماریان بکە.

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| | سکرتێرێکی کارا | |
| | تەندروستێکی باش | |
| | سەرۆکێکی تێگەیشتوو کارگێڕییەکی باش | |
| | تەکنەلۆجیای نوێ | |
| | ................ | |
| | ................ | |
| | ................ | |

٩- دورخستنەوەی کاتی کۆتایی



Scanned with CamScanner

بەڕاستی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە، یارمەتیدەرتە بۆ ئەوەی بزانیت ئێستا تۆ لەکوێدایت.

| ژ | هۆکارەکانی بەفیڕۆدانی کات؟ | هەمیشە | زۆربەی کات | هەندێکجار | بەکەمی | بەدەگمەنی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئایا بۆ ئامانجەکانت لیستێکی نوسراوت هەیە؟ | | | | | |
| ٢ | ئایا ئەوەندە کاتی پێویستت بۆ بیرکردنەوەو داهێنان هەیە؟ | | | | | |
| ٣ | ئایا پلانت دارشتوە بۆ ڕۆژێك، هەفتەیەك؟ | | | | | |
| ٤ | ئایا ئەو کاتانەی لە چاوەڕوانیو هاتوچۆدایت بەباشی بەکاریدەهێنیت؟ | | | | | |
| ٥ | ئایا بەگوێرەی توانا کارەکانت بە کەسانی کە ڕادەسپێریت؟ | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | ئایا ڕۆژانە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانت، کاتێك بۆ باشکردنی چالاکییەکانت دیاریدەکەیت؟ | | | | | |
| ٧ | ئایا هەست دەکەیت کە دەتوانیت دەست بەسەر کاتەکانتدا بگریت؟ | | | | | |
| ٨ | ئایا ژورەکەت، نوسینگەکەت (کتێبخانەکەت) ڕێکخراون؟ | | | | | |
| ٩ | ئایا کارەکانت بەگوێرەی لەپێشترینیان تەواو دەکەیت؟ | | | | | |
| ١٠ | ئایا هەر چالاکییەك سودی نەبێت دەستبەجێ ڕایدەگریت (تەواوی ناکەیت)؟ | | | | | |
| ١١ | ئایا ئیشەکانت لەکاتی خۆیدا تەواو دەکەیت؟ | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | ئایا دەتوانیت ئەو ئەرکە گرنگانە دیاری بکەیت کە زۆربەی کات ئەنجامیان دەبێت؟ | | | | | |
| ١٣ | ئایا ئەگەر پێویستی کرد، لەتواناتدایە بڵێیت (نا)؟ | | | | | |
| ١٤ | ئایا بۆ پشوو، پیادەکردنی ئارەزوویەك، چاودێری خێزان، کاتێکت دیاریکردووە؟ | | | | | |
| ١٥ | ئایا هەموو ئەوانەی پلانت بۆ دارِێژاوە، لەهەمان ڕۆژدا تەواوی دەکەیت؟ | | | | | |
| ١٦ | ئایا ئەو ئەرکانەی گرانو نەخوازراون لەکاتی خۆیدا (بەبێ دواخستن) چارەسەری دەکەیت؟ | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | ئایا دەتوانیت بەشێوەیەکی لێهاتووانە مامەڵە لەگەڵ میوانو گفتوگۆ تەلەفۆنێکاندا بکەیت؟ | | | | | |
| ١٨ | ئایا کاتی تەواوت بۆ داهێنانو پێشخستنی کارە نوێیەکانت هەیە؟ | | | | | |
| ١٩ | ئایا لە تواناتدا هەیە ئەو کاتانەی لە کاری نوسراودا بەسەری دەبەیت، کەم بکەیتەوە؟ | | | | | |
| ٢٠ | ئایا چاودێری بەڕێوەبردنی کاتەکانت چاودێرییەکی کارایە؟ | | | | | |

کورتەی چۆن سوود لەکاتەکانت دەبینیت؟

ئەم بیرۆکانەی دواتر بریتین لە: کورتەی کتابەکەی (ئالان لاکین)ە کە ملێونو نیوێك دانەی لێ فرۆشراوە.

ناوی کتابەکە: چۆن بەسەر ژیانو کاتەکانتدا زاڵ دەبیت؟"

| ژ | ئامـــــــۆژگـــــــاری |
| --- | --- |
| ١ | هەوڵدەدەم لەهەر کارێك کە دەیکەم چێژ وەربگرم. |
| ٢ | من هەمیشە کەسێکی گەشبینم. |
| ٣ | هەمووکات بیر لە سەرکەوتن دەکەمەوە. |
| ٤ | بۆئەو کارانەی تیایاندا سەرکەوتوو نەبووم، کات بەفیرۆنادەم (حەسرەت ناکێشم). |
| ٥ | بۆ پاشەکەوتکردنی کات، هەموو ڕۆژێك هەوڵدەدەم شێواز (ڕێگا)ی نوێ بدۆزمەوە. |
| ٦ | گشت بەیانیانێك زوو لەخەو ڕادەبم ( شەوان زوو) دەخەوم. |
| ٧ | خواردنێکی سووك دەخۆم تا پاش نیوەڕوان تا وەنەوز نەم باتەوە. |
| ٨ | بەدوای بیرۆکەدا بەخێرایی پەڕەی کتێبەکان هەڵدەدەمەوە. |
| ٩ | چاو بەنەریتە کۆنەکانمدا دەگێڕمەوە، تا بزانم دەتوانم لە نەریتە خراپەکان وازبهێنم، یان لەگەڵ بەرەو پێشچونی ڕۆژگاردا گیانی تازەگەرییان بەبەردا بکەم. |
| ١٠ | بۆ هەتاهەتایە هەموو ئەو کاتانەی لەچاوەڕوانیدا دەیگوزەرێنم پوچەڵ دەکەمەوە، تەنانەت ئەگەر ناچار بووم چاوەڕوانبم ئەوا ئەوکاتە وەك دیارییەك تەماشادەکەم، تەنانەت ئەگەر پلانم بۆ کارێك دارشتبێت یان مەبەستم بەجێگەیاندنی ئیشێك بووبێتو کاتی تەواوم بۆ تەواوکردنیان نەبووبێت. |
| ١١ | سێ خولەك کاتژمێرەکەم پێشدەخەم تا لەکاتی مەوعیدەکانمدا زووتر ئامادەبم. |
| ١٢ | دەفتەرێك هەڵدەگرم تا بیرۆکەو ئامانجەکانمی تیادا تۆماربکەم. |
| ١٣ | لیستی ئامانجەکانی ژیانم ڕۆژانە دەخەمە پێشچاوم، ئەو چالاکییانە دیاریدەکەم کە ڕۆژانە دەتوانم بەشێوەیەکی خێرا بۆ تەواوکردنی ئامانجەکانم. بەدییان بهێنم. |
| ١٤ | چەند ئاماژەیەك لە نووسینگەکەمدا دادەنێم تا ئامانجەکانم بیر بخەنەوە. |
| ١٥ | بۆ یەکەم کار کە لەبەیانیدا هەمیشە پلان دادەڕێژم، گرنگی دەدەم بەو کارانەی کە لەم ڕۆژەدا پێیهەڵدەستم. |
| ١٦ | ئەو لیستە دیاریکراوە لەبەرچاو دەگرم کە لەم ڕۆژانە بەتەواوکردنیان هەڵدەستم، بەپێی گرنگیان ڕێکیان دەخەم، پاشان ئەوەندەی لەتوانامدا بێت گرنگترین کاریان بەخێرایی تەواو دەکەم. |
| ١٧ | کاتێك کارە گرنگەکان تەواو دەکەم پشوویەكو پاداشتێکی تایبەتی بەخۆم دەدەم. |
| ١٨ | سەرەتا بەگرنگترین کار دەستپێدەکەم. |
| ١٩ | بەشێوەیەکی چالاكو گورجو گۆڵ دەستبەکاردەبم. |
| ٢٠ | هەر چالاکییەك بە تەواویو بەشێوەکی خێرا بەرهەمی نەبوو (ئەوەندەی لەتوانادا بێت) دەستبەرداری دەبم. |
| ٢١ | هەرجارەی جەخت دەکەمەوە سەر تەنها کارێك. |

| | |
|---|---|
| ٢٢ | جەخت دەکەمەوە سەر ئەوکارانەی کە لەمەودایەکی دووردا باشترین ئەنجامیان دەبێت. |
| ٢٣ | کاتێک هەست بکەم براوەم، لەناخمدا هەست بە پاڵنەرێکی بەهێزو بەردەوامی دەکەم. |
| ٢٤ | زۆربەی بیرۆکەکانم لەناو لاپەڕەکاندا گردکردۆتەوە (نوسیوەتەوە). |
| ٢٥ | بەیانیان بەتەنها کارە داهێنەرەکان دەکەم، بەڵام کاتەکانی دوای نیوەڕۆ ئەگەر پێویستی کرد بۆ دیدەنی تەرخان دەکەم. |
| ٢٦ | کاتێکی دیاریکراو بۆ دەست هەڵگرتن لەئەرکەکان دیاری دەکەم، ئەرکەکە ئەگەر بەخۆمەوە یان کەسانی ترەوە پەیوەست بێت. |
| ٢٧ | لە هەموو گفتوگۆیەکدا هەوڵدەدەم گوێگرێکی باشبم. |
| ٢٨ | هەوڵدەدەم کاتی کەسانی تر بەفیرۆ نەدەم. |
| ٢٩ | ئەو کێشانەی سروشتی تایبەتیان هەیە، داوای هاوکاری لە پسپۆڕان دەکەم (پسپۆڕانی ئەو بوارە). |
| ٣٠ | هەڵگرتنی لاپەڕەکان کەم دەکەمەوە، هەوڵدەدەم ئەوەی پێویست نەبێت خۆمی لێ ڕزگاربکەم. |
| ٣١ | هەوڵدەدەم هەر پارچە کاغەزێک یەکجار بەکاری بهێنم. |
| ٣٢ | زۆربەی وتارەکان لەسەر پارچە کاغەز نیشانەیان بۆ دادەنێم. |
| ٣٣ | نووسینگەکەم ڕێکدەخەم، بۆ کارکردن دەیگونجێنم، گرنگترین شتەکان لە چەقی نوسینگەکەمدا دادەنێم. |
| ٣٤ | هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدا دادەنێم، تا لەگەڕان بەدوایاندا کات بەفیرۆ نەدەم. |
| ٣٥ | کاتێک لە کۆتایی هەفتەدا مەبەستم بێت کارێک تەواوبکەم، هەوڵدەدەم لەکارکردن ساردنەبمەوە. |
| ٣٦ | هەندێک کات پشوو دەدەمو هیچ کارێک ناکەم. |
| ٣٧ | لەکاتی کارکردن یان خوێندنەوەدا، گفتوگۆی بچوک (کورتو کەم بایەخ) کەمدەکەمەوە. |
| ٣٨ | هەموو کات لەخۆم دەپرسم: ئێستا باشترین ڕێگا بۆ سوود وەرگرتن لەکات چییە؟ |

# لە کۆتاییدا

## کات بریتیە لە ژیان:

ئێستا بەشێوەیەکی کارا فێربوویت بنەماکانی بەکارهێنانی کات بەکاربهێنیت، بیرت بێت کات بەنرخترین شتە کە تۆ خاوەنی بیت، گەورەتریت شت کە بتوانیت وەبەرهێنانی تیادا بکەیت بریتییە لە: ژیانت، دنیات. چونکە ژیانو دنیاتِ ئێستاو داهاتوون.

زۆر بەسادەیی ئەگەر بەفیرۆیان بدەیت ئەوا ژیانت بەفیرۆداوە، لە خۆزگەو خەونەکانتدا ڕۆدەچیت.

لە فەرموودەی پەیامبەردا هاتووە (دروودی خودای لێبێت) "ئەی نەوەی ئادەم: من ڕۆژێکی نوێم بەسەر کارەکانتەوە، لە دەستم مەدە (بەفیرۆم مەدە) تا ڕۆژی دوای ناگەڕێمەوە".

- بەفیرۆدانی کات لە مردن ترسناکترە، چونکە کات بەفیرۆدان داتدەبڕێت لە: خودا، ڕۆژی دوایی، بەڵام مردن لە دنیاو کەسەکانی دوورت دەخاتەوە. (إبن القییم)

لەگەڵ کاتەکانتدا بە توندی مامەڵە بکە ....... بەهێز ..... بە باوەڕەو هەڵسوکەوت بکە.

- "هیچ ڕۆژێك پەشیمان نەبووم بەئەندازەی ئەو ڕۆژەی کە خۆری تیادا ئاوابووەو لەمردن نزیك بوومەتەوە، بەڵام کردەوەیەکەم تیادا زیاد نەکردووە" (کوڕی مەسعود).

لە ڕێکخستنی کاتەکانتدا ستراتیژێکانی پێشوو بەکاربهێنە، تەنها زانین بەس نییە وەك فەیلەسوفی ئەڵمانی گۆتە دەڵێت، بەڵکو پێویستە لەسەرت ئەوەی فێری بوویتە کاری پێبکەیتو جێبەجێیبکەیت، تا لەو کۆمەڵە تایبەتیانە بیت کەهەست بەگرنگی کاتو ئامانجو ئارەزووەکانیان دەکەن.

برای خۆشەویستم:

ئەمڕۆ سبەینێیە، کە دوێنی پەیمانت بە خۆت دابوو کارگەلێکی تیادا تەواو بکەیت.

• ئەبوبەکری سدیق لە وەسێتەکەیدا بۆ عومەری کوڕی خەتاب دەفەرموێت: "پەروەردگار بەسەر بەندەکانیەوە مافێکی لە ڕۆژدا هەیە بەشەو وەریناگرێت، لەشەودا مافێکی هەیە بە ڕۆژ وەریناگرێت".

• هەروەها پێشینان دەفەرموون "هەرکەسێك ڕۆژێك بگوزەرێنێت حەقێکی تیادا جێبەجێنەکات، یان ئەمریەکی تیادا بەدەست نەهێنێت (واتە کارێك بکات پاش خۆی ببێتە مایەی یادکردنەوەی) یاخود ستایشێکی تیادا دەست نەخات، یان کارێکی چاکەی تیادا نەکات یان زانستێکی تیادا بەدەست نەهێنێت ئەوا ستەمی لەخۆی کردووەو لەو ڕۆژەدا یاخی بووە.

• ئەبوبەکری عەیاش دەیگوت: ئەگەر کەسێك درهەمێکی لێبکەوتایە تەواوی ئەو ڕۆژە دەیگوت: پەنا بە خودا درهەمێکم لێکەوت، بەڵام هەموو تەمەنی دەڕوات، ناڵێت: تەمەنم بەسەرچوو، بەڵام کەسانێك هەبوون لەکاتدا دەست پێشخەرییان دەکرد، کاژێرەکانی تەمەنیان ئەزبەر دەکرد، لە گوێڕایەڵی پەروەردگارا ساتەکانی تەمەنییان تەواو دەکرد، لەبەر ئەو هۆیانە لە تەمەنی کورتیاندا کاری گەورەیان ئەنجام دەدا، ئەوە (پێشەوا) ئەبو زەکەریای کوڕی شەرەفە دینی نەوەوی".

☆نەوەوی: ئاماژەیە بۆ گوندی (نەوا) لە وڵاتی سوریا بە تەنها ئەو دێیە (٦٠٠) زانای تیادا هەڵکەوتووە، پەیامبەر (ذالکفل) لەو گوندەدا هەڵکەوتوەو پەیامەکەی ئاشکرا کردووە" (وەرگێڕ)

پێشەوا (نەوەوی) تەنها (٤٥)ساڵی تەمەن ژیاوە، پاش مردنی ئەگەر نووسینەکانی دابەشبکرێت بەسەر تەمەنیدا بەشی هەر ڕۆژێك نوسینی چوار نامیلکە دەکات ئەمە چۆنە؟ گوێڕادێرە وەڵامت دەداتەوە ئەو دەڵێت: دووساڵی تەمەنم شانم نەخستە سەر زەوی، واتە لەسەر کتێب خەو دەیبردەوە. ئێمەش بەسەر دوا ئیمێلەوە خەو دەمانباتەوە(نووسەر)!!

• وتار بێژی بەغدادی دەڵێت: لە عەلی کوڕی عوبەیدوڵڵەی کوڕی عەبدالغفارم بیستووە دەیگێڕایەوە کە محەمەد کوڕی جەریری تەبەری کە لە ساڵی (٣٨٠)کۆچیدا لە دنیا دەرچووە، کۆچکردوو(ئەبووتەبەری) ماوەی (٤٠)چل ساڵ و هەموو ڕۆژێك (٤٠) پەڕەی نوسیووە. واتا نزیکەی(٥٨٤٠٠٠) پەڕە دەکات، ئادەمزاد سەرسام دەبێت بەرانبەر ئەو ژمارەیە کە مێژووی مرۆڤایەتی ئاشنا نەبووە بەوەها کەسێك، ئەگەر

بتزانیبایە ئەو چەند پێداگر بووە لەسەر کاتەکانی ژیانی، تەنانەت لەکاتی گیان دەرچوونیدا سەرسام دەبوویت!

• باوکی وەفا کوڕی عەقیلی حەنبەلی بەغدادی کە لە ساڵی (٥١٣)کۆچی لەدنیا دەرچووە دەڵێ: "بەڕاستی نازانم کاژێرێك لە تەمەنم بە فیڕۆبدەم، تەنانەت ئەگەر زمانم لە یادکردنەوەو گفتو گۆبکەوێت و چاوەکانم توانای خوێندنەوەیان نەمێنێت، هزرم دەخەمە کار لەکاتی ئیسراحەتداو لە کاتێکدا پاڵکەوتووم و هەرچیەك بە یادەوەریمدا هاتبێت نوسیوومە ئێستا کە تەمەنم هەشتا ساڵە خۆم بەگوڕتر دێتە بەرچاو کەکاتێك کوڕی بیست ساڵە بووم"

لە شوێنێکی تردا دەڵێت: کۆششم کەمدەکەمەوە تەنانەت لەکاتی خواردنندا پارچە نانێك کە تەڕی دەکەم و پاشان کە دەیجووم و بەگەرومدا دەچێتە خوارێ، حسابی ئەوە دەکەم کە ماوەیەکم بۆ خوێندنەوە تیادا پاشەکەوت دەبێت یان سوودێکم تیادا دەست دەکەوێت پێشتر پێم نەزانیبێت.

• پێشەوا باوکی وەفا عەلی کوڕی عەقیل: لە پاشە کەوت کردن و سوود بینین لەکاتدا بەرهەمێکی تیادا بەرهەم هێناوە گەورەترین پەڕاوە کەجیهان بەخۆیەوە بینیبێت ئەوەش: پەرتوکی (فنون الفنون) ە کە خۆی لە (٨٠٠) بەرگدا دەبینێتەوە.

• هەروەها قوتابیەکەی پێش مامۆستاکەی کەوتووە، ئەوەتا پێشەوا (إبن الجوزي) کە لە ساڵی ٥٩٧کۆچی لە دنیا دەرچووە دەڵێت:" بەم ئەنگوستانەم دووهەزر بەرگ کتاوم نوسیووە، لەسەر دەستم بیست هەزار جولەکەو گاور مووسڵمان بوون" هەروەها دەڵێت بیست هەزار بەرگ کتێبم خوێندۆتەوە، لە ئێستادا زیاتر هەوڵدەدەم بۆ فێربوون.

خاوەنی کتابی (الكني و الالقاب) دەڵێت: ئەو پێنوسانەی کە (ئیبن الجوزي) لە نوسیندا بەکاری هێنابوو کۆکرانەوە زۆریان لێدەرچوو، لەبەر ئەوە وەسێتی کرد ئاوی مردنەی بەو قەڵەمانە گەرم بکرێت دواتر وەسێتەکەی بەجێگەیەندراو (ئاگرو پشکۆی پێنووسەکان) زیادیان هەبوو.

• پێشەوا ئیبن والقیم دەڵێت:" گەورەترین فەوتان بە فیرۆدانی کات و مردن (فەوتان)ی دڵە، مردنی دڵ هۆکارەکەی سەرخستنی دنیایە بەسەر دوارۆژدا، بەفیرۆدانی کاتیش هۆکارەکەی نەبڕانەوەی هیواو خۆزگەکانە، خراپەکاری کۆدەبێتەوە بەهۆی

شوێن کەوتنی ئارەزووەکان و کۆتایی نەهاتنی هیواکان.

• حەسەن دەڵێت: " کاتی مردنت لەبەرچاو بێت مەڵێ سبەینێ سبەینێ چونکە نازانیت کەی دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا"

• پەیامبەر دروودی خودای لێبێت دەفەرموێت: بەهەشت نشینان داخ و پەژارە بۆ هیچ کاتێك دەرنابڕن تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە یادی خودایان تیادا نەکردووە.

• هیچ کەسێك نیشانەکانی ڕێگا نابینیت ئەگەر ئارەزوو نەکات پیادا بڕوات.

عومەڕی، کوڕی، خەتاب دەفەرموێت: زۆرم پێناخۆشە یەکێکتان ببینم بە بێکاری (بەتاڵی)کارێك بۆ دنیای و دینی نەکات.

• عومەری کوڕی عبدالعزیز کاتێك لەلایەن هەندێ لە براکانێوە(برای ئاینی) ئامۆژگاری کرا: پێیان وت: پێشەوای موسڵمانان ئەگەر پشووبدەیت، ووتی کێ پاداشتی ئەو ڕۆژەم دەداتەوە؟ وتیان سبەی ڕۆژ پاداشتەکەی وەردەگریتەوە(واتە پشووبدە)، ووتی" کاری ڕۆژێك هیلاکم دەکات چیبکەم ئەگەر کاری دوو ڕۆژم لەسەر کۆبێتەوە".

کات بریتیە لەژیان، هەرکەسێك کاتەکانی بەفیڕۆبدات ئەوا ژیانی بەفیڕۆداوە، زۆر جێگای سەر سوڕمانە کەسانێك دەبینرێت بە بێبایەخ دەڕوانە کاتەکانیان و بەفیڕۆی دەدەن، تەمەنیان دەڕوات دنیا بەجێدەهێڵن بێئەوەی کارێکیان کردبێت لەپاش خۆیان شوێنەواری دیاربێت، لە لاپەڕەکانی مێژوودا وەبیر ناهێنرێنەوە تەنانەت ئەوکەسانە لە ژیانیشدا لەبیری خەڵکیدا نین.

ئەوە میراتی زانایان و پێشینانی ئەم ئوومەتەیە (ئوومەتی ئیسلام) بۆ سوود وەرگرتن لەکات و گرنگی دان بەکات.

ئێستا بە شێوەیەك بژی کە دواساتی تەمەنتە، بە باوەڕەوە بژی، بە خۆشەویستی پەروەردگارەوە بژی، شوێنکەوتەی ئاکارەکانی پەیامبەربە، بەکۆششەوە بژی، بە هیواوە بژی، بە ئارام گرتنەوە بژی و بەهای ژیان بزانە (نووسەر).

# پاشبەند

## کارگێڕی کات:

کێشەی بەڕێوەبردن وڕێکخستنی کات جیاواز نییە لە ئاریشە کارگێڕیکانی تر، کە ڕۆژانە لە کات و شوێنی کاردا ڕوو بە ڕووی هەر کەسێکمان دەبێتەوە، پاشان دەبێت ئەم ئاریشەیە وەك هەرکێشەیەکی تر بخرێتە چوارچێوەی کۆمەڵێك بناغەو بنەمای کرداریەوە، پێویستی بە دیاریکردن و شیکاری یە، هەروەها پێویستی بەپلاندانان و ڕێکخستن و چاودێری یە.

ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کات کارێکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن لە ئیشکردندا، چۆنێتی تەواوکردنی کارەکە بۆ تۆ بەجێدەهێڵدرێت، چونکە لە پلەی یەکەمدا کاتەکە چرکە ساتەکانی ژیانی تۆیە پەیوەستە بەکەسایەتی تۆوە، ئەگەر تێگەیشتیت لە بنەما بنەڕەتیەکانی کات و هەوڵتدا ئەم بنەمایانە بە شێوەیەکی زانستی جێبەجێبکەیت، لەم بوارەدا ئامادەی هەڵگری نارەحەتیەکان بوویت توانیت ئەم بنەمایانە بگۆڕیت بە نەریتی ڕۆژانەت ئەوکات تۆ هەلی زیاترت لە بواری کاردا بۆ دەرەخسێت بۆئەوەی سەرکەوتووبیت.

هەروەها لەزۆربەی کاتدا داب و نەریت و پەیوەندیە تایبەتی و خێزانیێکانمان لە کەشی کاردا پاڵەپەستۆیەك دروست دەکەن بەتایبەت لەکۆمەڵگا ڕۆژهەلاتێکان ناتوانین کاریگەرییان کەمبکەینەوە، بەشێوەیەك پرسیاری زۆر دەکرێت دەربارەی ئەندامانی خێزان، هاوڕێیان، باردۆخی گشتی و شوێنی کارکردن، بەڵام ئەوەی گومانی لێناکرێت گرنگیدان بە ڕەگەزی کات و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ژیرانە ڕێگای پێشکەوتنە.

هەروەها شارەزایی کەسەکان لەدروستی ڕێکخستن بەمەبەستی تەواوکردنی کارەکانی یەکێکە لە ڕەگەزەکانی سەرکەوتن لە کاردا، سکرتێر لە نوسینەگەی کاردا لەژێر پاڵە پەستۆی کارو گوژمەی (تدفق) زۆری زانیاریدایە، بۆبەڕێوەبردنی کار بەشێوەیەی کارا، پێویستە سکرتێر شارەزایانە توانای دیارییکردنی سنوورو ڕێکخستنەکانی کاری هەبێت.

# بەشی یەکەم کاتگێڕی:

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە کات سەرچاوەیەکی ئابووری دەگمەنە و بەیەکێک لەسەرچاوە دەگمەنەکانی ئابووری دادەنرێت، بەشێوەیەکی ئاسایی ئابووریناسان گرنگی دەدەن بە کۆمەڵگاکان لە چۆنێتی بەکارهێنان و دیاریکردنی سەرچاوەکانی بەردەستیان وەك: (زەوی، کار، سەرچاوەی بەکارنەهاتوو، سەرمایە) و بەکارهێنانیان لە بواری جۆراو جۆرو جیاوازدا لەمیانەی دەزگاو یەکە ئابوورێکانەوە وەك: ڕێکخراوەکانی کارو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و ...تاد.

بەڵام لەسەر ئاستی تاك دەبینین تاکەکان بەهەمان شێوە سەرچاوەی مادی جیاوازیان هەیە، بەڵام جیاوازن لە قەبارەو بڕی ئەو سەرچاوانەدا، هەروەها سەرچاوەی تریشیان هەیە کە بەردەست نییە وەك: شارەزایی، تواناو لێهاتوویی.

کات سەرچاوەی بڕیاردەدرە لە چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەدا(زەوی، کار، سەرچاوەی بەکارنەهاتوو، سەرمایە)، بەم شێوەیەکات لەسەرچاوەکانی تر جیادەکرێتەوە، کات سەرچاوەیەکە لەبەردەستی هەمووانداا.

- کات ناتوانرێت هەڵبگیرێت یان پاشەکەوت بکرێت.
- کات ناتوانرێت بکڕدرێت یان بفرۆشدرێت.
- ناتوانرێت کات قەرزبکرێت، یان بەکرێ وەربگیرێت یاخود دەستی بەسەردا بگیرێت.

مەبەست لە کاتگێری چییە؟

مەبەست لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کات بەکارهێنانی سەرچاوەکانی بەردەستە بە شێوەیەکی نموونەیی، بەکاتیشەوە بە شێوەیەك کەسەکە توانای بەدیهێنانی ئامانجەکانی کارکردنی هەبێت.

هەروەها ئامانجە کەسییەکانیش بەهەمان شێوە، خراپ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کات خوویەکی خراپە پێویستە کاربکرێت بۆ نەهێڵانی.

پێداویستێکانی ڕێکخستنی کات:

ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کات جیاوازنییە لەڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کار، ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کات دەخوازێت لەسەر هەموو تاکێك ئەم کارانە بکات:

شیکردنەوی کات:

ئەم هەنگاوە پەیوەستە بە دابینکردنی داتای پێویست بەشێوەیەکی تەواو سەبارەت بە: چۆن و لەکوێ، خەرجکردنی کاتەکانی بەردەست، هەروەها دابینکردنی داتای پێویست دەربارەی ئەو بەربەستانەی دەبنە هۆی بەکارهێنانی کات بەشێوەیەکی ئاسایی، ئەمکارە دەخوازێت بە تۆمارکردنی کات و ڕوونکردنەوەی چالاکی و کاری ڕۆژانە ئەوەش بۆزانینی بڕی کاتی پێویستە لە تەواوکردنی هەرکارێکدا.

پلاندانان و ڕێکخستنی کات:

پلاندانان یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردن، کەسی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە دەزانێت لە ژیانی ڕۆژانەدا یاخود لە بواری کارکردندا چۆن کاتەکانی بەڕێوەبەرێت، پلاندانانی کات پێویستی بە دیاریکردنی ئەولەویاتی کارو چۆنێتی جێبەجێکردنێتی، لە پلەی یەکەمدا نابێت خۆمان بەکارانەوە سەرقاڵ بکەین کە گرنگیەکی ئەوتۆ یان کەڵکێکی ئەتۆیان لێنابینین، بەڵام پێویستە جەخت بکەینەوە سەر ئەوکارانەی کە گرنگیان زۆرە تا بەشێوەیەکی دروست کاتەکانمان خەرجبکەین هەروەها پێویستە گونجاندنێك هەبێت لە نێوان: کار، چالاکی و کاتی دیاریکراودا، بۆئەوەی هیچ پێکدادان و تێکلاوبونێك لە تەواوکردنی کارو چالاکییەکان لەلایەنی کاتەوە دروست نەبێت.

هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی کات:

پێویستە لەسەر هەموو تاکێك بە گرنگی پێدانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ کاتدا بکاتکات وەك: شمێرە ئەگەر نەیبرێت دەتبرێت، هەوڵبدات بە شێوەیەك کاتەکانی بەگەڕبخات لە کۆتایدا کەڵکی بۆی هەبێت، لەم بوارەدا دەبێت کاتەکانی بەشبکات بەگوێرەی ئەولەویاتیان، پاشان دەبێت شیکاری کاتەکانی بکات و چاودێرییان بێت و قۆناعەکانی پێشوو بەشێوەی ڕۆژانە یان هەفتانە، هەڵبسەنگێنێت بۆ ئەوەی بواری جێبەجێکردنی پلانەکانی لەبواری ڕێکخستی کاتەکانی و مەودای پەیوەست بوونی بەکاتەوە ببینێت، هەروەها بەمەبەستی گونجاندنی باردۆخ و سروشتی کار ئایا کارەکان پێویستیان بە ڕاستکردنەوە (چاککردنەوە) هەیە.

بەم شێوەیە کرداری بەڕێوەبردنی کات کارێکی بەردەوام و لێکدراوە لە: شیکردنەوە، پلاندنان، ڕێکخستن، چاودێری و هەڵسەنگاندن.

هۆکارە کاریگەرەکان لە بەکارهێنانی کاتدا:

ڕۆژانە کرێکاران ڕوو بەڕووی پەستانی کار دەبنەوە لەکاتی ئیشکردندا هۆکارەکەی ژینگەی ناوخۆ یان لە دەروبەری کار بێت ئەم هۆکارانە بارگرانییەکی زۆرن لەبەردەم بەکارهێنانی کاتدا، پەیوەندی ناوخۆ ڕەنگ دەداتەوە لە پەیوەندی سەرۆك لەگەڵ بەردەستەکانیدا، پەیوەندی لەگەڵ هەمیشە کریارەکاندا، پەیوەنددی هاوڕێیان و فەیرانەکان بەکۆی هەموویان پەستانی ناوخۆپێکدەهێنن، بەڵام هۆکارە دەرەکییەکان خۆی لەشێوەی ڕێکخراوەکان، پەیوەندی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیریدا دەبینێتەوە، ئەم هۆکارانە جۆرێکی تری پەستانە کە کاردەکاتە لەسەر پلاندانان و ڕێکخستنی کات.

# بەرنامەی کارگێڕی کات

ماوەی بەرنامەکە: (۳) ڕۆژی ڕاهێنان.

کۆی کاژێرەکانی ڕاهێنان: (١٥)کاژێری ڕاهێنان.

تۆێژی بە ئامانجکراو لە ڕاهێنانەکەدا: فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکان، بەڕێوەبرایەتییەکانی ناوەند (الإدارات الوسگی).

١- چەمکی کاتگێڕی.

٢- هونەری کاتگێڕی.

٣- پەیوەندی بەڕێوەبردنی کات بە پلاندانانەوە.

٤- پەیوەندی کاتگێری بە ڕێکخستنەوە.

٥- بەڕێوەبەرایەتییەکی کارا بۆ کات.

٦- بەفێڕۆدانی کات.

٧- جێبەجێکردنی کات وەك ستراتیژ.

٨- ڕێگاکان (شێوازەکان)ی ڕێکخستنی کات.

سروشتی کات و ڕێکخستن:

- کات ژیانە
- ئەگەرکاتەکانت بە فیڕۆدا
- ئەواژیانت بە فیڕۆداوە

سروشتی کات:

٢/١ کات دەڕوات: کات بە ڕێژەیەکی دیاریکراو دەڕوات.

٢/٢ ناتوانرێت کات کۆبکرێتەوە، لەکاتێکی تردا بەکاربهێنرێت.

٣/٢ کات دوژمن نییە، دەتوانرێت لە بەرژەوەندیمان بێت، ئەگەر ئێمە توانیمان بەشێوەیەکی باش سودی لێوەربگرین.

٤/٢ ناتوانرێت لە کۆگایەکدا کات بکڕدرێت، هیچ کەس کاتی تەواوی نییە.

٥/٢ لە توانادا نییە کات درێژبکرێتەوە، بەڵکو دەتوانرێت پەلە بکرێت لە جێبەجێکردندا بەم شێوەیە بەفیڕۆدانی کات کەمبکرێتەوە.

٦/٢ لەتوانادا نییە کات هەستی پێبکرێت یان بپێورێت، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری بەسەر هەموو شتێکەوە هەیە.

Scanned with CamScanner

# ڕیز بەندکردنی کات:

بەگوێرەی ڕیزبەندکردنی گەردوون، پێنج تێگەیشتنی جیاوازهەیە بۆکات بریتین لە:

٣/١ کاتی مادی: بریتیە: لە پێوانەی لاشەی تەنێکی مادی بەنسبەت تەنێکی مادی ترەوە وەك: سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا.

ئەم پێوانەیە لکێنراوەو لە توانادا هەیە دابەشبکرێت بۆ یەکەی بچوك وەك: چرکە، خولەك، دەست لێدان.

٣/٢ کاتی دەروونی: بریتیە لە شێوەیەك لە شێوەکانی هەستی ناوەکی و پەیپبردنی ئادەمزاد بەخۆی، پشت ئەستوورە بەسروشتی ڕوداوێك یان لایەنێك کەسەکە خۆی لەولایەنەدا بێت سەرەڕای لایەنی دەروونی.

٤/٣ کاتی کۆمەڵایەتی: ئەم شێوەیەیان جیاوازە لە دەستەواژەکانی پێشوو، بەشێوەیەك ئەم کاتە بەڕووداوە کۆمەڵایەتێکان دەپێورێت وەك: کۆچی پەیامبەر محەمەد (دروودی خودای لێبێت)یان هەڵگیرسانی جەنگی جیهانگری دووەم.

٥/٣ کاتی میتافیزیکی: بریتیە لە کاتی ئەودیوو سروشت، زانیاریمان دەربارەی کاتی میتافیزیکی دیاریکراوە، لە پەڕاوە ئاسمانێکاندا کاتی میتافیزیکی باسکراوە وەك: ڕۆژی دوایی، دەستەواژەی کاتی میتافیزیکی جیاوازە لە کاتی مادی.

سێ هەنگاوی سەرەکی هەیە لە میانەیاندا دەتوانین سودی تەواو لەکات وەربگرین: سود وەرگرتن لەکات بە شێوەیەکی تەواو:

أ. تۆمارو شیکارگردنی کات، بۆ تۆمارکردن پێویستە:

١- ڕوونکردنەوەی جۆری ئیشەکە بەشێوەیەکی وردو بەپێی توانا.

٢- ڕوونکردنەوەی چۆنێتی، بەسەربردن (تەواوکردن)ی کات: وەك گفتوگۆی تەلەفۆنی، (دروستکردن و کاری) لیژنەکان.

- ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنەی کارەکەی تیادا تەواو دەکرێت وەك: نوسینگە، دەرەوەی نوسینگەو دەرەوەی وڵات.
- دیاریکردن(باسکردن)ی ئەو کەسانەی کاتیان لەگەڵدا بەسەر دەبرێت وەك: سەرۆکەکان، بەردەستەکان.

ب. کۆکردنەوەی کات

چالاکییەك کاتێکی زۆری دەوێت،کام ئیش لە تواناداپە بسپێردرێت بەکەسێکی تر بەهەمان لێهاتووی وتەنانەت بەشێوەیەکی باشتر دەتوانێت تەواویبکات؟

بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە پێویستە سیستەمێك دابنرێت بۆ کارە گرنگەکان (لەپێشترینیان).

کام لە ئەرکەکان دەتوانرێت بەشێوەیەکی گشتی یان بەشێکی بسپێردرێت بەکەسانە کە.

١- گەشت (گەشتی بەڕێوبەر بۆ دەرەوەی فەرمانگەکەی یان دەرەوەی وڵات).

٢- کۆبونەوە.

میوانداری و ئاهەنگ.

٣- پێویستە لەسەر بەڕێوبەر بەڕاشکاوانە لە بەردەستەکانی بپرسێت چکارێك من ئەنجامی بدەم دەبێتە هۆی بە فیرۆدانی کاتی کەسانی تر.

- بەنموونە:

ئەو کۆبونەوانەی کە بەڕێوبەر بەردەستەکانی بانگ دەکات بەمەبەستی دەرکردنی بڕیارێك، دواتر ئاگادار کردنەوەی بەردەستەکان بەبەشداری و گرنگی ئەو کۆبونەوەیە، (پێتەر دراکەرPeter Drunker)گرنگترین ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی بە فیرۆدانی کات کورت دەکاتەوە لە:

أ. خراپی بەڕێوەبردن و ناجێگیری ڕێکخستن(ڕێکخستی کار).

ب. زۆری ژمارەی کرێکاران.

ت. نەبوونی زانیاری پێویست و سیستەمی پەیوەندی کردن.

ث. (زۆری) نەمزانی نووسەر مەبەستی چی بووە/ وەرگێڕ

- سەردانی لەناکاو(چاوەڕوان نەکراو).
- دوو دڵی لە دەرکردنی بڕیارو ترس، لە هەڵەکردن.
- ڕادەستکردنی کار بەهەڵە.
- خراپ ڕێکخستنی کارەگرنگەکان (دەستپێنەکردن بە گرنگترینیان(.
- درێژەدان (زۆر قسەکردن)بە گفتوگۆی تەلەفۆنی.
- چالاکی گەلێك کە پێشتر پلانی بۆ دانەرێژراوە.
- (پێبرین )دەست تێوەردانی کار لەلایەن کەسانی ترەوە.
- سەرپەرشتیکردن بە شێوەیەکی خراپ.



Scanned with CamScanner

- دەست بەکارکردن دوور لەداڕشتنی(هەبوونی)پلانێکی تەواو.
- (دەفتەری تۆمار) ئەو سیپارانەی ڕێك نەخراون وزانیاریکان بەشێوەیەکی ئالۆز تیایاندا تۆمار کراون.
- گفتوگۆو تێکلاوبوونی کۆمەڵایەتی لە ناوەدزگای کارکردندا.
- گرنگی دان بەکاری بێبایەخ.

٤- جیاکردنەوەی ئەو پەیوەندیانەی بەربەستن وماوەکەی لە پێنج دەقیقە کەمترە.

٥- ماوەی نووسین (٢تا٣) هەفتە بێت، لەماوەی ساڵێکدا (٢تا٣) جار بێت بەو شێوەیە وێنەیەکی ڕاست دەربارەی چۆنێتی تەواوکردنی کاتت بۆ دەردەکەوێت.

نووسین بە دوو قۆناغدا دەڕوات بریتین لە:

یەکەم: تۆمارکردن بەپێی ڕیزبەندی کات لە دەستپێکردنیەوە تا کۆتایی.

دووەم: ڕیز بەندکردنی ئەو زانیاریانەی هاتوون(مدخلات)، دانانیان بەگوێرەی جۆری چالاکی کۆبونەوە، گفتوگۆی تەلەفۆنی، مامەڵەکان.

یان بەپێی ئەو کەسانەی کاتیان لەگەڵدا دەگوزەرێنیت وەك: "هاوڕێیانی کار، سەرۆکەکان، خزم (کەسانی نزیك)، خێزان"

یان بەگوێرەی بابەتەکان" پلاندانان، ڕێکخستن، فەرمانبەرەکان، دارایی ...تاد".

هۆکارە بلاوەکانی بە فیرۆدانی کات:

بەفیرۆدانی کات:

- نەبوونی پلان.
- دیارینەکردنی کارە لە پێشینەکان(گرنگترینیان) بە شێوەیەکی دروست.
- (بەڕێوەبردن بەکێشە)بەڕێوەبەرایەتی هەمیشە لەکێشەدا بێت و بە ئاریشەکانەوە گرفتار بێت.
- پەلەکردن لە دەستەکەوتدا.
- تەلەفۆن.
- (کۆبونەوەکان)زۆری کۆبونەوەکان و خەرجکردنی کاتێکی زۆر لەو پێناوەدا.
- دوو دڵی و دواخستن (لەجێبەجێکردنی) کارەکان و دەرکردنی بڕیارەکاندا.
- کاری کاغەزو خوێندنەوە.

ئیشه ئاساییەکان.)و کارەکان(چەندبارەکردنەوەی

- ڕۆتین (چەندبارەکردنەوەی کارەکان)و ئیشه ئاساییەکان.
- میوانەکان.
- ڕادەست نەکردنی کارەکان(گردبوونەوەی) له دەستی کەسێکدا.
- پابەندبوونێکی زۆر بەکارەوە .
- هۆکاری چاوەڕوانکراوله بەفیرۆدانی کاتدا:
- کەم وکورتی له زانین و زانیاریدا.
- ئارەزووی زانینی بابەتەکان بەدرێژی(تەواوی).
- ئارەزووی کاراکردنی سکرتێر.
- بەفیرۆدانی کات له چاوەڕوانیدا.
- دوودڵی لەچالاکی، له دەرکردنی بڕیاردا.
- چارەسەری گونجاو(بۆ کات بە فیرۆ نەدان):
- وەڵامدانەوەی داواکارییەکان.
- له ڕۆژدا(ڕۆژی کارکردن)کاتێکی دیاریکراو دابنێ بۆ وەڵامدانەوەی گفتوگۆ تەلەفۆنێکان.
- گفتوگۆ تەلەفۆنێکان وازلێبهێنە بۆ سکرتێر.
- شێوازێکی تر بگرە بەر بۆ ئیش پێکردنی کەسانی تر، لێهاتوویت پیشان بدە.

هۆکاری چاوەڕوانکراو:

- ترس (له سەرکەشی) لەجێبەجێکردنی کارو دەرکردنی بڕیاردا.
- بەڕێوەبردن بەلیژنە.
- کەم باوەڕی بەخۆ.
- پیشاندانی سستی له ڕابەرایەتیکردندا.
- داواکردنی ڕاستی و زانیاریێکان زیاد له پێویست.
- سەرکەشی نەکردن.
- دەرکردنی بڕیار بەشێوەیەکی ناڕاست.
- چارەسەری گونجاو:
- دانانی سیستەمێك کە بڕیاردان تیادا بە کۆمەڵ بنەماو بناغەی خۆی هەبێت، له ڕێگەی هاوڕێکانتەوە بزانە شێوەی پەیوەندی کردنت هاوسەنگە یان زیاد له پێویست

ئەو کارە ئەنجام دەدەیت.

- بەکارهێنانی ڕۆژ ژمێرێکی ڕۆژانە.
- ماوە بدە ئەوانی تر(هاوکارەکانت) پێشوەخت خشتەو ئامانجی کۆبونەوەکە بزانن.

- هۆکاری چاوەڕوانکراو:
- پێشکەوتنی گەورە لە بواری زانیندا.
- پوختە نەکردنی زانیاریکان بە شێوەیەکی ورد.
- وازهێنان لە پەڕەکان و بڵاوبوونەوەیان.
- کاری ڕاستەوخۆ بەسەر هەر بەشێکی کارەوە.
- زیاد پشت بەستن بە هاوکارەکان لە بواری کارکردندا.
- قبوڵ نەکردنی (پێسپاردن) پێسپاردنی کارەکان.
- چارەسەری گونجاو.
- بازنەی لێپێچینەوەکان فراوان بکە تا دەگەیت بەڕاستیەکان دواتر پاشکەوت کردنی ئەو (زانیاریانە) سودلێوەرگرتنیان لەکاتێکی تردا.
- بەشێوەیەك سەرکەشیەکان وەربگرە وەك ئەوەی کارێکی بەلگە نەویستن.
- بەشێوەیەك گریمانەکان وەربگرە کە لە هەندێ کاتدا هەڵەن.
- پشت بەستن بە شێوازی: ئامانج، جێگرەوە، ئەنجام، بڕیار.
- بەئارەزوو مەندانە (بخوێنەرەوە) ئەوەی پەیوەستە بەچارەسەری گرفتەکان لە نێو شێوازەکانی چارەسەردا.

- هۆکاری چاوەڕوانکراو:
- چێژ وەرگرتن لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.
- (سیاسەتی دەرگای کراوە)گوێگرتن لە هەر بۆچون و پێشنیارێك.
- نەبوونی توانای تەواو لە پێشوازی کردنی میوانەکاندا.
- ترس لە کەم توانایی هاوکارەکانی کارکردن.
- هەبوونی سیستەمێکی خۆسەپێنەر لە بەڕێوەبردندا.
- بارگرانییەکی زۆر بدرێت بەسەر کرێکارەکاندا.
- چارەسەری گونجاو:



Scanned with CamScanner

- دانانی سیستەمێك لەگەڵ سکرتێردا بەمەبەستی چاککردنی زانیارێکان.
- ئیشەکان ڕابسپێرە، تیۆری بارتوت لەیاد بێت(٢٠٪،٨٠٪).
- بە هاوبەشی لەگەڵ سکرتێردا سیستەمێك دابنێ بۆ چاککردنی کارەکان.
- کارەکان ڕادەستی هاوکارەکانت بکە دەبێتە هۆکاری ڕاهێنانیان.
- بیر لە ئەنجامەکان بکەرەوە نەك چالاکیەکان.
- لە شوێنێکی تر کاربکە.
- هۆکارە چاوەڕوانکراوەکان:
- ئاسۆیەکی (فراوان لە بیرکردنەوەدا) و گرنگی پێدانی زۆر.
- گەورەبوونی قەبارەی کار (فروان بوونی بواری کار(.
- چارەسەری گونجاو:
- پلانی دەرگای کراوە مانای ئەوە نییە پێشوازی لە گشت کەسێك بکرێت، ئەم پلانە ڕاست بکەرەوە.
- لەهەڵسوکەوت و پلانەکانتدا ئاشکراو دیاریکراوبە، با سەردانیکەر بزانێت کە ئیلتزاماتی کارت هەیە.
- خۆت ڕابهێنە، ڕاوێژبکە، فێرخوازبە.
- بەوردی بە سیستەمی ڕابەرایەتیدا بچۆرەوە.
- ڕێکخستن ئامادەبکە، فورسایی کار دیاریبکە.
- ئەنجامە فەرمییە داواکراوەکان دیاریبکە.
- بۆ چاودێری نەخشەی باشترین سیستەم بکێشە.

٥- پلانێکی (١٠) خاڵی بۆ دەست بەسەراگرتنی کات:

٥/١ یادخەرەوەیەکی بچوك ڕێکبخە و پارێزگاری پێوە بکە.

٥/٢ پلانەکانت لەسەر ئاستی مانگێك دابنێ.

٥/٣ تەنها ئەو ئامانجانە تۆمار بکە کە مەبەستە تەواویان بکەیت.

٥/٤ ئەو ئامانجانەی مانگانە دەتەوێت بەدەستیان بهێنیت یادداشتیان بکە.

٥/٥ پلانێکی دیاریکراو دابنێ بۆ ئەو چالاکیانەی کە لەسەر بنەمای کاری ڕۆژانە تەواودەبن.

٦/٥ بەبەکارهێنانی کات هەرچالاکییەکی تازەی ڕۆژانە یادداشت بکە.

٧/٥ زیادە ڕەوی مەکە لە بەکارهێنانی کاتژمێری کاردا.

٨/٥ لەم چرکە ساتەوە بەهای هەر چرکەیەك بزانەو وەك هەلێك تەماشای بکە.

٩/٥ بەشێوەیەکی گشتی سوود لەو بەهایانە وەربگرە.

١٠/٥ ئێسا وەك خاوەن (خاوەنی کات) تەنها کات وەربگرە.

٦- ئامۆژگاری بۆ کەمکردنەوەی بە فیرۆدانی کات:

- بزانە (بیدۆزەرەوە):کاتەکانت چۆن بەفیرۆدەچێت، ئەمکارە بەخەملاندن نابێت (دەکەویتە هەڵەوە).
- دوربکەوەرەوە لەو شتانەی دەتوانیت دەستبەرداریان بیت.
- ئەو کارانەی کەم بایەخن ڕایان بسپێرە.
- چاودێری ئەوکارانە بکە کە دەتوانیت بە پلان یان سیستەمێکی نوێی کارکردن چارەسەری بکەیت.
- ئەو پلان (هەنگاو) و سیستەمەنوێیە بەم شێوەیە پیادە دەکرێت:
- گەشە بەتواناکانت بدە.
- نەریتی نوێ لەکارکردندا پیادە بکە.
- بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانت (تەواوکردنی ئیشەکانت) تواناکانت بەگەڕبخەو بەردەوام بە.
- کارەکانت بەشێوەیەکی ڕێکخراو تەواو بکە.
- کۆتایی هێنان لەو جێگایەیی کە دەست پێکی کاربوویت تیادا.
- ئاگادار (خۆپارێز) بە لە دەست هەلگرتن لەکاتی کارکردندا.
- پێدا نەچونەوە بەزانیارێکاندا ئەگەر پێویست نەبوو.
- برسیار لە خۆت بکە:
- بۆچی ئەم کارە دەکەم؟
- بەڕاستی ئەو ئیشە شایانی تەواوکردنە؟
- چۆن ئامانجەکان بە دیدەهێنم (تەواودەکەم).
- دەست پێشخەر بە؟
- ئەو داتاو زانیاریانەی پێویستن تەنها یەکجار کۆیان بکەرەوە.
- ئاوڕ لە ڕابردوو مەدەرەوە(مەگەڕێرەوە بۆ دواوە).

- هەوڵ مەدە بگەیتە پلەی کەمال(تەواو).
- لە بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەکاندا وریابە.
- حەق خوازبە.
- شوێنکاری دروست هەڵبژێرە.
- دروستی هەنگاوەکانی تەواوکردنی کار تاقیبکەرەوە، بەو ڕاپرسیانەدا بچۆرەوە کە لەگەڵ سەردانیکەراندا کراون.
- خۆێنەرێکی چالاك بە، ئایا لەتواناتدایە ئەوپرسیارە لە کەسانی کە بکەیت.
- سیاسەتی دەرگای کراوە بە شێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنە.
- کاتی دیدارت لەگەڵ کرێکارو بەردەستەکانتدا دیاریبکە.
- ئایا دەتوانیت هەمیشە کرپارەکان پەیوەست بکەیت بەکاتەوە؟
- هەوڵبدە سکرتێرەکەت، هاوکارەکەت، ئەو شتە یان (ئەو کارە) نائاساییانەت بۆ دیاریبکات بەمەبەستی بە ئاگابوونت لێیان.
- لە ئێستاوە سیستەمێکی کارا بۆ پاراستن بەکاربێنە.
- پشت ئەستووربە بە سیستەمێکی بیرخەرەوەی کاراو لیستێکی پێداچوونەوەی کارا.
- ئەگەر پێویستی کرد داوای کۆبونەوەبکە و هەوڵبدە دەست بەسەر لیژنەکاندا بگریت.
- یادەوەریەکان بەدەست خەتی خۆت بنووسە.
- تەلەفۆن بەکاربهێنە.
- لە چوارچێوەی بابەت دەرمەچۆ.
- پلانێك بۆ گفتوگۆ ئامادەبکە.
- لەژێر ڕۆشنایی تەواوکردنی کارەکاندا دۆسییەك دابنێ بۆ زانیاری و ئەوکارانەی تەواوبوون و دورن لە نوسینگەکەتەوە.
- هەرکاتێك هەلێکت بۆ هەڵکەوت لەگەڵ سەرۆك و هاوڕێ و بەردەستەکانتدا باسی چۆنێتی پاشەکەوتکردنی کاتیان لەگەڵدا بکە.

## کارگێڕی قەیران (إدارة الأزمات):

## قەیران چییە؟؟

دۆخێکی لە ناکاوە، ئاراستەی کار دەبات بەلایەکی نەخوازراودا، ئەگەر بەشێوەیەکی باش چارەسەر نەکرێت، بەکارەسات تەواو دەبێت و ئەنجامەکەی لەوانەیە ببێتە کۆتایی هێنان بەڕێکخراوەکە.

ئەم ڕووداوە نائاساییە دەبێتە هۆی پچڕانی هەموو ڕێگایەکی کارکردن بەشێوەیەکی ئاسایی یان گۆڕانی ئاراستەی (کارکردن، ڕێکخراوەکە) بەرەو دۆخێکی خراپتر.

ئەو قەیرانانەی ڕێکخراوەکان پیایاندا تێپەڕدەبن لەڕووی ماوە یان لەڕووی هۆکارو سروشتی قەیرانەکەوە چەند جۆرێکن کاتی ڕوودانی قەیرانەکە لەوانەیە بەردەوام، وەرزی، کاتی یان لەناکاو بن.

### ڕەهەند و پێکهاتەکانی قەیران:

کاتێك توێژینەوەی قەیرانێك لە قەیرانەکان دەکەین پێویستە بە شێوازێکی زانستیانە لەگەڵ ئەوقەیرانەدا مامەڵە بکەین، واتە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قەیرانە یان قەیرانەکاندا بەشێوەیەکی دیاریکراو بێت نەك بەشێوەیەکی ڕەها چونکە کاریگەری قەیران یان قەیرانەکان بەو شێوەیە (بەوشێوەیەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت) ڕەنگ دەداتەوە.

## چەمکی قەیران:

بەکارهێنانی دەستەواژەی قەیران کۆنەو بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی پزیشکی لە ڕۆژگاری ئەغریقێکاندا قەیران واتە: " خاڵی وەرچەرخان" ئەو چرکە ساتەیە بڕیاری یەکلایکەرەوەی تیادا دەدرێت لە ژیانی نەخۆشدا. ئاماژە بووە بۆ ئەو گۆڕانە بنەڕەتییەی کە لەلاشەی نەخۆشەکەدا ڕوو دەدات. لە چاخی (١٦) هەمدا دەستەواژەی قەیران لە ئینسوکلۆپیدیای پزیشکیدا بەکارهاتووە. لە چاخی (١٧)ی زانیدا دەستەواژەی قەیران وەك پلەی نائارامی نێوان دەوڵەت و کڵێسا گوزارشتی لێکراوە، هەمان دەستەواژە لە سەدەی (١٨و ١٩) ی زانیدا بەزۆری بەکاردەهێنرا وەك ئاماژەیەك بۆ: بوونی کێشەیەکی ترسناك یان چرکە ساتی وەرچەرخانی یەکلایکەرەوە



Scanned with CamScanner

له بەرەو پێشچوونی پەیوەندی ڕامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتییدا.

لەساڵی (١٩٣٧) دا دائیرەتول مەعاریفی کۆمەڵایەتی قەیرانی پێناسە کردووە کە بریتییە لە: ڕوودانی کەم و کوورتییەکی ترسناك و لە ناکاو لە پەیوەندی نێوان خواست و خستنە ڕووی شمەك و خزمەتگوزاری و سەرمایەدا.

دواتر دەستەواژەی قەیران لە زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتێکاندا بەکاردەهێنرا بەشێوەیەك گوزارشت بوو لە ڕوودانی کۆمەڵێك ڕووداوو بارودۆخی لە ناکاو کە لەتوێی (ناوەخنی)گوزارشتەکەدا هەڕەشەیەکی ئاشکرای تیادا بەدیدەکرێت لە باردۆخی ڕاگەیەندراو و سروشتی شتەکاندا.

قەیران بریتیە لە خاڵی بچووکبونەوەو چرکەساتی یەکلایکەرەوە، کە چارەنووسی گۆڕانکارییەك بەباش یان خراپ دیاری دەکات وەك: ژیان و مردن، شەڕو ئاشتی ... تاد.

ئەلستاربۆخان(ALASTAIR BUCHAN) لە کتابی کارگێڕی قەیراندا بەم شێوەیە پێناسەی قەیران دەکات: بریتییە لە ڕوو بەڕوو بونەوەیەك، یان پەرچەکردارێکی ئاشکرا لە نێوان دوو لایەن یان چەند لایەنێکدا، هەر لایەنێك دەیەوێت ئاراستەی ڕووداوەکان لەبەرژەوندی خۆیدا بگۆڕێت.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیران:**

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیران زۆرن لەوانە: هەژاری و دواکەوتویی، نەفامی و نەبوونی، فریودان و نەخۆشی، (شارەزایەك خوێندەواریەك) ی دیاریکراو و کەمی سەرچاوەکان، دارمانی ژینگەو ڕووداوە سرووشتییەکان، توندڕوەی و تاوانی ڕێکخراو(بەبەرنامەدارێژراو)و بێکاری، هەموو ئەمانە زەمینەیەکی بە پیتن بۆ سەرهەڵدانی قەیران، زۆر جاریش تۆوی ناکۆکی و ناسەقامگیری بارودۆخەکان هۆکارو سەرچاوەی قەیرانە.

هەروەها لێکنەگەیشتن و نەزانین، ڕێزنەگرتن و خراپ هەڵسەنگاندن، گاڵتەپێکردن و پیشاندانی هێزو پێکدادانی بەرژوەندێکان هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانن.

هەموو قەیرانێك شێوازێکی جێبەجێکردنی هەیە کە لەڕێگایەوە دەتوانرێت ڕەگەزە بەهێزەکانی، توندو تۆڵی قەیرانەکە، سەرچاوەی جێبەجێکردن و چۆنێتی مامەڵەکردن بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی قەیرانەکە دیاریبکرێت.

## قۆناغەکانی گەشەکردنی قەیران:

١- قۆناغی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت.

٢- قۆناغی سەرهەڵدان دەرکەوتن.

٣- قۆناغی گەشەکردن و هەڵکشان و بڵاوبوونەوە.

٤- (قۆناغی تەقینەوە ) تەقینەوەی قەیرانەکە.

٥- قۆناغی جێگیربوونی قەیران.

کارگێڕی سەرکەوتووی قەیران پێویستە لەکاتێکی زۆر زوودا دەست بەکاربێت، ئامانجی خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە لە بەرایی ئەرکەکانیدا بێت، بتوانێت سود لەو وانەو ئامۆژگاریە شاراوانە لە قەیران و تەداعیاتەکانی وەربگرێت.

## قۆناغەکانی پێکهاتنی قەیران:

١-کێشە (گرفت، ئاریشە) بریتیەلە: بۆشایەك لە نێوان بەئامانجکراو وقیعدا.

٢- دیاردە، بریتیە لە: دووبارە بوونەوەی کێشەیەك یان کێشەکان.

٣- موسەلەمە بریتیە لە: کێشەیەك تەنها یەك چارەسەری بێت.

٤- معضلة: بریتیە لە کێشەیەك کە چارەسەرێکی ڕێژەی هەبێت.

٥- ڕووداو بەریەککەوتن: ڕوداوێکی کاتییە جێماوەکەی بە خێرایی کۆتایی دێت و هیچ زیانێك لە دوای خۆی جێناهێڵێت، وەك چاکردنەوەی کەمکورپەکی هونەری.

٦- ڕووداو: بریتیە لە ڕووداوێك ڕوودەدات و کۆتایی دێت بەڵام پاش خۆی زیان بەجێدەهێڵێت.

٧- صراع: جیاوازیەکە یان ناکۆکیەکە لە نێوان دوو لایەن یان زیاتردا هۆکاری دروستبونی قەیرانە.

٨- داوا (قضية): ناکۆکیەکە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو و دەگاتە دادگا.

٩- کارەسات، بریتیە لە: هەستێکی تیژی لەناکاو بۆ باردۆخێکی چاوەڕوان نەکراو.

١٠- قەیران، چرکە ساتی یەکلایکەرەوەیە، ساتێکی قورسە پێکهاتەکە (دامەزراوەکە) هەڕەشە لە خۆی دەکات" بەهۆی بوونی قەیران و قەبارەی قەیرانەکەوە".

١١- کارەسات: ڕووداوێکی لەناکاوە زیانێکی زۆری گیانی ومالی لێدەکەوێتەوە، پێویستی بەتوانایەکە لەسەروی پێکهاتەکە (دامەزراوەکە) وە بێت و دواتر پێویستی

بە پشتگیری دەرەکییە.

بیری کارگێڕی نوێ کۆمەڵێك هەنگاوی داناوە دەتوانین لەکاتی ڕوودانی قەیراندا شوێنیان بکەوین "واتە شون هەلگری هەنگاوەکان بین" بەم شێوەیە:

O دروستکردنی تیپی کار بۆ کاتی قەیرانەکان و یارمەتیدانی بە باشترین کادرو ئامرازو پێداویستی.

O پلاندانان بۆ کات لەکاتی قەیرانەکانداو سود وەرگرتن لەهەر خولەکێك بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری قەیرانەکە.

Oبەرزکردنەوی گیانی ناخ (روح معنوی)کرێکاران لەکاتی ڕوودانی قەیراندا، بەشێوەیەك هەستی گیان فیدای و لەخۆبوردن و پەیوەست بوون بەکاریان تیادا دروست بێت.

O داهێنان و نوێگەری لە دۆخە قورسەکاندا، هاندانی گیانی داهێنان لایی کرێکاران بەمەبەستی پێشکەشکردنی پێشنیارو بۆچونی چاوەڕواننەکراو.

O چارەسەری کێشەکان بەدیاریکردنی ئاریشەکان، ڕاوێژکردن، پاشان دەستنیشانکردنی چارەسەرێکی گونجاو لەو چارەسەرانەی لەبەردەستدان.

O گەمارۆدانی ئەو قەیرانانەی کە چاوەڕواندەکرێت لە ئێستاو داهاتوودا ڕووبدەن، کارکردن بۆ توێژینەوەو دانی جێگرەوەی گونجاو بۆیان.

## ڕەهەندو پێکهاتەکانی قەیران:

یەکەم: قەیران بەشێوەیەکی گشتی هەڕەشەیە بۆ سەر دامەزراوەکە:

ئەوەی زانراوە کە پەیپێبردنی خەڵك لە جێبەجێکردنی کارەکانی لایەنێکی دیاریکراودا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە بەسەر داهاتووی ئەو لایەنەوە. قەیران دەبێتە هۆی تێکچونی ئەو زانیارایانە (پەیپێبردنانە).

بۆنموونە: پچڕانی تەزووی کارەبا بەشێوەیەکی بەردەوام و چارەسەرکردنی دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕاستگۆی و متمانەی دامەزراوەکە (بەڕێوبەڕێتی کارەبا) لەو بوارەدا.

دووەم: قەیرانی گەورە دەبێتە هۆی لەقبوونی پەیامی ڕێکخراوەکە:

لێرەدا دەپرسین؟

O مەبەست لە پەیامی دامەزراوەکە چییە ؟



Scanned with CamScanner

- ئەو بوارانە چین کە کاریگەری قەیران لەسەر پەیامی ڕێکخراوەکە دروستیدەکەن؟
- ئەو زیانانە چین کە بەهۆی کاریگەری قەیرانەوە لە دامەزراوەکە دەکەوێت؟
- کاریگەری قەیرانەکە چەندە بەسەر ئەوانەی خزمەتگوزاری پێشکەش بە ڕێکخراوەکە دەکەن؟
- کاریگەری قەیرانەکە چەندە بەسەر (ئەو کەس و لایەنانەوە)کە ڕێکخراوەکە خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکات؟

سێیەم: قەیـ‌ران هۆکاری دروستبوونی کاریگەریە بەسەر ژیانی کەسەکانەوە؟

سروشتیە قەیران ببێتە هۆی ڕوودانی شڵەژان لە ژیانی کەسەکاندا، بەو شێوەیەی ئەوان لە: ناخ و هەست و بەهای تایبەتی و هێزو پێکهاتەی خۆیاندا هەستی پێدەکەن، زۆر لەکەسەکان پاساوی هەڵە دەهێننەوە یان حاشادەکەن لەو تاقیکردنەوە توندەی کە پێکهاتەی ناخیان پێکدەهێنێت و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی مردنیان (مردنێکی دەروونی نەك جەستەی).

بێگومان قەیران لەوانەیە ببێتە هۆی شڵەژانێکی توندی دەروونی کە پێویست بە ئامادەکردنی بەرنامەیەك بکات بۆ پێدانی چارەسەرو ڕێنمایی دەروونی.

ئەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیران:

یەکەم: هۆکارە مرۆییەکان بریتین لە:

١- ڕێزنەگرتن و پێنەزانین.

٢- خۆشەویستی دەسەڵات و ناوەندێتی (مرکزیە) یەکی "توند لەبەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا".

٣- پێکدادانی بەرژەوندی و ئامانجەکان.

دووەم: هۆکارە کارگێڕییەکان، بریتین لە:

١- پلان (سیاسات) ی دارایی وەك: زۆری تێچوون و لاوازی توانای چاودێری.

٢- نەبوونی پلانێکی کارا.

٣- دەرکردنی بڕیار بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.

٤- باسنەکردنی ئەرك و پێداویستێکانی کار بەشێوەیەکی ئاشکرا (باش).

بەهەر حاڵ قەیران بریتیە لە گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر سەرەڕای دڵنیا نەبوون و ناتەواوی لە زانیارییەکانی بەردەست. قەیران کلیلی پێشکەوتن و

گۆڕانكارییە بەرەو باشتر یان فەتان و تیاچوون. ئەوانەی بەرپرسن لەكاری ڕامیاری و كارگێڕی ئەگەر دەیانەوێت چارەنووسیان پارێزراو بێت لە فەوتان و تیاچوون، پێویستە زیاتر لە بەرنامەیەك دابرێژرێن، بۆ ئەوەی لە بارودۆخی لەناكاودا كاری پێبكرێت، بەرنامەیەكی لەم شێوەیە بریتیە لە: تەكنیكێك(وەستاییەك/ شارەزاییەك) كە لەتوانیایدابێت ڕوو بەڕووی دۆخی لەناكاو بێتەوە، بەر لەڕوودانی ئامادەباشی پێشوەختی بۆ بكرێت.

بە واتایەكی وردتر دەتوانرێت (بەرنامەكە) بچوێنرێت بەهەوڵێك بۆ كۆكردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر هۆكارەكانی قەیران و پاشان شیكردنەوەی ئەو زانیاریانە و دەركردنی بڕیاری پێویست لەبارەیانەوە بەشێوەیەكی كاراو خێرا.

شێوازی چارەسەركردنی قەیران و مامەڵەكردن لەگەڵ قەیراندا:

بۆ چارەسەری قەیران دوو جۆر شێواز هەیە، شێوازێكان ناسراو بەكارهێنراوە، بەشێوازی نەریتی (ئاسایی)گوزارشتی لێدەكرێت، شێوازی دووەمی تا ئێستا لە ژێر تاقیكردنەوەدایەو بە شێوازی نائاسایی (غیر تقلیدی) باسدەكرێت.

**یەكەم: شێوازی نەریتی (تقلیدی):**

گرنگترینی ئەم شێوازانە:

١- نكوڵیكردن لە قەیران:

بەشێوەیەك لەڕێگای ڕاگەیاندنەوە قەیرانەكە پەردەپۆش دەكرێت و نكوڵی لە ڕوودانی دەكرێت، هەڵوێستێكی توند بەرامبەری دەگیرێتەبەر بۆ ئەوەی قەیرانەكە دەستی بەسەردا بگیرێت و تێكبشكێنرێت، باردۆخ بەشێوەیەكی باش پیشاندەدرێت (باسدەكرێت)، ئەم شێوازە زیاتر لە سیستەمە دیكتاتۆرێكاندا بەكاردەهێنرێت كە لەقەوارەی كارگێڕیدا دان بەبوونی هیچ كەم و كوڕیەكدا نانرێت.

باشترین نموونە حاشاكردن لە بڵاوبوونەوەی نەخوشی و....

٢- ئاشكرانەكردنی قەیران:

واتە دواخستنی (ئاشكرا نەكردنی) قەیران، جۆرێكی ڕاستەوخۆی مامەڵەكردنە لەگەڵ قەیراندا بەمەبەستی تێكشاندنی قەیرانەكە.

٣- كپكردنەوەی قەیران:

بریتیە لە بەکارهێنانی توندوتیژی بەشێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ لایەنی قەیرانەکەدا بەدەر لە بەرچاوگرتنی بەهاو هەستی مرۆڤایەتی.

٤- بەهەند (بەکەم گرتنی) نەگرتنی قەیران:

کەمکردنەوەی بەهای قەیرانەکەیە لە ڕووی: (کاریگەری و ئەنجامەوە)، لێرەدا دان بە قەیرانەکەدا دەنرێت بەڵام بەڕادەیەك کە قەیرانەکە گرنگ نییە.

٥. دەرفەت (هەناسە) دان بەقەیران:

ئەم شێوازە ناودەبرێت بە هەناسەی گڕکان، بە شێوەیەك بەڕێوەبەر بەنا دەباتە بەر کردنەوەی کەلێنێك تا پەستانی ناو گڕکانە (مەنجەڵە) کە کەمبکاتەوە، تا دۆخی هەڵچوون و توڕەیی نەگاتە پلەی تەقاندنەوە.

٦- بەتاڵکردنەوەی قەیران:

بەرانبەر بەهێزە سەرەکی و لاوەکیەکانی قەیرانەکە لەم شێوازە چەندین ڕێگای جیاوازو جێگرەوە دەگیرێتەبەر، تا ئاراستەی قەیرانەکە بگۆڕێت بە ڕێگای جیاوازو جێگرەوە. تا لەکۆتایدا تواناو مەترسی قەیرانەکە کەمبکاتەوە.

بەتاڵکردنەوەی قەیران بە سێ ڕێگا دەبێت:

أ. قۆناغی پێکدادان: بریتیە لە ڕوو بە ڕووبونەوەی قەیران بە شێوەیەکی توند لەگەڵ ئەوهێزانەی پاڵنەری قەیرانەکەن بەمەبەستی زانینی (بواری/ نێوان) قەیرانەکەو پەیوەستی نێوان ئەو هێزانەی قەیرانەکەیان دروستکردوە.

ب. قۆناغی دانانی جێگرەوە: لێرەدا بەڕێوەبەر کۆمەڵێك ئامانجی جێگرەوە دادەنێت بۆ هەموو ئاراستەیەك کە جێگای پێکدادانە ئەم شێوازە دەچۆێنرێت بە کایەی بلیارد.

ت. قۆناغی دانوستاندن لەگەڵ خاوەن بەشەکان: بریتیە لەقۆناغی، ئیستقتاب (بەجەمسەرکردن) و گونجاندن لەگەڵ خاوەن بەشەکان لە ڕێگای دانوستاندنەوە لە میانەی دیدگایەکی زانستی تەواوە کە لەسەر کۆمەڵێك پرسیار دادەمەزرێت وەك: چیمان لەخاوەن بەشەکەی تر دەوێت؟ دەتوانم چی بکەم تا ئەوەی دمیەوێت پێشکەشی بکەم؟ ئەوفشارانە چین تا وایان لێبکەم دانوستاندن قبوڵ بکەن؟

٧- گۆشەگیرکردنی هێزەکانی قەیران:

بەڕێوەبەری قەیران هەڵدەستێت تێبینیکردن و دیاریکردنی هێزەکانی قەیران و دابڕانیان لەمەساری قەیران و پشتگیریکەرانی ، بەمەبەستی بەرگرتن لە قەیران و بڵاوبوونەوەی، پاشان مامەڵەکردن لەگەڵ قەیراندا بەشێوەیەکی ئاسان و دواتر دەست بەسەراگرتن، یان شیکردنەوە قەیرانەکە.

**دووەم: ڕێگای نائاسایی:**

بریتیە لە شێوازێك لەگەڵ گیانی سەردەم و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا گونجاوە گرنگترینی ئەم شێوازانە بریتین لە:

١- کارکردن بە شێوەی تیپ: یەکێکە لەو شێوازانەی بەزۆری لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەکار دەهێنرێت، بە شێوەیەك لە بوارە جیاوازەکاندا پێویست بە زیاد لە شارەزاو پیسپۆڕێك دەکات تا حسابی هەموو هۆکارێك لە هۆکارەکان دیاریبکرێت و هەڵسوکەوتی پێویست لەگەڵ هەر هۆکارێکدا بکرێت.

ئەم شێوازە بەشێوەیەکی کاتی یان بەردەوام بەکاردەهێنرێت کادری پسپۆر ئامادە دەکرێن بۆ ڕوو بە ڕووبونەوەی قەیران و بارودۆخی لەناکاو.

٢- شێوازی خۆئامادەکردنی پێشوەخت: بەشێوەیەك خاڵی لاوازی قەیران سەرچاوەکانی دیاریدەکرێت، تا ئەگەر قەیران ڕوویدا ئەم شێوازە بەکاربهێنرێت، بەزۆری ئەم شێوازە لە کۆمپانیا پیشەسازێکاندا بەکاردەهێنرێت لە کاتی قەیرانی گوژمەی نەختینەو کەم و کوڕی لە کەرەستەی خاودا.

٣- شێوازی بەشداری دیموکراتیانە: کاریگەرترین شێوازە، کاتێك بەکاردەهێنرێت قەیرانەکە پەیوەست بێت بە کەسەکانەوە یان قەیرانەکەو کاریگەریەکەی کورتبێتەوە، سەر ڕەگەزی مرۆیی، ئەم شێوازە واتە ماوەدان بەقەیران و مەترسێکانی، چۆنێتی هەڵسوکەوت لە نێوان سەرۆك و بەردەستەکانیدا لەگەڵ قەیرانەکەدا بە شێوەیەکی ئاشکراو دیموکراتیانە.

٤- شێوازی دەورەگرتن: واتە دەورەگرتنی قەیرانەکە لە چوارچێوەیەکی تەسك و دیاریکراودا، نموونەی ئەم شێوازە قەیرانە کرێکارێکانە، کە ڕێگەی گفتوگۆو لێکگەیشتن دەگیرێتە بەر لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو جۆرە قەیرانەدا.

٥- شێوازی هەڵکشانی قەیران: ئەم شێوازە کاتێك بەکاردەهێنرێت قەیرانەکە

نیشانەكانی ئاشكرا نەبێت و لە قۆناغی پێكهاتنی قەیرانەكەدا چەند لایەنێك بوونیان هەبێت، لایەنی مامەڵەكار لەگەڵ قەیرانەكەدا، پەنا دەباتە بەرهەڵكشانی قەیرانەكە بەمەبەستی لێكجیاكردنەوەی ئەو لایەنانەو(ئەولایەنانەی بوونیان هەیە لەپێكهاتنی قەیرانەكەدا)كەمكردنەوەی پاڵەپەستۆی قەیرانەكە.

٦- شێوازی بەتاڵكردنەوەی قەیرانەكە لە ناوەڕۆكەكەی: سەركەوتوتریت ڕێگای بەكارهێنراوە، چونكە هەر قەیرانێك پێكهاتەی تایبەت بەخۆی هەیە،لەوانەیە ڕامیاری، ئابووری، كۆمەڵایەتی، ئاینی، ڕۆشنبیری، كارگێری. ئەركی بەڕێوبەر بریتیە لە: بەتاڵكردنەوەی ناوەڕۆك و پێناسی قەیرانەكە تادواتر قەیرانەكەو لایەنەكانی هێزی فشاریان لەدەست دەدەن، شێوازە باوەكانی بریتین لە:

أ. دروستكردنی هاوپەیمانێتیەكی كاتی

ب. داننان بە بەشێكی قەیرانەكەدا وپاشان نكوڵیكردنی.

ت.پیشاندانی (دەرخستنی) فشاری لایەنەكانی قەیرانەكەو پاشان ئاراستەكردنی بە مەبەستی دورخستنەوەی لە (ئامانجە بنەڕەتییەكەی )ئامانجی قەیران و لایەنەكانی قەیرانەكە.

٧- شێوزای بەشبە شكردنی قەیران: ئەم شێوازە گونجاوە ئەگەر قەیرانەكە توندو ترسناك بوو، لەم شێوازەدا پشت دەبەسترێت بە توێژینەوەی هەموو لایەنەكانی قەیرانەكە، بەمەبەستی زانینی هێزی قەیرانەكە، دیاریكردنی چوارچێوەی پێكدادانی بەرەوژەوەندی و سودە چاوەڕوانكراوەكانی لایەنەكانی هاوپەیمانێتیێكەیە، پاشان لێدانی ئەم هاوپەیمانێتییە لەڕێگەی دروستكردنی چەندین سەركردەی دروستكراوەوە، هەروەها ڕاگرتنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنەكانی قەیرانەكەدا و بەدەستهێنانی دەستكەوت لەو نێوەندەدا، بەم شێوەیە قەیرانە گەورەكە دابەشدەبێت بۆ چەندبن قەیرانی بچووك.

٨- ڕووخانی قەیرانەكە بەشێوازێكی خۆبەخۆی و تەقاندنەوەی لە ناوخۆدا: بریتیە لە گرانترین شێوزای مامەڵەكردنی نائاسایی لەگەڵ قەیراندا، ناوزەد دەكرێت بەشێوازی ڕوو بە ڕووبونەوەی توند، یان بەریەككەوتنی ڕاستەوخۆ، بەزۆری ئەم شێوازە كاتێك بەكاردەهێنرێت كە زانیارێكان وەك پێویست لەبەردەستدا نەبن، مەترسی ئەم شێوازە زیاتر لەكاتی نەبوونی جێگرەوەدا (بدیل)دا دەردەكەوێت،

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شێوازەدا بەم جۆرە دەبێت:

أ. لێدانی خاڵە لاوازەکانی قەیرانەکە بەشێوەیەکی توند.

ب. بەجەمسەرکردنی هەندێك ئەولایەنانەی قەیرانەکەدەجولێنن و پاڵنان بەقەیرانەکەوە.

ت. پاکتاوکردنی سەرکردەکانی قەیرانەکە.

ث. دۆزینەوەی ڕابەرانێك کە بتوانرێت زیاتر لەگەڵیاندا لێکگەیشتن دروست بکرێت.

٩- شێوازی دڵنیاکردنەوەی دەروونی: شێوازێکی دەرونییە بۆ داپۆشینی قەیرانەکە بەکاردەهێنرێت،

نموونەی ئەم شێوازە: کەمبوونەوەی خۆراك، لەم بارودۆخەدا خاوەن بڕیارەکان هەوڵی دابینکردن (دڵنیاکردنەوەی بەردەستان دەدەن(ی خۆراك دەدەن بۆ دەست بەسەراگرتنی قەیرانەکە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت.

١٠- گەمارۆدان و گۆڕینی ئاراستەی قەیرانەکە: کاتێك ناتوانرێت بەرزبوونەوەی قەیرانەکە ڕابگیرێت زمانی توندوتیژی لەگەڵدا بەکاردەهێنرێت، لێرەوە دەست دەکرێت بەگۆڕینی ڕێگای (شێوازی) قەیرانەکە، لەڕێگای دانان بە قەیرانەکەو ئەنجامەکانیدا، پاشان دەستگرتن بەسەرا گرتن وچارەسەرکردنی قەیرانەکە،دواتر جیاکردنەوەی ئەنجامەکانی، بەشێوەیەك مەترسیکانی کەمبکاتەوە.

بەڵام ئەگەر قەیرانەکە هۆکاری دەرەکی لەپشتەوەبوو دەتوانرێت بەم شێوازانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت:

أ. بەکارهێنانی شێواز (ڕێگا)ی فشار: گرتنەبەری هەڵوێستی توند بەرانبەر قەیرانەکە و مل کەچنەکردن و بەکارهێنانی هەڕەشەی ڕاستەوخۆ.

ب. هەڵبژاردنی شێوازی گونجاندن: بەشێوەیەك لایەنێك لە لایەنەکانی قەیرانەکە ئارەزوومەند بێت (دەست پێشخەر بێت) لە کەمکردنەوەی قەیرانەکەو چارەسەرێکی دادپەروەرانە لەگەڵ لایەنەکانی قەیرانەکەدا.

ت. پیادەکردنی شێوازی گونجاندن: واتە بەکارهێنانی هەردوو شێوازی پێشوو.

چەمکی کارگێڕی قەیران:

بەڕێوەبردنی قەیران پشت دەبەستێت بەبنەمای زانستی، هونەر، لێهاتویی و

کۆشش، سەرەڕای شارەزایی جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی قەیرانە کە بەشێوەیەکی باش.

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان، ئەمکارانە پێویستیان بە پلاندانان و ڕێکخستنێکی باشە، بۆ چارەسەرکردن و ڕابەرێتی قەیرانەکە تا لە توانادا بێت ڕێنمایی پێویست دەربکات لەگەڵ چاودێری و دواداچون بەمەبەستی جێبەجێکردن و پشت ڕاستکردنەوەی پلانەکە ئەگەر پێویستی کرد.

دەستەواژەی بەڕێوەبردنی قەیران لە بنەڕەتدا لە ناوەخنی کارگێڕی گشتیدا سەریهەڵدا، وەك ئاماژەیەك بۆ ڕۆڵی دەوڵەت لە ڕوو بە ڕوو بونەوەی قەیرانە گشتی و لەناکاوەکاندا.




Description

چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

لەلایەن ئاڤان بەهجەت کراوە بە pdf
بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێره↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

Scanned with CamScanner

ببوورن کە ئاو بۆی گرتووە —

- بەڵام پێم وایە لە نرخی کتێبەکە کەم ناکاتەوە —

Ava



Scanned with CamScanner

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لاوانی زەنور

Komelai Roshinbiri Lewani Zenur




ئەگەر بەچاوی ئاوەز بە ناخی خۆماندا شۆڕببینەوە تێدەگەین گشت تەمەنی هەریەکێکمان بریتیەلە: کۆمەڵێك چرکە/ خولەك.. هەرکات توانیمان ئەو چرکە ساتانە ڕێکبخەین ئەوکات دەتوانین بەرەو پێش بچینو کایەی ڕکابەی ژیان ببەینەوە، بەڵام واقعی ژیانمان تەواو پێچەوانەی ئەومان پێدەڵێت بۆ؟ چونکە خۆمان (کاتمان/ ژیانمان) ڕێکنەخستوە کەواتە چارەسەر چییە؟ زۆر بەسادەیی بریتییە لە ڕێکخستنی ژیانمان، لە کاتێکدا ئەمڕۆ ئێمە لەلایەك تێکەڵ بەبازاڕو ئابووری جیهان دەبین (بەهۆی هەبوونی سەرچاوەکانی وزە لە هەرێمەکەماندا) ئەمکارەش وادەکات زیاتر گرنگی بەکات بدەین و کارەکانمان ڕێکبخەین، بە دیوێکی تردا هەستکردن بەگرنگی کاتو زۆری کاری ڕۆژانە، زۆربوونی ئەرکی حکومەت بەرانبەر بە هاووڵاتیانو... تاد، وایکردوە کات وەك وانەیەك لە کۆلیژو پەیمانگاکاندا بخوێنرێت، لێرەوە ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەبێت ئێمە ئەمڕۆ لەهەر کات زیاتر پێویستمان بە تێگە یشتنێکی دروستە لەکات تا وەك پێویست مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

بەخاتری ئەم هۆکارانە ئێمە وەك کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لاوانی زەنور بە ئەرکی خۆمان زانی نۆبەرەی پەرتووکی چاپکراومان ئەم بەرهەمە بێت، هیوادارین هەموو خوێنەرێك پێداویستی خۆی تیادا بدۆزێتەوەو سوودمەند بێت لە پەرتوکەکە.

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لاوانی زەنور

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٦٣٤)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە

Scanned with CamScanner